

# سزا لە سەر بارزانی نەمر و میدالی بارزانی نەمر

## بۆ یەکەمین جار و بەری ٥٤ ساڵ یەکەم سزا لە ژیانمدا لەسەر خۆشەویستی بارزانی نەمر بوو، لە(گوڵان) باسم کردووە ئەوا پاش پتر لە نیو سەدە خەڵاتی بارزانی کرام

لە وشەی ڕێزلێناندا چەشنەها ئاواز سەر هەڵدەدات و تافە تافی واتا جوانەکانەوە، مرۆڤ هەست بەو قەدر گرانییە دەکات، کە لابەری گشت ماندووبوونەکانی ڕۆژانی تەمەنە، ئەو ساڵەهایەی هونەرمەند قوربانی هونەرەکەی کردووە، بۆیە سەرلەنوێ هەست بە جمانی خوێنی شادەمارەکانی دەکات و، لەگەڵ بڕوا بەخشینێکی پتەو بەخۆی، هەستێکی لێوان لێو بە هەبوونی، کە ئەوە گوڕ و وزەی کارکردنە، ئاهێکی بەختەوەرییەو، هەر چۆن هەستی ئەو ئەڤیندارو سەوداسەرەی، هەڵگەڕان و هەڵکشانی دوند و ترۆپکە هەرە باڵاکان، ئەژنۆی پۆڵایین و گڕی سەرکەوتنی لە سینە دەنێ و سەر دەکەوێ و هەر سەردەکەوێ، کاتێ دەگاتە ئاسمانی باڵای خۆزگەکەی و ئاواتی بەرز هەڵگەڕانەکەی دەستەوملانی ئەو ئۆخەیە دەبێ کە لە خرۆشی گوشادیدا کێش بەلاوە دەنرێ و گیان پەپولەئاسا دەشنێ و، ئارەزوو دەبێتە ئارەزووی ئەو باڵندە بەرزەفڕانەی، هەتا باڵاتر بفڕن فراوانتر دەبینن.

ڕێزلێنان ئەو سوورە گوڵەیە سەرەتای نەوبەهار دەنوێنێ و نوقڵانە هات و فەڕ و سەرلەنوێ نووسینەوە تەمەنە، ئەو سوورەگوڵە، گوڵاڵە ڕەنگە نە دەژاکێ و نە سیس دەبێ و نەگوڵا و بۆی لێ دەبڕێ و سات لە دوای سات، بگرە ساڵ لە دوای ساڵ، هەتا خۆر بە داگیرساوی ڕۆژباش لە گەردوون دەکات، ئەو هەر سەرتۆپی گوڵشەنی ئیرەمە، بەتایبەت ئەو گوڵە ئازیزەی لە بەرۆکی دابێ، هەستم کرد ئەوە تەنها بەسەر سینەی منەوە نییە، لە ئاسۆی گوڵڕەنگم ڕوانی، خودایە سەرانسەری هونەرمەندانی بەرزە تواناو، ئەوانەی شوێن پەنجەی زێڕینیان بە ناوچەوانی بەرزی سەردەمەکانی گەلەکەمەوە، دەدرەوشێتەوە و بریسك و باقیان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە، ئاوی چاوان دەبات و لە هەمان کاتدا چاوانی پێ دەڕێژن و گەلاوێژو سورمە سوما دەبن، هەر بە تەنها ئەحمەد سالارەکەی شانۆڤانەکە نییە، بەڵکو بۆ هەمووانە، هەر چۆن خۆر و باران و هەوای سازگاری کوردستانەکەم بۆ هەمووانە.

دەبێ بڵێم هەندێ سات و ئان لە ژیانی مرۆڤدا هەن وەك نەخشی سەرسنگن سڕاندنەوەیان بە بەرەوە نییە، ئەو ساتانەی مرۆڤ لە هەر پلیکەی تەمەنێکدا بێ، دەیخاتەوە سەر گوڕی گەنجێتی و هەڵچوونی ئارەزووەکانی جەوانی، زەین ڕوون و بیر تیژ، جەستە گورج و گۆڵ و، سەر بێ خەمەو، هەتا چاوان بڕبکات لالەزار و نێرگزەجاڕە و هەڵاڵانی گەشبینیە، عەرد و ئاسمان پێ دەکەنن...

بەو ساتە دەگوترێ، سەرتۆپی تەمەن، ساتی جۆش و خرۆشی و، پەلکە زێڕینە لە گەردن نانە.

هەتا ئەو چرکەیەی بەڕێز بەڕێوەبەری پرۆتۆکۆل پەیوەست بەندی میدالەکەی لەسەر سینەم دانا بۆ سازدانی پیادا هەڵواسین، لەنێوان لێشاوێ سەرپا پرسیاردا، دەرگای زانینی بۆنەکەم بۆ واڵا بوو. هێندەی نەبرد بە دیداری سەرۆکی هێژام، شادبووم، لە روخسار و تێڕوانینیدا پەرۆشی و ڕێز و خۆشەویستیم وەرگرت، لە باری تەندروستی پرسیم و بەروویەکی خۆش و لەبزێکی لە هەنگوین شیرینتر، دڵی خۆش کردم کە سوپاس بۆ پەروەردگار هەر گەنجم، منیش لەوەرامدا گوتم: ئەو دڵەی لێوان لێوی خۆشەویستی بارزانی نەمر و ڕێبازە کوردایەتییەکەی بێ، جێگای پیرێتی تیادا نابێتەوە، پاشان بەڕێزیان سەبارەت بە باری ڕۆشنبیری و چالاکییە هونەرییەکانی ئەم ماوەیەمی لێ پرسیم، منیش هەر چۆن باس، باسی لەیلاکەمبێ، بینم گرت بە باسەکەوە، ئیدی ئەوەی هەیە و نییە، ئەوەی نیازە و ئەوەی ئەنجامامان داوە، ئەمەش لە سای ئەو کەشەی خوڵقاندیان، هەستم کرد، هەتا چ ڕادەیەك بە تەنگ باری ڕۆشنبیرییەوە و، چەندەش خەمخۆرییەتی، جگە لەوەی هەستم بە شکۆمەندی ئەو دەرفەتە زێڕینەی تەمەن دەکرد، وامدەزانی لەگەڵ دەستەیەك لە هونەرمەندان و ڕۆشنبیران، باسمان باسی برەو بایەخدان و هێز بەخشینە بە گیانی ڕۆشنبیریی.

بەڵێ لەو کورتە دیدارەدا، کە بە پێوەری کاتژمێر کورتە، بەڵام بە گەوهەرەکاتدا، ماوەیەکی ئەوتۆیە کە کاتی ئەو کاتەیە، کە پێوەری کات لە پاشکۆ و پەراوێزیەوەیە، ئەوسا میدالی بارزانی نەمر، کە بەرزترین میدالی ڕێزلێنانە، کردی بەسەر سنگمەوە، زانینم چ ئەرك و سپاردەیەکی مەزنم لە ئەستۆ نراوە، بەر لە گشتیان، کۆششم بۆ بەردەوامی و هەوڵم بۆ پتر ئەفراندنبێ و، برەودان بە گیانی شۆڕشگێڕی، ئەو شۆڕشەی، گەر لە گشت شت و شوێنێکا کۆتایی پێ بێ، ئەوا لە هونەردا، لە بری خامۆش بوون، سات لە دوای سات زیاتر تین دەستێنێ، بەتایبەت شانۆ، کە هەتا ناتەواوی هەبێ، ئەو دەکەوێتە هەڵپەی هاوتاکردنەوە و، مادەمەکی پەرەسەندن و گۆڕانیش لەسەر گشت ڕکێڤەکانی ژیان، پەیوەست بە ئاواتەکانی مرۆڤە، ئەویش چوون و خۆزگە و ئاوات هەرگیز خامۆش نابێ و دانامرکێتەوە، کەواتە ڕێزلێنان، ئەرکی پەیامە پیرۆزەکەی شانۆی پێ پیرۆزتر و مەزنترکردم.. سوپاس بۆ ئەو چەپکە هەست و ئەو دەسکە ئەرکەی، هەبوونم و شۆڕشی پێکەوە دەستەملان کردم. سوپاسی هەڤاڵی هێژا و سەرۆکەکەم. لەدوایین ڕستەشدا دەبێ ئەوە بڵێم بۆ یەکەمین جار و بەری ٥٤ ساڵ یەکەم سزا لە ژیانمدا لەسەر خۆشەویستی بارزانی نەمر بوو، لە(گوڵان) باسم کردووە، ئەوا پاش پتر لە نیو سەدە خەڵاتی بارزانی کرام.

ئەحمەد سالار

هەولێری پایتەختی کوردستان

٢٠١٢/٨/٢٧

# بزووتنەوەی گۆڕان و دەوڵەتی یاسا داوادەکەن پێکهاتەی کۆمسیۆنی باڵا لە ٩ ئەندامەوە بکرێتە ١٥

# ئایا پێکهاتەی کۆمسیۆنی باڵا بەچ شێوەیەک لەبەرژەوەندی کوردستاندا دەبێت؟

چەند رۆژێکە بزوتنەوەی گۆڕان بە بیانوویەکی دیکە هەڵمەتێکی راگەیاندنی توندی دژ بە پارتی و پەرلەمانتارانی پارتی لە پەرلەمانی عێراق دەستپێکردووە، ئەمەش بە بیانووی ئەوەی گوایە پێکهاتەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن لە ٩ ئەندامەوە زیاد دەکرێت بۆ ١٥ ئەندام و لەزیادکردنی ئەم ٦ ئەندامەشدا یەکێکیان بەر بزوتنەوەی گۆڕان دەکەوێت، ئەم مەسەلەیە کە لەکاتی نووسینی ئەم راپۆرتە هێشتا نەخراوەتە دەنگدانەوە و بەڕێز عارف تەیفوریش جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق کە لەم ژمارەیەی گوڵان دیمانەی لەگەڵ سازدراوە، سەبارەت بەم بیانووەی گۆڕان ئاماژە بەوە دەکات، راستە ئێمە ئەوەمان نەشاردۆتەوە کە لەگەڵ ئەوەین کۆمسیۆن ٩ ئەندام بێت لە ١٥ ئەندام باشترە، لەبەر ئەوەی ئەگەر لە کۆی ٩ ئەندام دووانیان کورد بن، باشترە لەوەی لە کۆی ١٥ ئەندام سیانیان کوردبن، ئەم زیادبوونە ئەگەر بکرێت، ژمارەی ئەندامانی سەر بە مالیکی و لیستی دەوڵەتی یاسا دەبێتە نزیکەی نیوە و لەم حاڵەتەشدا، مالیکی چۆن دامەزراوەکانی دیکەی دەوڵەتی کۆنترۆڵ کردووە، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانیش کۆنترۆڵ دەکات و دەیکاتە هۆکارێك بۆ ئەوەی بەڕێگەی ساختەکردن لە سندوقی دەنگداندا زیاتر لە پۆستەکەی بمێنێتەوە، لەلایەکی دیکەش جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هێشتا پەرلەمانتارانی پارتی هەڵوێستی خۆیان بە تەواوەتی دیاری نەکردووە و بۆ ئەمەش رایانگەیاندووە کە لەکاتی دەنگدان لەسەر پرۆسەکە هەڵوێستی خۆمان دیاری دەکەین، هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەوان وەك پەرلەمانتارانی پارتی خۆیان بڕیار دەدەن و ناکەونە ژێر فشاری هیچ لایەنێکەوە.

هەر لەچواچێوەی ئەو هەڵمەتی راگەیاندنەی گۆڕان دژی پارتی دەستی پێکردووە، دەیەوێت رای گشتی کوردستان بەوە چەواشە بکات، بێجگە لە پارتی هەموو لەگەڵ ئەوەن کە پێکهاتەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن زیاد بکرێت، ئەم قسەیەی بزوتنەوەی گۆڕان خۆی لەخۆیدا دژی ئەو هات و هاوارە دەوەستێتەوە کە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی حزبی گۆڕان پیادەی کردووە، لەبەر ئەوەی ئەگەر قسەکانی بزوتنەوەی گۆڕان راستبن و تەنها پارتی دژی زیادکردنەکە بێت، پرسیار ئەوەیە بۆچی پارتی چەند کورسی لە پەرلەمانی عێراقدا هەیە تا بتوانێت ڕێگە لە پرۆسەیەك بگرێت کە بڕیارە بە دەنگدان لەناو ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا بڕیاری لەسەر بدرێت؟ بێگومان هەموو کەس دەزانێت پارتی لە کۆی ٣٢٥ کورسی لە پەرلەمانی عێراقدا تەنها ٣٠ کورسی هەیە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە تەواوی پێکهاتە سیاسییەکانی عیراق بەو زیادکردنە رازی بن، مانای ئەوەی ٢٩٥ دەنگ پشتگیری دەکات، خۆ ئەگەر هەڵمەتە بێ ویژدانیەکەی گۆڕان دژی پارتی راست بێت، پرسیار ئەوەیە بۆچی لەسەر دەنگی پارتی پەکیان کەوتووە؟ لەلایەکی دیکە ئەگەر بە وردی سەیری هەڵمەتی راگەیاندنە چەواشەکارییەکەی بزوتنەوەی گۆڕان بکەین، شتێکمان بۆ دەردەکەوێت، کە بەتەواوەتی پێچەوانەکەی راستە، ئەویش ئەوەیە بزوتنەوەی گۆڕان کە خۆی تەنها ٨ کورسی لەپەرلەمانی عیراق هەیە و بەتەنهایە لە هەڵوێستەکەیدا لەگەڵ دەوڵەتی یاسا و مالیکی، لەهەوڵی ئەوەدایە کە لیستی کوردستانی بەگشتی و پارتی بخاتە ژێر گوشارەوە بۆ ئەوەی ناچار بێت دەنگ بۆ بەرژەوەندی مالیکی و گۆڕان بدرێت، ئەمە بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە کە بێجگە لە بزوتنەوەی گۆڕان و چەند لایەنێکی بچووکی دیکە هیچ پێکهاتەیەکی سەرەکی لەگەڵ ئەوەدا نییە پێکهاتەی کۆمسیۆنی باڵا لەبەر خاتری دەوڵەتی یاسا و بۆ بەرژەوەندی بوون بە دیکتاتۆری مالیکی بگۆڕێت، بۆ زیاتر روونکردنەوە و قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە، هەردوو بەڕێزان عارف تەیفور جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عیراق و پەرلەمانتار فەرهاد ئەتروشی پەرلەمانتاری لیستی کوردستانی لە دوو دیمانەی تایبەتدا ئەم پرسەیان روونکردۆتەوە کە ئەمە دەقی ئاخاوتنەکانیانە.

**عارف تەیفور**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بۆ (گوڵان):**

# هاو هەڵوێستی بزووتنەوەی گۆڕان لەگەڵ مالیکی و دەوڵەتی یاسا جگە لەزیان هیچ سوودێکی بۆ کورد نییە

**دەوڵەتی یاسا وەکو مەبدەئێکی ستراتیژیی ئامادە نییە وا بەئاسانی دان بەمافەکانی گەلی کورد بنێت**



سەبارەت بەو هەڵمەتی راگەیاندنەی بزووتنەوەی گۆڕان لەدژی پەرلەمانتارانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرپای کردووە بەوەی گوایە پەرلەمانتارانی پارتی دژی ئەوەن کە نوێنەرێکی کورد بۆ کۆمسیۆنی بالای هەڵبژاردنەکان زیاد بکرێت، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی بەڕێز عارف تەیفور جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عیراق کرد و بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

*** یەك دوو ڕۆژێكە بزوتنەوەی گۆڕان باسی ئەوە دەكەن كە پارتی دیموكراتی كوردستان دژی ئەوەیە نوێنەرێكی كورد لە كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكان زیاد بكرێت، ئایا بەراستی پارتی دژی ئەوەیە كە نوینەرێكی دیكەی كورد بۆ كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكان زیاد بكرێت؟**

- ئەو بارودۆخەی ئەمڕۆ نوێنەرانی گۆڕان لەپەرلەمانی عێراقدا سەبارەت بە كۆمسیۆنی هەڵبژاردنی عێراقی وروژاندویانەو لەراگەیاندنەكانی گۆڕان و ئەوانەی پەیوەندیدارن پێیانەوە بڵاوی دەكەنەوە گوایە پارتی دیموكراتی كوردستان رازی نییە لەوەی كۆمسیۆنی هەڵبژاردنی عێراقی لە٩ كەسەوە بكرێتە ١٥كەس، ئەمە بەڕاستی چەواشەكارییەكی زۆر گەورەیە كە بزوتنەوەی گۆڕان و نوێنەرەكانی لێرە دەیكەن، چونكە تا ئێستا بەهیچ شێوەیەك وەكو پارتی نەمان وتووە ژمارەی كۆمسیۆنی هەڵبژاردنی عێراق ٩ یا ١٥بێت، بەڵكو چاوەڕوانی ئەوە دەكەین دەرئەنجامی ئەو مەسەلەیە لە ناو پەرلەماندا بۆ دەنگدان بخرێتەڕوو، ئەوكات بڕیارو ڕای خۆمان دەدەین، بەڵام هەرگیز ئامادە نین كەس بتوانێت رای خۆیانمان بەسەردا فەرز بكات، ئێمە وەكو پارتی هێڵێكی جێگیر و ڕێبازێكی تایبەتی خۆمان هەیە لەسەری كارەكانمان دەكەین، لەگەڵ ئەمەش دا ئێمە ئەو راستیە ناشارینەوە كە ٩ كەس بۆ كۆمسیۆنی هەڵبژاردنی عێراقی بەباشتر دەزانین كە كارەكانیان رێكوپێكترو پوختر دەبێت، ئەمڕۆ ئەو موحاسەسەیەی لەعێراقدا هەیە بۆ بەڕێوەبردنی ئیشوكارەكان كوشندەیە بەپێچەوانەوە لە١٥ كەسی دا موحاسەسە زیاتر دەبێت، چونكە ئێستا چەند كەسێك لەو ٩ كەسەی كۆمسیۆنی هەڵبژاردنی عێراقی بوونیان نییە ئەگەر بێتوو بكرێتە ١٥ كەس ئەو كات ئەو ژمارە كەسەش دێتە سەری و دەبێتە ڕێگاگرتن لەبڕیار وەرگرتن و ئاستەنگ لەبەردەم كارو ئیشەكان دروست دەبێت، یەكێك لەوانەی ئەگەر ببێتە ١٥ ئەندام، دانانی نوێنەرێكی گۆڕانە كە دەڵێن قەناعەتمان بە لایەنەكانی ئۆپۆزسیۆن كردووە كە ئەوان رازی بن لەسەر ئەوەی ئەو كەسەی لە بزووتنەوەی گۆڕان دابنرێت، ئەوان بەقسەی خۆیان دەڵێن :( ئەگەر بەو شێوەیە بوو كە دەیانەوێت ئەو كات كۆمسیۆنێكی سەربەخۆ دەبێت و دوور دەبێت لە ئیشوكاری حزبایەتی بەپێچەوانەشەوە ئەگەر ئێمە نەهاتینە ناو كۆمسیۆنەكە ئەوە حزبیەو ناسەربەخۆیە.) . ئێمە وەكو پارتی دیموكراتی كوردستان رای خۆمان جێگیرەو بەروونی دەیڵێین گەرچی راوبۆچوونی ئێمە زیاتر لەكاتی دەنگدانەكەدا دەردەكەوێت بەڵام من وەكو بیروبۆچوونی شەخسیم ٩ كەس زۆر بەباشتر دەزانم لەوەی بیكەینە ١٥، چونكە دانانی ١٥ كەس دەبێتە گێرەشێواندن و نانەوەی گرفت و دانانی ئاستەنگ بۆ ئەو كۆمسیۆنەی داهاتوو، هەربۆیە گۆڕان كە ئەمڕۆ كەوتۆتە هەڵمەتێكی راگەیاندنی پروپاگەندەیی زۆر بێتام، بەوەی ئەوان نوێنەرایەتی كورد دەكەن ئەگەر ئەوان نەیەنە كۆمسیۆنەكە كورد بێبەش دەبێت و دوور دەكەوێتەوە لەكۆمسیۆن، ئێمە لەم مەسەلەیە وردەكاریەكی حسابیمان كردووە ئەگەر لە ٩ كەس ٢ كەس كورد بێت ئەوا رێژەی كورد ٢٣٪ دەبێت، بەپێچەوانەوە ئەگەر ببێتە ١٥ و ٣ كەس كورد بێت لەو حاڵەتەدا رێژەی كورد دێتە خوارەوە بۆ ٢٠٪، كەواتە لە٩ كەسەكە رێژەی كورد زیاتر دەبێت بەراورد بە ١٥ كەسەكە، هەربۆیە رێژەی ٢ لە ٩ دا زۆر زیاتر لەبەرژەوەندی كوردە و بۆیە بەباشتری دەزانین كە ئەوە بمێنێتەوە .

*** بەڵام بزوتنەوەی گۆڕان باس لەوە دەكات لەو ٦ ئەندامەی زیاد دەكرێت یەكێكیان بەر گۆڕان دەكەوێت و ئێوەش دژی ئەوەن كە ئەندامێك بدرێتە گۆڕان، ئایا ئەمە تاچەند راستە؟**

- سەبارەت بەبیانووی بزووتنەوەی گۆڕان بەوەی لەو سێ ئەندامەی كە مالیكی دایاندەنێت ئەندامێكیش بەر ئەوان دەكەوێت، ئەمە لەكاتێكدا ژمارەی ئەندامانی دەوڵەتی یاسا چەند زیاد بێت بەو ئەندازەیەش مەترسی خۆسەپاندن و تاكڕەوی و دیكتاتۆریەتی ئەو كوتلەیە زیاتر دەبێت، لەكاتێكدا گۆڕان دەتوانێت گفتوگۆ لەگەڵ هێزو لایەنە كوردستانیەكان بكەن تا لەو بەشەی ٩ ئەندامەی بەر كورد دەكەوێت بەشیان هەبێت، بەڵام بەداخەوە بزوتنەوەی گۆڕان لەبری ئەوەی لەگەڵ لایەنە كوردستانیەكان وتوویژ بكات، خۆشیان ئەو راستیە دەزانن ئەگەر بكرێتە ١٥ هەژموونی مالیكی و دەوڵەتی یاسا بەسەر كۆمسیۆنەكەدا زاڵ دەبێت، بەڵام وێڕای ئەمانەش بەبەردەوامی

> **ئێستا پێویستمان بە یەكریزییە بۆ ئەوەی هەموو پێكەوە ئەو مافانە بچەسپێنین كە بەدەستمان هێناون و ئەمڕۆ مالیكی و حزبەكەی خۆیانی لێدەدزنەوەو پاشگەزبوونەتەوە لێی**

> **ئەگەر كۆمسیۆنی هەڵبژاردنی عێراقی لە ٩ كەس ٢ كەس كورد بوو ئەوا رێژەی كورد ٢٣٪ دەبێت، بەپێچەوانەوە ئەگەر ببێتە ١٥ و ٣ كەس كورد بێت لەو حاڵەتەدا رێژەی كورد دێتە خوارەوە بۆ ٢٠٪ ئەمەش بەپێچەوانەی پروپاگەندەو هەڵمەتەكانی راگەیاندنی گۆڕانە**

> **میللەتەكەمان ئەوەندە شارەزایە كە ئاگای لە دڵسۆزی و خەبات و تێكۆشانی پارتی یە و ئەوەندە ئاگای لێ یە كە بزانێت كەسێك نییە بتوانێت موزایەدە بەسەر دڵسۆزی پارتی بكات لەدڵسۆزیدا بۆ ئەم میللەتە**



لەگەڵ کوتلەی دەوڵەتی یاسا سەرقاڵی گفتوگۆو وتووێژن تاوەکو بەو شێوەیە ژمارەی کۆمسیۆن زیاد بکەن بۆ ئەوەی هێزی مالیکی لەناو کۆمسیۆنەکە زیاد بێت و بەتەواوەتی بتوانێت کۆنترۆڵی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن بکات و لە هەڵبژاردنی داهاتوو کۆمسیۆن لەژێر چاودێری و دەسەڵاتی خۆیاندا بێت و کەس نەتوانێت دەنگی هەبێت و جووڵەی تێدا بکات، هەربۆیە برادەرانی گۆڕان بەبەردەوام لەگەڵیاندان لەگفتوگۆکردن و قسەکردندا، ئێمە پێمان وتوون دەتوانین لەدوای ئەوەی کۆمسیۆن دروست دەبێت، پۆستی بەڕێوەبەری گشتی لەناو کۆمسیۆنەکە هەیە، دەتوانین لەو پۆستانە بدەینە بزوتنەوەی گۆڕان یا یەکگرتووی ئیسلامی و ئەو لایەنانەی تر کە هەیە پۆست و کاریان بدەینێ بۆ ئەوەی لەهەمان کاتدا بەشدار بن لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن دوور نەکەونەوە، بەڵام ئەوان بۆخۆیان بەدوای تەیاری دەوڵەتی یاسا کەوتوون و لەگەڵ ئەواندا ڕۆشتوون .

*** باشە کە باردۆخەکە بەو شێوەیە، بۆچی بزوتنەوەی گۆڕان موزایەدە لەسەر پارتی دەکات، لە کاتێکدا خۆشیان دەزانن ئەم موزایەدە کردنە سەرەنجام به زیان بۆ بەرژەوەندی کورد دەشکێتەوە؟**

-کەس ناتوانێت موزایەدە بەسەر دڵسۆزی پارتی بۆ گەلی کورد بکات، هیچ کەسێك بەرگریکارێکی وا دڵسۆزی نییە بەقەد ئەوەی پارتی هەیەتی بۆ گەلی کورد لەبەغداو بگرە لەهەرشوێنێکی تر، لەبەر ئەوە ئەوان کاتێك هەوڵی چەواشەکردنی ئەم مەسەلەیە دەدەن، میللەتەکەمان ئەوەندە شارەزایە کە ئاگای لە دڵسۆزی و خەبات و تێکۆشانی پارتی یە و ئەوەندە ئاگای لێ یە کە بزانێت کەسێك نییە بتوانێت موزایەدە بەسەر دڵسۆزی پارتی بکات لەدڵسۆزیدا بۆ ئەم میللەتە. بۆیە من بەباشی دەزانم گۆڕان لەو بیروبۆچوونەی خۆیان بگۆڕێن و بگەڕێنەوە و دوور بکەونەوە لەو چەواشەکارییە، بێن لەگەڵ ئێمەدا بەهاوکاری هەموو لایەك لەگەڵ پارتی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لایەنەکانی تری ئیسلامی کە لەپەرلەمانی کوردستانن و حزبە سیاسیەکانی تر کە لە هاوپەیمانی کوردستانیدان پێکەوە هەموومان تێبکۆشین بۆ چەسپاندنی ئەو مافانەی گەلی کورد کە لەبەغدا بەدەستمان هێناون، کە ئەمڕۆ مالیکی و دارودەستەکەی و حزبەکەی خۆیان لێدەدزنەوەو پاشگەزبوونەتەوە لێی. هەر بۆیە ئەگەر لەروانگەی بەرژەوەندی گشتی کوردەوە سەیری مەسەلەکە بکەین، ئەوا راشکاوانە دیارە کە هاو هەڵوێستی بزووتنەوەی گۆڕان لەگەڵ مالیکی و دەوڵەتی یاسا جگە لەزیان هیچ سودێکی بۆ کورد نییە، چونکە دەوڵەتی یاسا وەکو مەبدەئێکی ستراتیژیی ئامادە نین وا بەئاسانی دان بەمافەکانی گەلی کورد بنێن، تەنیا مەگەر کورد بەیەکپارچەیی بچێتە پێشەوەو رووبەروویان بێتەوە و ئیرادەی خۆی بەسەر دەوڵەتی یاساو دەوڵەتی عێراقدا بسەپێنن.

**ژمارەی ئەندامانی دەوڵەتی یاسا لەکۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان چەند زیاد بێت بەو ئەندازەیەش مەترسی خۆسەپاندن و تاکڕەوی و دیکتاتۆریەتی ئەو کوتلەیە زیاتر دەبێت**



فەرهاد ئەتروشی ئەندامی پەرلەمانی عیراق بۆ(گوڵان):

# هێشتا پرۆژەی یاسا کۆنەکە لەپەرلەمان هەموار نەکراوە گۆڕان هەڵمەتی دژی پارتی دەست پێکردووە

یەکهەڵوێستی لەسەر بەرژەوەندی گشتی خەڵکی کوردستان، خاڵی سەرەکی و یەکلایکەرەوەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، ناکرێت ئەو کێشانەی پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە لەگەڵ کێشەکانی بەغدا تێکەڵ بکرێت، ئەوەی لە یەك دوو ڕۆژی رابردوو لە هەڵمەتی راگەیاندنەکەی گۆڕان دژی پارتی دەخوێنرێتەوە، هەست دەکرێت لە پێناوی بەرژەوەندی حزبی زۆر شت تێکەڵکراوەو هەوڵدراوە کە راستیەکان ئاوەژوو بکرێتەوە، بەتایبەتی لەسەر پرسی زیادکردنی ئەندامانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە، ئەم ئاخاوتنەمان لەگەڵ بەڕێز فەرهاد ئەتروشی ئەندامی پەرلەمانی عیراق سازکردووە کە ئەمە دەقەکەیەتی.

**• بزوتنەوەی گـــۆڕان هەڵمەتێکی دژی ئێوەی پەرلەمانتار لە بەغدا دەستپێکردووە، بەوەی گوایە ئێوە دژی ئەوەن کە نوێنەرێکی کورد لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن زیاد بکرێت، ئایا دەکرێت لەسەر ئەو مەسەلەیە وەڵامman بدەیتەوە؟**

- سەبارەت بەو هەڵمەتەی لەسەر ئەم پرسە بزوتنەوەی گۆڕان دەستی پێکردووە، دەمەوێت لەسەرەتاوە ئەوە بەخەڵکی کوردستان بڵێم، مەسەلەی گۆڕینی پێکهاتەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن بەوجۆرە نییە، یەکەم ئەم پرسە هەتا ئێستا پرۆژە یاسایەو ئەم پرۆژە یاسایەش، هێشتا لەناو پەرلەماندا بڕیاری لەســـەر نەدراوەو ناتوانرێت بڕیاریش لەسەر ئەم پرۆژە یاســـایە بدرێت تاوەکو یاساکە هەمـــوار نەکرێـــت، چونکە دەبێت یاســـا کۆنەکە هەموار بکرێت بۆ ئەوەی ژمارەکە لـــە( ٩ ئەندامەوە)ەوە ببێت بە ١٥ ئەندام و

**ئەو قسانەی لەبەغدا حزبی دەعوە دەیکەن زیاتر کەسەکانی گۆڕان لەسەر پارتی دەیکەن بەتایبەتی لە بابەتی نەوت و غاز و پێشمەرگەو ئەو خاڵانەی تر کە کێشەی لەسەرە لەنێوان هەرێم و بەغدا**

لەمبارەشەوە بڕیار نەدراوە، بەڵام پێشوەختە گۆڕان دەستیان بە پڕوپاگەندەو هەڵمەتی ڕاگەیاندن کردووە و مەبەستیشـــیان ئەوەیە گوشار لەسەر پارتی و هەموو لایەنەکانی تری کوردســـتانی دروست بکەن بۆ ئەوەی کەســـێکی گـــۆڕان لەناو کۆمیســـیۆنی باڵای هەڵبژاردن ببێتـــە ئەندام، دووەم کە ئەوان باســـی بەرژەوەندی کـــورد دەکەن با بـــە لۆژیك و بابەتیانە قســـە بکەن، لەبەر ئەوەی ئەگەر پێکهاتەی کۆمسیۆنی باڵا نۆ ئەندام بێت، ئەوە وەك ئێســـتا ئێمە وەکو کورد دوو ئەنداممان دەبێت، دەکاتە ڕێژەی لـــە٢٣٪، بەڵام لەکاتێکـــدا ژمارەکە ببێتە ١٥ ئەندام، ئێمە وەکو کورد یەك کەســـمان بـــۆ زیاد دەبێت دەبینە ٣ئەندام و ڕێژەکەی کوردیش لەو کاتەدا کەم دەبێتەوە بۆ ٢٠٪، بۆیە لێرەدا دەپرســـین ئایا ٢٣٪ زیاترە یا ٢٠٪ ؟ ئایـــا لە ئێمە تێکچـــووە یا لەوان تێکچووە؟ لەلایەکی تـــر ئەگەر بابەتەکە کوردایەتیە ئەوە ئێمە دەڵێین ٢٣٪ ە زیاترە و بۆ کوردیش باشـــترە و ئەگەر بابەتەکە حزبایەتیە و دەیانەوێت کەســـێکی گۆڕان لەناو کۆمیســـیۆن بێت بـــا ئەوە بۆ خەڵك ئاشـــکرابێت کە مەبەســـتیان بەرژەوەندی کـــورد و کوردســـتان نییـــە و دەیانەوێت کەســـێکی گـــۆڕان لەناو کۆمیســـیۆنی هەڵبژاردندا هەبێـــت، خاڵێکی تر کە ئێمە واقیعیانە ســـەیری دەکەین، ئەویش ئەوەیە ئەگەر ژمارەکە لـــە ٩ ەوە زیادبکرێت بۆ ١٥، ئـــەوا ٤ ئەندامی دیکە بۆ لیســـتی دەوڵەتی یاســـا (واتە حزبی دەعوا) زیاد دەبێـــت، دووەکەی دیکـــەش یەکێکیان بۆ حزبـــی فەزیلـــە و ئەوی دیکەشـــیان بۆ گـــۆڕان دەبێت، بۆیە لـــەم ڕوانگەیەوە و لەدوای زیادکردنی ئەندامەکان، لایەنگرانی مالیکـــی و دەوڵەتی یاســـا ٦-٧ ئەندام دەبەن، ئەگەر ئەم ژمارەیەشیان هەبوو ئەوا مالیکی بە ئاســـانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانیش کۆنتـــرۆڵ دەکات، کە ئەمەش ڕوویدا ئەوا ئایندەی هەڵبژاردن لە عیراقدا دەکەوێتە مەترسیەوە و هەڵبژاردنی ڕاستەقینە بوونی نامێنێت، بۆیە ڕاشکاوانە دەڵێم ئێســـتا بزوتنەوەی گۆڕان هیچ کام لەو مەســـەلانەی لا گرنگ نییە، تەنها ئەوە نەبێت ئەندامێکی کۆمسیۆنی باڵای بەربکەوێـــت، لە پێناوی ئەمەشـــدا ئێمە ڕۆژانە دەبینین کە لێکنزیکبوونەوەی نێوان گـــۆڕان و حزبی دەعـــوە چۆنە، لەمەش زیاتر گـــۆڕان بەردەوام لە کوردســـتان و بەغـــدا دژایەتیمـــان دەکات و ئێســـتاش دەیەوێت بـــۆ بەرژەوەنـــدی حزبی خۆی ئێمە پشـــتگیری بکەین، بەراســـتی ئێمە ئەمـــە بە واقیعی نازانیـــن، لەبەر ئەوەی ئەم مەســـەلەیە پەیوەنـــدی بەبەرژەوەندی کوردەوە نییە و تەنهـــا بەرژەوەندی حزبی لایەنێکە، لەهەمووشـــی گرنگتر ئەوەیە، با بۆ خەڵکیش ئاشکرابێت، بۆ زیادبوونی ژمارەی ئەندامانی کۆمیسیۆن تەنیا پارتی دژی نییە، بەڵکو لیستی ئەلعراقیەو لیستی ســـەدرو ئەنجومەنی باڵای ئیســـلامی و ...تاد دژی زیادبوونی ژمارەی ئەندامانی کۆمیســـیۆنی هەڵبژاردنن. هەروەها ئێمە هیچ کێشـــەیەکمان لەگەڵ گۆڕان و هیچ لایەنێکی تری کورد و کوردستان نییە.

*** تۆ ئاماژەت بەوەکرد، ئەم زیادبوونە تەنها لەبەرژەوەندی گۆڕان و مالکیە، پرســـیار ئەوەیـــە ئایا بۆچی لەنـــاو هەموو لایەنە سیاســـیەکانی عیراق تەنیا گۆڕان لەگەڵ مالیکی و دەوڵەتی یاسا یەکیگرتۆتەوە؟**

- ئـــەوەی من دەیزانم یەکەم: گوشـــاری دەوڵەتێکی دراوســـێیە لەســـەر گۆڕان و وایکـــردووە بەهەر شـــێوەیەك بێـــت دەبێت یارمەتی مالیکی بدەن.

دووەم: خاڵی هاوبەشـــی نێوان مالیکی و دەوڵەتی یاســـاو گـــۆڕان دژایەتی پارتی دیموکراتی کوردســـتان و جەنابی سەرۆك بارزانی یـــە و لاوازکردنـــی پارتی یە لە کوردستاندا، هەر بۆیە گۆڕان بە جەماعەتی بەغدا دەڵێن ئەگەر دەتانەوێت پارتی لاواز

**ئێمە لەگەڵ ئەوە نین کێشە لەگەڵ گۆڕان دروست بکەین بەڵکو لەگەڵ ئەوەین هەڵوێستی کوردی لەم قۆناغە هەستیارەدا یەکهەڵوێست بێت بەڵام جێگای داخە برادەرانی گۆڕان بۆچوونیان جیاوازە**

بێـــت ئەوە یارمەتیمان بدەن با کەســـێکمان لەناو کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن هەبێت تاوەکو لە هەڵبژاردنەکانـــدا پارتی لاواز بکەین و نەهێڵین تەزویر بکات، لەبەر ئەوەی گۆڕان وا دەڵێـــت کە گوایە ئێمـــە وەکو پارتی لە هەڵبژاردنەکان بـــە تەزویر دەنگمان هێناوە و دەسەڵاتمان وەرگرتووە، هەروەها ئێستاکە گۆڕان لەگەڵ حزبی دەعوەو دەوڵەتی یاسا پەیوەندییان باشە ئەو قسانەی لەبەغدا حزبی دەعـــوە دەیکەن زیاتر کەســـەکانی گۆڕان لەسەر پارتی دەیکەن بەتایبەتی لە بابەتی نەوت و غاز و پێشـــمەرگەو ئەو خاڵانەی تر کە کێشـــەی لەســـەرە لەنێوان هەرێم و بەغدا، هەروەهـــا گۆڕان بۆیان دەرکەوتووە ئەگەر بیانەوێت شتێك لە کوردستان بکەن

ئەوە دەبێت دژایەتی پارتی بکەن و ناتوانن دژایەتی پارتی بکـــەن تەنیا بەو ڕێگایە دەبێت کە هاوپەیمانی لەگەڵ حزبی دەعوە و مالیکی بکـــەن ئـــەوەش بیرکردنەوەی سەرەکی گۆڕانە.

*** ئەگەر کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن لەلایەن دەوڵەتـــی یاســـاوە کۆنتـــڕۆڵ بکرێت چ مەترسیەك دروست دەبێت؟**

- لەراســـتیدا ئێستا مالیکی زۆر باوەڕی بەدیموکراســـی نەمـــاوە، ئەم قســـەیەش بەنەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمەریکا وتراوە، تەنیا دەیەوێت هەڵبژاردن بکرێت بۆ ئەوەی شـــەرعیەتی نێودەوڵەتی بـــۆ لای خۆی پەیدا بکات، واتـــا دەیەوێت بەکۆمەڵگای نێودەوڵەتی رابگەیەنێت کە هەڵبژاردن دەکەم و کۆمسیۆنێکی سەربەخۆی هەڵبژاردن هەیەو ئەوا دەڵێن دەرئەنجامەکان تەواون، واتا وەکو شەرعیەتێکی ساختە دروست دەکات تاوەکو



مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵـــگای نێودەوڵەتی بکات و پێیان دەڵێـــت دیموکراتیەتم هەیە، سەرجەم بەڕێوەبەرو بەڕێوەبەرە گشتیەکانی کۆمســـیۆنی هەڵبژاردنەکان هەرهەمووی لەلایەن خۆیەوە کۆنترۆڵ کراوەو دامەزراندن و دانانی بەڕێوەبەرو بەڕێوەبەرانی گشـــتی لەژێـــر دەســـەڵاتی مالیکـــی دایـــە بۆ ئەوەی لەهەڵبژاردنـــی داهاتوو کۆنترۆڵی کۆمســـیۆنەکە بکات و زامنی دەرچوونی خۆی بکات و لـــە بەرژەوەندی مالیکی و حزبی دەعوەدا بێت تا بۆ خولەکانی سێیەم و چوارەمیش هەر خۆی لەدەسەڵات بمێنێت، ئەم راستیەشـــی بەئاشـــکرا وتووە کە گەر بێتوو گەل دەنگ بەمـــن بدات دەتوانم بۆ خولەکانی دواتریش بمێنمەوە لەدەسەڵات .

*** ئایا لــــەم بارەدۆخە گۆڕان چ قازانجێك دەکات، بەتایبەتـــی کە ئەو مەســـەلەکان بەجۆرێکی دیکە پیشـــانی رای گشـــتی کوردستانی دەدات؟**

- هەمـــوو جارێك ئێمە تـــکا لەبرادەرانی گـــۆڕان دەکەیـــن لەکۆبوونەوەکانـــی فراکسیۆنەکانی حزبە کوردستانیەکان ئامادە بن کەچی ئامادە نابن، تکایان لێدەکەین کە بەیاننامەیەکمان لەسەر پرسە کوردستانی و نەتەوەییەکان و نیشـــتمانیەکان هەیە تاوەکو ئامادەبـــن، بەڵام ئەوان بەپێچەوانەوە ئامادە نابـــن و بەدەنگمانەوە نایـــەن و مەرجمان لەسەر دەچەســـپێنن و داوای گۆڕانکاری لەبەیاننامـــەکان دەکەن، بەڵام ئێســـتا بۆ بەرژەوەنـــدی حزبی خۆیان لەنـــاکاو دەڵێن پشـــتگیریمان بکـــەن بۆ ئەوەی لیســـتی کوردی یەکهەڵوێست بێت، لەکاتێکدا هەموو رۆژێك دژایەتیمان دەکەن و چەواشـــەکاری دەکەن، من پێم ســـەیرە هەر لەســـەرەتای پەرلەمانەوە لە ٢٠١٠ وە دەستیان کردووە بە دژایەتیکردنـــی پارتی، بەتایبەت دژایەتی کردنی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان کە رۆژانە کێشەمان هەبوو لە گەڵیانداو وەسفی حکومەتی هەرێمیان وەکـــو حکومەتێکی دیکتاتۆری قەزافی و بەشار ئەسەد دەکرد، مـــن پێم ســـەیرە ئەگەر تـــۆ بەرژەوەندی میللەتـــی کوردو کوردســـتانت دەوێت ئەم کێشـــانە لەپەرلەمانی کوردستان باس بکە، بۆ کێشـــەکانی کوردستانی دەهێننە بەغدا، ئەوان دەڵێن نەخێر بەغدا ئەم کێشانەمان بۆ چارەسەر دەکات، سەیرە ئێمە دەستوورێکمان داناوە کە ئەم دەستوورە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم و بەغدای دیاریکردووە، تۆ دەتەوێت ئـــەم دەســـتوورە تێکبدیت و دەســـەڵاتی حکومەتی هەرێـــم بدەیتە بەغدا، بۆیە من پێموایـــە ئەوان لەبەر ئەوەی لەکوردســـتان ئیشیان پێناکرێت و ناتوانن شتێك پێشکەش بەخەڵکی کوردســـتان بکەن ئەوا دەیانەوێت لە بەغدا سەرقاڵمان بکەن بەشتی لابەلاوە، ئێستاش بە خەڵکی کوردستان رادەگەیەنین و جارێکی تر دەڵێین، ئێمە لەگەڵ ئەوە نین کێشە لەگەڵ گۆڕان دروست بکەین بەڵکو لەگەڵ ئەوەین هەڵوێســـتی کـــوردی لەم قۆناغە هەستیارەدا یەکهەڵوێست بێت بەڵام جێگای داخە برادەرانی گۆڕان لەمەشـــدا بۆچوونیان جیاوازە.

**گۆڕان بەردەوام لە کوردستان و بەغدا دژایەتیمان دەکات و ئێستاش دەیەوێت بۆ بەرژەوەندی حزبی خۆی ئێمە پشتگیری بکەین**

**بۆ زیادبوونی ژمارەی ئەندامانی کۆمیسیۆن تەنیا پارتی دژی نییە. بەڵکو لیستی ئەلعراقیەو لیستی سەدرو ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی و . . . تاد دژی زیادبوونی ژمارەی ئەندامانی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنن**

**گوشاری دەوڵەتێکی دراوسێیە لەسەر گۆڕان وایکردووە بەهەر شێوەیەك بێت دەبێت پارەتی مالیکی بدەن**

**خاڵی هاوبەشی نێوان مالیکی و دەوڵەتی یاساو گۆڕان دژایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و جەنابی سەرۆك بارزانی یە و لاوازکردنی پارتی یە لە کوردستاندا. هەر بۆیە گۆڕان بە جەماعاتی بەغدا دەڵێن ئەگەر دەتانەوێت پارتی لاوازبێت ئەوە پارەتیمان بدەن**

# دەوڵەتی مەدەنی یان عەلمانی؟



د. سەربەست نەبی

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

زاراوەی (دەوڵەتی مەدەنی) زاراوەیەکی دەمامکدارە، رووخسارێکی رازاوەو زۆر دڵرفێنی هەیە،هێرشکار نییە،بەڵام بەزۆر گومان دەورووژێنێت، تژییە لە مشتومڕ و گومڕایی و تێکەڵی کە تا رادەیەکی زۆر لە کاتی بەکارهێنان و بڵاوبوونەوەیدا گومانێکی قووڵ دەنێتەوە.

قسەکردن لەسەر دەوڵەتی مەدەنی لە درێژدادڕییەکی بێ بنەما دەچێت وەك چۆن دەڵێیت (ئاو)شلە یان نا!ئەم داهێنانە تیۆریە سەرنەکەوتووەش لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەکانی عەرەبی بە گشتی و ئیسلامییەوە بەتایبەتی پەیڕەودەکرێت، ئەمەش لەرێزگەی ئەو گۆڕانکارییانەوە هاتووە کە ناوچەکەی گرتۆتەوە و داواکەی دروست بوونی دەوڵەتی سکۆلاریی تێپەڕاندووە، وەك مەرجێك بۆ نوێبوونەوەی دەسەڵاتێکی سیاسی و دیموکراسی، جادووگەرو بازرگانانی ئەم زاراوەو مانایانە نیوەی لیبرالی و نیمچە لیبرالەکان قایل دەکەن بە پشتیوانی کردن لەم تاکە داهێنانە عەرەبییە ئیسلامگەرایییەی ئەم سەردەمە،ئەوانە لەپەنای ئەو چەمکە ناوازەدا دەرفەت دەقۆزنەوە تاکو ئەو گۆڕانکارییە دیموکراسییە راستەقینەیە لەخۆ بگرێت،ئەوجا نە مل دەنێن بەپێویستیی نوێبوونەوەی دەوڵەت و نە بڕوایشیان بە دیموکراسیەت هەیە، هەروەها بە ئاشکراش دان نانێن بەوەی کە شەرعییەتی دەوڵەت و شەرعییەتی هەموو دەسەڵاتێکی سیاسی دونیایی و مرۆییە،چونکە تا ئێستا لەسەر بیروباوەڕی چەمکی (فەرمانڕەوایی) بەردەوامن و ئیسلامیش لای ئەوان ئایین و دونیایە، هەموو هزرێکی سیاسیی ئایینیش ناکۆکە لەگەڵ نوێبوونەوەی دەوڵەت و دیموکراتیزەکردنی سیستەمی سیاسی،چونکە لە بنەڕەتدا لەگەڵ ئەو قسەیە یەکناگرێتەوە کە گوایە سەرچاوەی دونیایی و مرۆیی لە دەسەڵات و شەرعییەتەکەیدا هاتۆتەئاراوە،هەروەها دەسەڵات و ئایدیۆلۆژیای ئایینی یەکسان کردن و چاودێری کردنی دەوڵەت بۆ چەمکی هاووڵاتیبون رەت دەکاتەوە، بۆیە لێرەدا قسەکردن لەسەر دیموکراتیزەکردنی دەوڵەت و پلۆرالیزم بەبێ ئاگاداربوون لە پێداویستییەکانی عەلماندن دەبێتە مایەی مشتومڕێکی بێ بنەما و گومڕاییەکی سیاسی و تەڵەکەبازی.

چەمکی (دەوڵەتی مەدەنی) لادانە لە مەرجەکانی تیۆری و ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتی نوێ،چونکە مەبەست لەمەدا گەڕانەوەیە بۆ چەمکی دەوڵەت لەسەر بنەمای تیۆری و فەلسەفی و بەر لە نوێبوونەوە.ئەو بنەمانە دان بە مرۆڤدا نانێن وەك بناغەیەك بۆ شەرعییەتی دەوڵەت،هەروەها دان نانێن بە سیاسەت وەك چالاکییەکی دونیایی و کاروباری گشتی،سەربەخۆیی سیاسیی دەوڵەتیش لەئاست کۆمەڵگەی مەدەنی پشتگوێ دەخات،دواتر دانیش بە کۆمەڵگەی مەدەنیدا نانێت وەك کایەیەکی تایبەت بە مافی تاکەکەسی.

لە عورفی عەقڵانەی ئەرستۆدا (هەبوو پێناسە ناکرێت،ئەگەر پێناسەشت کرد ئاڵۆزتر دەبێت)ئەم پێناسەیە هەموو هەبوویەکی ماددی و مەعنەویش دەگرێتەوە،دەوڵەت وەك قەوارەیەك لێکناداتەوە، دەوڵەت لە بنەچەدا هاتۆتە ئاراوە تاکو بەسیاسی بێت،شەرعییەتەکەشی لە پێگەی کۆمەڵگەی مەدەنی وەربگرێت،چونکە مێژووی دەوڵەت (بە مانا تازەکەی) هەرگیز بەخۆیەوە نەدیوە لەلایەن دەوڵەتێك کە سیاسەت پیادە نەکات،تەنیا ئەو میرنشین و شانشین و ئیمپراتۆرنشینەکان نەبێت. بۆیە هیچ کاتێك دەوڵەتیان پێك نەدەهێنا بە واتا تازەکەی چەمکی دەوڵەت، لەبەر ئەوە زۆر هەڵەیە کە لەڕووی زانستی سیاسی و هزریشدا حسابی دەوڵەتیان بۆ بکرێت،دیارە ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێکە، لەوانە نەبوونی فەزای سیاسیی گشتی و هاوبەش،هەروەها گواستنەوەی هزری سیاسی و کۆمەڵایەتی، بۆیە لێرەدا دەتوانین بڵێین کە ئەمانە دەوڵەتی سیاسی نەبوون، تەنانەت مەدەنیش،بەڵکو لەباشترین بارودۆخیشدا تەنیا دەسەڵاتی دەرەبەگی و سەربازی بوون.

ناکرێ لە رووی میتۆدەوە جیاوازی بکرێت لە نێوان(مەدەنی) و (نامەدەنی)، مەگەر کارەکە پەیوست بێت بە دەسەڵاتەوە. دەسەڵاتی سیاسیش هەمیشە زاراوەی (دەسەڵاتی مەدەنی)یان(دەسەڵاتی سەربازی)یان بۆ بەکاردێت.بۆیە نابێت دەوڵەتی سیاسی بە دەوڵەتی مەدەنی وەسف بکەین،چونکە لە بنەچەدا دەوڵەت دانامەزرێت ئەگەر پشت بە کۆمەڵگەی مەدەنی نەبەستێت،هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەو دامەزراندنە بناغەی هەبوون و مەرجە بۆ ئەو دەوڵەتە، بۆیە ناکرێ دەوڵەتی تازەی سیاسی بەبێ کۆمەڵگەیەکی کارای مەدەنی بنیادبنرێت، ئەو پێناسەیەش بۆ دەوڵەت بەوناوەی کە سیاسییە و بۆ کۆمەڵگەش کە مەدەنییە و رەگ و ریشەی قووڵیی هزری و دامەزراوەیی تیۆرییان هەیە کە ناهێڵن بە هیچ شێوەیەك تێکەڵ بەیەکدی ببن.

قەشەکان زۆر بە وریاییەوە ئاگایان لە هزریی سیاسی نوێ هەبووە،ئەوان دامەزرێنەری تیۆری دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی بوون بە درێژایی هەردوو سەدەی سەردەمی فەیلەسووفی ئینگلیز(تۆماس هۆبز) زاراوەی کۆمەڵناسی و کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمنوێلس ودەوڵەتیان بەکارهێناوە، وەك هێمایەك بۆ نموونەی تازەی گردبوونەوەی مرۆیی، ئەمەش بەر لەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی ببێتە بەشێکی سەربەخۆ لەژیانی سیاسیدا،بۆیە هەر شتێك لە دەوڵەت نەبوایە بەکۆمەڵایەتی ناوزەد دەکرا،سەربەخۆیی تەواویش لە نێوان هەردوو بواری سیاسی وکۆمەڵایەتی (مەدەنی) لەگەڵ پەیدابوونی تیۆری لیبرالی دێتە ئاراوە، ئەم وێناکردنەش لای هۆبز و جۆن لوك و کەسانی دیکە رەنگی دایەوە،بەڵام کۆمەڵگەی مەدەنی لەوکاتەدا بە واتای دەوڵەت پێناسە دەکرا،مەبەستیش کۆمەڵگەی سیاسیی رێکخراو بوو کە سەرچاوەکەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بوو،نەك سەرچاوەی ئایینی،سیاسەتیش لای ئەوان مەدەنی ودونیایی بێ بەها بوو،نەك کارێکی لاهوتی، هەروەك دەبینین کەئەم حاڵەتە لای فەیلەسووفەکانی چاخی ناوەڕاست باوبوو وەك لای قەشە ئۆگستین

وتۆما ئەلئەکوینی کەتەنیا ئەوانە زاراوەی (مەدەنی)یان هێنایەئاراوە.

لە قۆناغی دواتری پەرەسەندنی هزری سیاسیی تازەدا کە بە جیاکردنەوەی پەیوەندییەکان ناسرابوو،لەگەڵ بیرمەندەکانی وەکوو ئادەم سمیس وئادەم فیر گسۆن وستیوارت میل و تۆکفیل، ئەو کاتە قسەکردن لەسەر دەوڵەت بەو ناوەی کە قەوارەیەکی (سیاسی) وکۆمەڵگەش بەو ناوەی قەوارەیەکی (مەدەنی) تەواو جودایە لە بواری سیاسیدا،هەروەك چۆن دەوڵەتیش پێوەندیی بە ژیانی (مەدەنی)یەوە نییە مەگەر خۆی بخزێنێتە ناو بەبیانووی شەرعیەتی بوونی خۆی، بەپێچەوانەوە جەخت کردنەوە لەسەر پاراستنی ئەم(بوارە تایبەتی)یە یان (مەدەنی)یە زیاتر پێویستی بە بەهێزکردنی رێکاری خۆپارێزی هەیە،کە رێگر دەبێت لەبەردەم ستەمکردنی دەسەڵاتی سیاسی وکۆتکردنی هەوڵی دەستێوەردانی لەژیانیی(مەدەنی)دا دەرئەنجامیش دەبێتە بەشێك لە وێناکردنی تازەو هاوچەرخی دەوڵەتی سیاسی. عەلمانییەت بریتییە لە ئایدیۆلۆژیاو فەلسەفەی دەسەڵاتی دونیایی دەوڵەت کە رەوایەتیی بە بوونی دەدات،هەر لەسەرەتاوەش بیرمەندو تازەگەری سیاسی (جان بودان،هۆبز..)بەرامبەر هەژموونی ئایدیۆلۆژیای کەنیسە وەستایەوە کە بە ناوی خواوەوە دەسەڵاتیان پیادە دەکرد،بەوەی کە سەروەری هەمان پەتایە و ویستی ئازادیش سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتی سیاسییە،هاوکات بناغەی رەوایی دەسەڵاتیش لە میللەتەوەیە.

ئا بەم شێوەیە سەرچاوەی دەسەڵات ناوخۆییەو لە دەرەوە بۆی نایەت،هەرئەمەشە کە رەوایی پێدەدات و پاکانە بۆ پیادەکردنی هەنگاوەکانی دەکات،بە واتایەکی دی سیاسەت لە ناوەرۆکی خۆیەوە هەڵدەقووڵێت و پیادەی دەکات،هەر بۆیە سیاسەت بوو بە کاروبارێکی گشتی و دونیایی وپیادەکردنەکەشی هەر دونیاییە،نەك کارێکی خواوەندی یان لاهوتی،ئەمەش ناوەرۆکی فەلسەفەی عەلمانییە،بەراوردکردنی کاری سیاسی وپیادەکردنی سیاسەت وەك ئەرکێکی راستەوخۆی دونیایی،بێ رەچاوکردنی مەغزاو و مەبەستەکانی دوارۆژ یان ئاسمانی قەناعەتێکی فەلسەفی بەرهەم دێنێت کە دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی دوو دامەزراوەی دونیایین و هەرگیز پیرۆز نین،لە پێناو خودی خۆیان پەیدا بوون و لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی مرۆڤایەتیدا لەکاردان،نەك لەپێناو ویستێکی مەبەستدار یان مەبەستێکی پیرۆزدا، هەروەك چۆن قەشەکان پێشتر ئاماژەیان پێکردووە.

بە پێچەوانەی ئەوەی کە پێشتر باسمان کرد، دەتوانرێ جەخت بکرێتەوە لەسەر (مەدەنیەت)ی دەوڵەت یان (دەوڵەتی مەدەنی)،هەروەك کە مەبەست وەرگرتنی بێت وەك چەمکێکی سیاسی –سەنترال لەگوتاری ئیسلامخوازەکاندا،واتا نکوڵی کردنی بەئەنقەستی جەوهەری سیاسیی دەوڵەت و پشتگوێ خستنی جیابوونەوەی (وەك بوارێکی گشتیی وڵاتپارێزی)لە کۆمەڵگەی مەدەنی (وەك بوارێکی تایبەت بە مافە مرۆییەکان)وتێکەڵکردنی هەردوو بوار دەبێتە هۆی جیانەکردنەوەی نێوان هەردوو رێکخراوی (مافەکانی هاووڵاتی) و (مافەکانی مرۆڤ)،ئا لەوکاتەدا سیاسەت نابێتە کارێکی گشتی،بەڵکو بە کارێکی تایبەتی تویژێکی دیاریکراو،هاوکات سنووری نێوان سیاسی و مەدەنی دەسڕێتەوە،رێکخراوی مافیش دەتوێتەوە،هەروەها هیچ زەمانەتێکی تیۆری یان پراکتیکی نامێنێت بەوەی کە یاسا وەك مەرجەعێك بۆ دەسەڵات بەردەوام بێت لە بنەچەیەکی بێگەردی دونیایی،یان لە پێویستییەکانی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتبێت.

عەلمانیەت بە ساکارترین واتا مەبەست بێلایەنیی پۆزەتیڤانەی دەوڵەتە لە ئاست ئایین و ئایینزاو هەموو تیمە ئایینیەکاندا، لەهەمان کاتیشدا هەروەك سادق جەلال عەزم ئاماژەی پێ دەکات بریتییە لە سەربەخۆیی رێژەیی (پەیوەندیدار)ی کۆمەڵگەی مەدەنی وەك قەوارەیەکی (مەدەنی) و لە دەوڵەتیش وەك قەوارەیەکی (سیاسی)ی نامەدەنی، هەروەها لە کۆنترۆلکردنی راستەوخۆی دووەمیان بۆ یەکەمیان و بۆ ژیانی تایبەت و ئاڵوگۆڕکاری، بەپێی هەر پرەنسیبێکی ئایینی زۆرینە یان بە گوێرەی شەریعەت و بیروباوەڕەکانی زۆرینەی ئایینزاکان،عەلمانیەت هەروەها بەمانای یەکسانیی نێوان سەرجەم هاووڵاتیان لەبەردەم یاساکانی دونیاییدا،نەك شەریعەتەکانی ئاسمان،بەبێ رەچاوکردنی ئینتیمای ئایینی یان تایفی یان ئەتنی،لەپاڵ ئەمەشدا بە واتای پاراستنی ئازادیی ویژدان و بیروباوەڕی هەموو لایەك، جا ئایا دەلالەت و واتاکانی چەمکی (دەوڵەتی مەدەنی)ئەم هەموولایەنە هەڵدەگرێت؟

هەندێ لە تیۆرخوازانی تازە و لایەنگرانی (دەوڵەتی مەدەنی) پێیانوایە کە دەکرێ دیموکراسیەت بنیادبنرێت بەبێ عەلمانییەتێکی روون وئاشکرا،یان سەرکێشییە لە چەمکی (دەوڵەتی مەدەنی). لەراستیدا هیچ بەڵگەیەکی لۆژیکی یان مێژوویی لەئارادا نییە دەربارەی ئەوەی کە چەمکی (دەوڵەتی مەدەنی) شایستەی ئەم رۆڵەیە،چونکەدیموکراسییەت سەروەریی گەل دەسەپێنێت، ئاماژەش بەوەدەکات کە تاکەکان یان گروپەکان یاخود میللەت پرەنسیبی دەسەڵات و سەرچاوەی شەرعییەتیەتی،بەهەمان شێوە عەلمانیەت جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەو رەهەندە دونیایی- مرۆییە،لەکاتێکدا ئەوەی نکوڵی لە جەوهەری سیاسیی دەوڵەت دەکات وبە (مەدەنیەت) وەسفی دەکات دیارە مەبەستی لەمەدا ئەوەیە کەشێوازێك لەسەروەری بەناوی مەرجەعیەتی نائایینی بسەپێنێت و پێیوایە کە سەرچاوە یان جەوهەری هەموو دەسەڵاتێك لەدەرەوەیەتی،یان هۆکارە جیاکەرەوەی هەیە،کەنائایینی و نامرۆییەو هەر ئەویش دەسەڵاتی داهێناوەو شەرعیەتی پێداوە،واتا سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتێك لە دەرەوەی خودی مرۆڤایەتییە،واتا هەیە بتوانێت ئەو دەسەڵاتە پیادە بکات بەناوی ئەو هۆکارە دەرەکییە،واتا بە ناوی خوا،کەواتە سەروەری لەخواوەیەو پیرۆزە، ئەوەی شایانی پیادەکردنی دەسەڵاتیشە خەڵکە گشتییەکە یان هەموو هاووڵاتیان نین،بەڵکو بژاردەیەکن لە لاهوتی و پیاوانی ئایین،کەواتەلەم حاڵەتەدا هەرگیز نابێتە کارێکی گشتیی هاووڵاتیانی ئازاد بە چاوپۆشی لەبیروباوەڕو ئینتمای ئایینیان، جا ئایا ئەمە هاوتەریبە لەگەڵ چەمکی تازەی دیموکراسیەت کە پەیوەستە بە شێوەیەکی جەوهەری بە ئاستی بەشداریکردنی سیاسی ویەکسانیی نێوان هاووڵاتیان؟


**چەمکی(دەوڵەتی مەدەنی) لادانە لە مەرجەکانی تیۆری و ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتی نوێ،چونکە مەبەست لەمەدا گەڕانەوەیە بۆ چەمکی دەوڵەت لەسەر بنەمای تیۆری و فەلسەفی و بەر لە نوێبوونەوە. ئەو بنەمانە دان بە مرۆڤدا نانێن وەك بناغەیەك بۆ شەرعییەتی دەوڵەت**

**عەلمانییەت هەروەها بەمانای یەکسانیی نێوان سەرجەم هاووڵاتیان لەبەردەم یاساکانی دونیاییدا،نەك شەریعەتەکانی ئاسمان،بەبێ رەچاوکردنی ئینتیمای ئایینی یان تایفی یان ئەتنی،لەپاڵ ئەمەشدا بە واتای پاراستنی ئازادیی ویژدان و بیروباوەڕی هەموو لایەك**

حەسەن عەلەوی بۆ گوڵان:

# مسعود بارزانی ئەو سەرۆکەیە بۆ وەدیهێنانی ئاوات و داخوازییەکانی گەلەکەی دروست بووە.. ئەمەیە کە ناچاری دەکات لە ڕووی حکومەتی ناوەندی ڕاوەستێتەوە و ئەوەشی لێ دەخوازرێت







حەسەن عەلەوی لەگەڵ عەلی وەردی.. ساڵی ١٩٧٩

**حەســـەن عەلـــەوی بێجگـــە لـــەوەی یەکێکـــە لە رۆژنامەنووســـە دیارەکانی عێراق، لەهەمانکاتدا وەك رۆشنبیر و بیرمەندێکی عیراقیش لە قەڵەم دەدرێت، گوڵان لەم دیمانە تایبەتەدا هەوڵی داوە لەســـەر ئەو پرســـانە وتووێژ لەگەڵ حەســـەن عەلەوی بکات کە زیاتر پرســـی رۆژن و پەیوەستن بە ئێستاو ئاییندەی عێراق و هەروەها بـــە گوزەران و ژیانی هاووڵاتیانی عێراقەوە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا هێندەی وتووێژەکە چوارچێوەیەکی سیاسیی بەخۆوە گرتووە، هێندە نەچۆتە بواری فیکری و تێڕامانـــە قووڵەکانی عەلەوییەوە، عەلەوی لەم دیمانەیەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە لە دەوڵەتێکدا ســـتەم هەبێت و یەکتر ڕەتکردنەوە هەبێت، ئەوە گەڕەلاوژێ دروســـت دەبێت و ناتوانرێت دەوڵەت بونیاد بنرێتەوە، بەم دیدەوە ڕەخنە لە هەڵوێســـتەکانی ئێســـتای حکومەتـــی مالیکی دەگرێـــت و جەخت لەســـەر ئەوە دەکاتەوە کە مالیکی وەك عەبدولکەریم قاســـم نییە کە بتوانێت ریفۆرمی کۆمەڵایەتی پیادە بکات، سەبارەت بە هەڵوێستی مالیکیش بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان، عەلەوی پێی وایە بێجگە لەوەی مالیکی رێزی ئەو رێککەوتنانە ناگرێت کە ئیمزایان لەســـەر دەکات، لەهەمانکاتدا هەوڵـــدەدات دیواری پتەوی رێککەوتنی هەولێر بڕووخێنێت، بەڵام عەلەوی پێی وایە دیواری رێککەوتنی هەولێر لەوە پتەوترە کە مالیکی بتوانێت بیڕوخێنێـــت، ئەمەش دەقی دیمانە تایبەتەکەی گوڵانە لەگەڵ حەسەن عەلەوی**

*** لەمـــاوەی رابـــردوودا قسەوباســـێکی زۆر هەبـــوو ســـەبارەت بەدیکتاتۆریەت و گەڕانەوەی مەترسیەکانی دیکتاتۆری ئێوە ئەم دیمەنەتان چۆن خوێندەوە؟**

- دیکتاتۆریەت بریتی نییە لە ئارەزوومەندی، هەرکاتێك دروست بێت، دەبێتە رووداوێك، ئەم مەســـەلەیە پەیوەندی بەسروشتی سیستمی سیاسیەوە هەیە، ئایا ئەو سیستەمە بەرگەی هەبوونـــی دیکتاتۆریـــەت دەگرێت، نوری سەعید ئارەزووی لەوە بوو ببێتە دیکتاتۆر، بەڵام سیستمی پاشایەتی سروشتەکەی هەر وابووە، ڕێگر بێـــت لەبەردەم دیکتاتۆریەت، دووەم کەسایەتی پیاوەکە خۆیەتی ئایا سازو ئامادەیە بۆ ئەوەی ببێتە دیکتاتۆر، دیکتاتۆر دوو شـــتی پێویستە، پێویســـتی بەحزبێکە هەروەها پێویستی بەهێزێکی فیکرییە حزبی پێ بجووڵێنێت، زۆربـــەی کەڕەت ئەم هێزە فکرییـــە جەماوەرییە دەبێتە هێزێکی نازیی و فاشی بۆ گردبوونەوەی خەڵکی لەدەوری ســـەرکردەیەك، پێویســـتە ســـەرکردەکەش کەسایەتیەکی توندوتۆڵی هەبێت و حزبێکی لەبندەست بێت، بێ گفتوگۆ فەرمانەکانی بۆجێبەجێ بکەن، ئایدیۆلۆژیەتێکی نازی یا فاشی لەپشتەوە بێت، ئەم توخمانە، ئەمڕۆ بوونیـــان نییە، حزبی دەعوە حزبێکی بەهێزو توندوتۆڵ نییە لەناو خۆیدا، هەروەها حزبێکی فاشـــی نییە بەڵکو حزبێکی ئیسلامەوییە، هەروەهـــا کەســـایەتی مالیکـــی بەهۆی سیســـتمێکی دیموکراتیانەوە کە پەرلەمانیە ڕێی لێدەگرێت کە ببێتە دیکتاتۆر، مالیکی ئـــارەزووی لـــە فەرمانڕەوایەتـــی کردنەو ئارەزووی لەدەســـەڵاتە، هۆگری دەسەڵات بووە و خۆشـــی و نۆشـــی لێدەبینێت، وەك

**لەو بڕوایەدام یەکتربینینەکانی مالیکی لەگەڵ ئوسامە نجێفی و ساڵح موتلەك هەولێکە بۆ ئیعترافکردن بە نوجێفی تا لە بری عەلاوی مامەڵەی لەگەڵ بکەن تەنیا بۆ ئەوەی هاوپەیمانییەك لە دژی کورد ساز بدرێت**

چۆن دەسەڵات زۆر کەس والێدەکات مەست و حەیران بێت.

*** بڕیاردانی تاکڕەوانە یا موحاسەسە سەبارەت بەبابەتەکانی تایبەتمەندن بەحکومەت و دەوڵەتەوە دیکتاتۆریەت نییە؟**


- بۆچی هاوبەشەکانی مالیکی بەشداری لەحکومەتێکدا دەکەن کە سەرۆك وەزیران تێیدا تاکڕەو بێت، لەکاتێکدا ئەگەر بەگشتی بڕوانین دەبینین هاوبەشەکان لەناو وەزارەتەکاندا زۆرینە پێك دەهێنن، ئەنجومەنی نوێنەرانیش بۆ هاوبەشەکان رووبەرێکی زیاتر لەبەردەستدایە، ژمارەیان نزیکەی ٢٠٠ کەسایەتیە، بۆچی ئەو ٢٠٠ کەسە کە لەناو پەرلەماندان بەم حاڵە ڕازین.


*** لەو ماوەیەی دوایدا هەستمان بەوە کرد کە دیالۆگ و دانیشتن لەسەر یەك مێز بوونی نەماییت ؛ بۆچی جێبەجێکردنی ڕێکەوتنەکان لەدوای بەڵێندان لەسەریان وا دوور دەخرێتەوە؟**

- دیالۆگ هەلومەرجی خۆی هەیە ؛ ئەگەر گرووپە سیاسیەکان جیاواز بن لەگەڵ یەکتری پەنا دەبەنە بەر دوو ڕێگا، ڕێگای دیالۆگ و تێگەیشتن هەروەها ڕێگای توندوتیژی و پشتکردنە یەکتری، بەداخەوە زۆربەی جار دیالۆگەکان دەکەونە پاش جەنگە نێوخۆییەکانەوە وەك چۆن لە لوبنان ڕووی دا، هێشتا ئێمە نەکەوتووینەتە ناو جەنگ و کارەکان نەگەیشتوونەتە بەکارهێنانی توندوتیژی، هاوکات کورت بینییان هەیە لەدیالۆگدا، کۆمەڵێك ڕەفتار لەنێوان لایەنەکاندا هەیە بۆ متمانە دروستکردن، پێویستی بەئارام کردنەوەو باشکردنی بارودۆخەکەیە، ڕاگەیاندراوێك کە تێیدا ئیعتراف بەجەمسەری بەرامبەر بکات هەروەها بەبایەخ و گرنگی بەرامبەر بزانێت، دواتریش خوێندنەوەی بەوردی تا دیالۆگ دروست بێت بەمشێوەیە لەگەڵ دەستپێکردنی دیالۆگ بنەما دەروونیەکە بوونی دەبێت، بەڵام ئەگەر ئێستا چوویتە ناو دیالۆگێکەوە بەدەمارگرژیەوە دیالۆگەکە دەبێتە گۆڕەپانی بۆکسێن پێشوەختە پێویستە متمانە بچێنرێت، سەبارەت بەرێکەوتنامەکان ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین حاڵەتێکە پێشتر عێراق بینیویەتی خاوەنی بڕیار ئەو شتەی کە بەتەنازولی دەزانێت و واژۆی لەسەر دەکات بەو ئومێدەی رۆژێك بێتە پێشەوە دوای ئەوەی هەڵوێستی بەهێز دەبێت لەواژۆکەی پەشیمان دەبێتەوە ئەم مەسەلەیە لەرووی نێودەوڵەتییەوە حەرامەو نەنگییە، هەمان مەسەلەم لەکتێبەکەمدا کە بەناوی (دیوارە قوڕینەکان) هباسم کردووە ئایا دەکرێت بەئارەزووی خۆت واژوو بکەیت و دواتر بیسڕیتەوە، واژوو لەگەڵ شاهەنشا بکەیت و واژووی خۆت ڕێزلێنەگری، یا واژوو بۆ مەلامستەفا بکەیت و دواتر لەبیر خۆتی ببەیتەوە لەوە دەچێت ئەم ڕێبازی جێبەجێ نەکردنی واژۆیە بوویێتە مۆدێلێکی پڕ لەشوورەیی تا ئەمڕۆش، لەسەر کاغەزی سپی واژۆت بۆ دەکەم و دواتریش ڕەتی دەکەمەوە، ئایا ئەمە دەچێتە خانەی زیرەکیەوە، ئەو کاتەی خومەینی هات سەدام حوسێن لێی پرسی و وتی: (من دەڕۆم بۆ ڕەتکردنەوەی ڕێکەوتنامەکە)، دواتر سەدام لێی پرسی:(ئایا کاردانەوەی ئێرانی چی دەبێت؟)داوای لێکردم لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی پێشکەش بکەم منیش لێکۆڵینەوەکەم نووسی بەواتای لێکۆڵینەوەکەی من ڕووداوەکان چۆنم لێکدابووەوە ئاوەها ڕوویدا سەدام تووشی پێکدادان بوو لەجەنگێکی خوێناوی تێوەگلا دواتر لەگۆڤارێکی ئەمەریکی دا کاریکاتێرێك دانرابوو سەدام بەهەردوو پێی شەق لە ئیمام خومەینی دەدات هەردوو پێی سەدام لەخومەینی گیر دەبێت و خومەینی بەپێی سەدام دەڕوات، ئەم کاریکاتێرەم لەو کتێبەمدا کەبەناوی (ڕژانی خوێن بەسەر ڕووباری کەرخ)ەوە دانایەوە، کە ئەوەی دەگەیاند ئێرانیەکان تۆڵەسێنن لەو دوژمنکاریەی بەرامبەریان دەکرێت واز لەتۆڵەی خۆیان ناهێنن و لەبیریشی ناکەن، سەدام بەمشێوەیە لەجەنگی ئێران تێوەگلا گفتوگۆمان

**واژوو لەگەڵ شاهەنشا بکەیت و واژووی خۆت ڕێزلێنەگری، یا واژوو بۆ مەلامستەفا بکەیت و دواتر لەبیر خۆتی ببەیتەوە لەوە دەچێت ئەم ڕێبازی جێبەجێ نەکردنی واژۆیە بوویێتە مۆدێلێکی پڕ لەشوورەیی تا ئەمڕۆش**



لەسەر ئەم بابەتە کردوو، پێم وت: (دەکرێت لەبڕیـــارە نێودەوڵەتیەکانــدا واژۆ بکەیت و دواتر واژی خۆت ڕەتبکەیتەوە؟)، ســەدام وتی لەبڕیـــارە نێودەوڵەتیەکان ناکرێت بەڵام دەکرێت لەکاتی لاوازیمدا کە لوولەی تۆپێکم نەبێت ئاڕاستەی بزووتنەوەی چەکداری پێ بکەم، بەناچاری واژۆیەکیان بۆ بکەم بەڵام ئێســـتا نەیارەکەم لاواز بووە، کەواتە بۆچی دەرفەتی لاوازبوونیـــان نەقۆزمەوە، کاتێك کتێبەکەم پێشـــکەش کرد هاتە ســـەر ئەو بڕوایەی کەمن دژی هەڵگیرسانی جەنگی ئێرانم، بۆیە قۆڵبەستیان کردم و فڕێیان دامە زیندانەوە، هەموو هەوڵی خۆیان خستەگەڕ کە لەئەندامێتـــی ئەنجومەنی وەزیران دوور بخرێمەوە کـــە بڕیاروابوو لەو ســـەردەمەدا بکرێمە جێگری سەرۆك وەزیران. سەدام ئەم جیاوازی بیروڕایەی بێ هەزم نەدەکراو دواتر پەیماننامەکەی لەگەڵ ئێران هەڵوەشانەوە. لەمـــەوە بۆمـــان دەردەکەوێت مەســـەلەی واژۆکردن و ڕەتکردنـــەوەی واژۆ لەعێراقدا شـــتێکی نوێ نییـــە بەڵکـــو میراتیەکە و ئومێد دەکەم ئەمە مەسەلەیە نەبەستنەوە بە لێکچوونی نێوان سەدام و مالیکیەوە بەڵکو دوو مەسەلەی جیاوازن.

*** دەگەڕێمەوە بۆ پرســـیارەکەم ســـەبارەت بەرۆڵی ســـەرۆکی هەرێـــم ؛ چۆن ڕۆڵی ســـەرۆکی هەرێـــم مەســـعود بارزانـــی هەڵدەســـەنگێنی لەنزیك کردنەوەی گشت تێڕوانینـــە جیاوازەکانـــی ناو پرۆســـەی سیاسی؟**

- ڕۆڵێکی پڕ بایەخ و گرنگەو بەشـــێکی بنەڕەتییـــە لە پرۆســـەی سیاســـی وڵات، بـــە بێ بوونـــی ئەو حکومەتـــی عیراقی دانەدەمەزرا،مســـعود بارزانـــی پیاوێکـــە بـــۆ وەدیهێنانی ئـــاوات و داخوازییەکانی گەلەکەی دروست بووە، ئەمەیە کە ناچاری

**هەتا ئەمڕۆش لە عیراقدا فەرمانڕەوای عیراقی لە ڕۆحیانەتی عوسمانی دوور نەکەوتۆتەوە. بە هەمان ڕێبازو ڕێگەی عوسمانلی کار دەکات کە چێژبینینە لە تاکڕەوێتی و توندوتیژی و پایە بڵندێتی**

**حکومەتی عیراق تەنیا لە ناوچەی سەوز گیری خواردووە لە دەرەوەی ناوچەی سەوز شتێك نییە بە ناوی بەڕێوەبردن و کارگێڕی حکومەتەوە**

دەکات لـــە ڕووی حکومەتـــی ناوەنـــدی ڕاوەستێت و ئەوەشی لێ دەخوازرێت.

دوو کەسی ســـەرەکی ئەم وڵاتە سەرۆکی هەرێـــم و نوری مالکییـــە، بارزانی ئەوەی لەسەرێتی جێبەجێ کردنی داخوازییەکانی گەلەکەیەتـــی ئەمـــەش هاندەرێتـــی بۆ ئەوەی لە بەرانبـــەر حکومەتی ناوەندی بۆ داخوازییەکانی گەلەکەی بوەستێت.

مالیکیش لە دژی دەوەستێتەوە بەو حیسابەی ســـەرۆك وەزیرانی حکومەتـــی ناوەندییە، هەردوولا پێیـــان وایە دەســـتوور جێبەجێ دەکەن،هەر کامیان شـــرۆڤەو شـــیکاری بە پێوەری خۆی بۆ دەهێنێتەوە،بارزانی وێڕای ئەمەش زۆربەی جاران بەرگری لە مالیکی کـــردووە بە تایبەت ئەو کاتـــەی یەکێك لە ســـەرۆکە عارەبییـــەکان مالیکـــی خۆش نەویســـتووەو قســـەی پێ وتووە کاتێ ئەم سەرۆکە میوانی بارزانی بووە بەڵام بارزانی ڕەخنەی لە سەرۆکەکە گرتووەو بەرگری لە مالیکی کردووە. کەواتە بابەتەکە شەخسی نییە لەنێوان دوو کەسایەتی دەستڕۆشتوودایە، هەروەها بارزانـــی لەهەڵبژاردنی مالیکی دا دەستپێشـــخەر بوو ئەگەر بارزانی ڕازی نەبووایە کابینەی وەزاری دانەدەمەزرا هاوکات بارزانی بەرپرســـە لەبەردەم گەلی خۆی کە داخوازییە مێژووییەکان بەدیبهێنێت، ئەگەر واز لەو داخوازیانە بهێنێـــت پێوەندی نێوان خۆی و گەلەگـــەی لەرزۆك دەبێت ئەگەر ئەو داخوازیانەش تەبەننا بکات وەك ئێســـتا دەیکات تووشـــی پێکـــدادان دەبێت لەگەڵ ناوەنـــد، بەڵام هەر وەك وتم مالیکی کار بۆ تێکدان و ڕووخانی دیوارە مەتینەکەی هەولێر دەکات، چونکـــە لەعێراقـــدا ناوەند هەیەو هەرێمیش هەیە مالیکی نوێنەرایەتی ناوەند دەکات و بارزانی نوێنەرایەتی هەرێم دەکات، هەرێم جیاوازی هەیە لەگەڵ ناوەندا لەسەر هەندێك بابەت، ناوەندیش جیاوازی لەگەڵ هەرێم هەیە لەســـەر بابەتی تر، هەریەك لەم دووجەمسەرە نوێنەری بیرو ڕایەکی جیاوازن، بەڵام ئەم دوو جەمســـەرە لەدوای ڕووخانی

ڕژێمی سوریاوە خۆیان لەبارودۆخێکی دژوار دەبیننەوە چونکە هێزی تازە لەناوچەکە دێتە پێشەوەو هاوســـەنگی هێزەکان دەگۆڕدرێن، کشـــانێکی ســـەلەفیانە لەســـوریاوە بەرەو هەموو ناوچەکانی تر دەخزێت، ناوچەکانی دەوروبەریشی ئاستی داخوازیەکانیان بەرزتر دەبنەوە کەس بەکـــەم ڕازی نابن، ئەو کات مالیکـــی هەموو دەروازەکانی لێدادەخرێت و تەنیا دەرگایەك کە جێی ئومێد بێت دەرگای هەولێرە، ئەوکاتە ناچارە ئاشتبوونەوە بکات، بـــەڵام ئومێد دەکەم کاتێك نەبێت کە هەموو شـــتێك لەبنجەوە هەڵکێشـــرابێت. هەروەها سەرخســـتنی هەر وڵاتێك بە سەرخســـتنی ئابوورییەکـــەی دەبێـــت دەبینیـــن هەرێـــم لە سەرخســـتن و پەرەســـەندن و گەشـــەی بەردەوامدایە، کەچی لە حکومەتی ناوەندی ئەمەیان پێ ناکرێت و دەشـــبنە بەربەست لە بەردەم پەرەپێدانی زیاتری هەولێردا.

*** ئـــەوەت باس کرد کـــە مالیکی کار بۆ**

**تا ئێستاش گرووپی ڕێکەوتننامەی هەولێر بەهێزن. لە کاتی دەنگدانی ستراتیژی لە ناو پەرلەماندا، ئەگەر دەنگ بۆ دۆزە ستراتیژییەکان بدرێت ئەمان لەناو یەکدا هاوڕا دەبن**

**ڕووخانـــی دیواری هەولێـــر دەکات، لە چ ڕوویەکەوەو بۆچی ئەم کارە دەکات؟**

- دیواری هەولێر تووشـــی داخوران دەبێت، یەکتـــر بینینەکانی مالیکی لەگەڵ نجێفی و هەوڵدانەکانـــی بۆ ئاســـایی کردنەوەی پێوەندی بە موتڵەك، یـــان بەو گرووپانەی لـــە لیســـتی عیراقیە هاتنـــە دەرەوە، زۆر کاریگەری بۆ ڕێکەوتنامەی هەولێر هەبوو، بـــەڵام ســـەرەڕای ئەمانەش تا ئێســـتاش گرووپی هەولێر بەهێزن، لە کاتی دەنگدانی ستراتیژی لە ناو پەرلەماندا، ئەگەر دەنگ بۆ دۆزە ســـتراتیژییەکان بدرێت ئەمان لەناو یەکدا هاوڕا دەبن، بۆیە ئێستا ئەو بڕیارانەی پەرلەمان موســـادەقەیان دەکات ستراتیژی نین، بەڵکو یاساگەلێکی سادەو لاوەکین، بە نموونە درێژبوونەوەی پۆستی سەرۆك وەزیران بۆکابینەی سێیەم ئایا یاسایەکی ستراتیژییە،

چ لۆژیكێـــك ئەمە قبـــوڵ دەكات،من لە چاوەڕوانی بەرگرییەكی توندی ئەنجومەنی نوێنەراندام دژ بە وەرگرتنەوەی پۆســـت لە لایەن مالیكی بۆ كابینەی سێیەم.

*** هەندێك یان زۆربەیەك هەن جەخت لەسەر ناكۆكیەكانی ئێســـتا دەكەنەوە لە هەرێمی دوور دەخەنەوەو دەڵێن زیاتر لە نێوان دەوڵەتی یاســـا و عیراقیەیە بـــە ڕای تۆ ناكۆكی و گرژییەكانی نێوان ئـــەو دوو لایەنە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- سوونەگەری و شیعەرێتییە.

*** واتە بۆتە دۆزێكی تایەفەگەری؟**

- دۆزەكە لە ســـەرەتاوە تایەفەگەرییانەیە، فاكتەری تایەفەچێتی یەكەمین فاكتەرە لە بڕیارەكانی دەوڵەتی عیراقیدا لە ســـەرەتای دامەزراندنیـــەوە واتە لە ســـاڵی ١٩٢١ تا ئەمـــڕۆش لەمـــە بترازێت خـــوای خۆیان هەڵدەخەڵەتێنن لە كاتێكدا خۆیان خەڵەتاون.

*** چـــۆن دەڕوانیتـــە داهاتـــووی عیراق ئـــەم دۆخەی بە كـــوێ ڕا دەگات، ئایا لە چاوەڕوانـــی دابەشـــبوونی عیراقداین یان لـــە چاوەڕوانی هەڵگیرســـانی جەنگێكی ناوخۆداین؟**

- زیاتـــر لە ئەگەرێكـــی چاوەڕوانكراو لە پێشـــمانە، واتە لە پـــاش گۆڕینی ڕژێمی ســـوریا زۆر بابەت و شتی تازە دێنە پێشەوە توێژی سیاســـەتوانانی عیراقی تووشـــی داچڵەكان دەكات، ئەوەی لـــە چاوەڕێیاندا نەبوو بێـــت و نەیەتە خەیاڵیـــان ئەوە دێتە پێشـــیان، لە نـــاو حكومەتیشـــدا پیاوانی ســـتراتیژی و فكری ســـتراتیژی بوونی نییە، بنەچـــەی ئەوانەی لە دەســـەڵاتدان بنەچەیەكـــی هاكەزایی خاكەڕان، زۆربەیان پێشتر فرۆشـــیار یان فەرمانبەری سادەی بچووك بوون لە دەزگاكانی دەوڵەتدا، بەڵام بێگومان تێكۆشـــەرو خەباتكاری گەورەن،

**دوو شت هەن بەربەستن بۆ پەرەپێدان. ستەمی دەوڵەت و. لە گرێژنەوەدەرچوونی دۆخی ئەمنی و كۆمەڵایەتی. بۆیە ئیبن خەلدون لەم بارەیەوە پێی وایە «ستەم ڕێكەخۆشكارە بۆ كاولبوونی ئاوەدانیی»**

بۆیە ئەزموونیان لە سیاســـەتدا زۆر لاوازە، هەروەها ڕۆشـــنبیرییەكەیان كەم ئەزموونی پێوەدیارە، بۆیە ئەم عەقڵە سیاســـیانەی لە عیراقدان گەورەترین گرفتێكن ڕووبەڕووی دەوڵەت بوونەتەوە، عەقڵێكی بێ ئەزموونن لە سیاسەتدا لە كاتێكدا دەوڵەت بەڕێوەبردن پێویستی بە عەقڵی پڕ ئەزموونە، لە بیرمە كاتێـــك من لە ئۆپۆزســـیۆن چوومە دەرەوە میشییل تۆریا لە بارەمەوە شتێكی نووسی لە ڕۆژنامەی جۆرنال دی دیماش لە لاپەڕێكی تـــەواودا دایبەزاندو نووســـیبووی ((عەقڵی دەســـەڵات دەگوازرێتەوە بۆ ئۆپۆزسیۆن)) عەقڵێك بۆ دەوڵەت كاری پێبكرێت هەر ئەو عەقڵەش دەتوانێت لە ئۆپۆزسیۆن كارتێكەر بێـــت، لەم كاتەدا عەقـــڵ یەكە، عەقڵ كە توانای خانەبەندی و دابەشـــكردنی هەبێت دەبێتە عەقڵانی و دەبێتە قوتابخانە، تەنانەت چێـــژ بینین لە فەرمانـــداری و چۆنیەتی چێژوەرگرتـــن لێی بە چ شـــێوەیەكە ئایا چێژبینینێكی توركیانەیـــە، بە بڕوای من بەڵـــێ حاكمدارانی عیراق تا ئێســـتاش بە چێژی ســـوڵتانی توركانەوە بۆ دەســـەڵات ماونەتـــەوە، توركەكان ئـــەم چێژ بینینەیان لە هەگبەدا بوو تـــا دەوڵەتی هاوچەرخیان دروست كرد، بەڵام ئەو دەوڵەتانەی پاشكۆی دەوڵەتی عوسمانی پێشان بوون كاریگەریی زیاتریان لەســـەر بووە لەم ڕووەوە، ئەگەرچی توركیا ڕاپەڕینی كەمالیســـتەكانی بەخۆوە بینی و ئازایانەو بەهێزانە كاریگەرییەكانی پێشـــووی عوسمانلی سڕییەوە بەڵام ئەمڕۆ لـــە عیراقـــدا فەرمانـــڕەوای عیراقی لە ڕۆحیانەتی عوســـمانی دوور نەكەوتۆتەوە، بـــە هەمان ڕێبـــازو ڕێگەی عوســـمانلی كار دەكات كـــە چێژبینینە لـــە تاكرەوێتی و توندوتیـــژی و پایـــە بڵندێتیی جگە لە زەمەنـــی عەبدولكەریم قاســـم نەبێت ئەو چوارســـاڵ و نیوە بۆ ڕووبـــە ڕووبوونەوەو وەڵامدانەوەی نەیارو ڕكابەرانی سیاســـی لە مێژووی عیراقدا ساڵانێكی جیاواز بووە لەوانی تر،ئێستا چۆن مامەڵە لەگەڵ نەیار یان ڕكابەر دەكرێت، بـــۆ لاوازكردنی نەیار یـــان ڕكابەر كار دەكرێتن بـــە بەكارهێنانی دوو ڕێگە: ڕێگەی عەبدولكەریم قاسمی و ڕێگەی مالیكیانەیە، مالیكی شەش ساڵان لـــە هەردوو كابینـــە وەزارییەكانی یەكەم و دووەمی سەرقاڵبوو بەوەی چۆن ڕووبەڕووی نەیارەو ڕكابەرانی خۆی بێتەوە،جارێ با لە ڕێگەی عەبدولكەریم قاسمی بدوێین



**حەســـەن عەلـــەوی ڕۆژنامەنووس و بیرمەنـــدی عێراقـــی/ بـــرای بیرمەندی عیراقی هادی عەلەویە و لە ســـاڵی ١٩٣٦ لەشاری بەغدا هاتۆتە دنیاوە و دەرچووی كۆلێژی ئادابی زانكـــۆی بەغدابووە یەكێك لە مامۆســـتاكانی لەو ســـەردەمە بیرمەندی كۆمەڵناســـی عێراقی عەلـــی وەردی بـــووە، لەزەمانـــی سەرۆكی پێشووتری عیراق ئەحمەد حەسەن بەكر، عەلەوی یەكێك بووە لە نزیكەكانی ســـەدام حوسین و بە محەمەد حەسەنین هەیكەلی سەدام حسێن ناســـرابوو، هەروەها ماوەیەك سەرنووسەری گۆڤاری ئەلف بای عیراقی بووە، پاشان لەدەستی ڕژێمی سەدام حوسین هەڵاتووە و چۆتە پاڵ ئۆپۆزسیۆنی عیراقی و لە تاراوگە ڕۆژنامەی ( المؤتمر) دەركردووە، هەروەهـــا عەلەوی لەســـەردەمی ڕژێمی بەعسدا ڕەخنەی لە پەراوێز خســـتنی شـــیعە دەگـــرت، بەڵام لـــەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ ەوە، ڕەخنە لە شیعەش دەگرێت بەتایبەتـــی لە كتێبەكەیدا بەناونیشانی (شـــیعة العراق شیعة السلطة)، بێجگە لەمەش عەلەوی چەندین كتێبی دیكەی هەیە.**

**ماليكى خۆى مەشغوڵ كردووە بە ڕكابەرانيەوە و بيردەكاتەوە چۆن ڕووبەڕوويان بێتەوە. كەچى عەبدولكەريم قاسم حەزى بەو ڕووبەڕووبونەوانە نەبوو. بڵكو بۆ نەهێشتنى بيانووى ئەوان لەوەى دەكۆڵيەوە چۆن داخوازييەكانى گەل لە ئەستۆ بگرێت**

ئەو كات هەموو هێزە سياسييەكانى وەك بەعسييەكان و قەومیەكان و كۆنەپارێزان و تەنانەت كەنداوو هێزە نيشتمانخوازەكانى وەك حزبى شيوعى يان تەنانەت حزبى بەعس و سعوديەو ميسريش هەروەها مەرجەعە ئايينيەكانى سوننەو شيعەكانيش لە دژى بوون، نەيارەكانى قاسم لە ئەژمار نەدەهاتن، لە بەرانبەردا ئەم چى دەكرد، ئايا خۆى پێوەيان سەرقاڵ بكردايە وەك چۆن ئێستا ماليكى بە بەردەوامى هەموو كارو كاتى خۆى تەرخان كردووە بۆ سەرقاڵبوون بە ڕكابەرو نەيارانى خۆيەوە، نەخێر قاسم ئەمەى نەكردو ڕێگەيەكى تايبەتى هەڵبژارد، نەيارانى خۆى فەرامۆش كردو وەڵامى نەدەدانەوە لاى لە كەسيان نەدەكردەوە لەبرى ئەوە ڕووى لە خەڵكى كردو دەچووە لاى نانەواخانەكان تا بزانێت كێشى گونكە هەوير چەندە، كارى دەكرد بۆ فەراهەمكردنى خانوو شوقەى نيشتەجێبوون بۆ ئەو خەڵكانەى لە دەشتەكاندا بێ ماڵ و خانوو بوون، گوندە هاوچەرخەكانى بينا دەكرد، زەوى وزارى بەسەر خەڵكيدا دابەش دەكرد، عەبدولكەريم ڕووبەڕووى نەيارانى بووە بە ڕيفۆرمى كۆمەڵايەتييەوە، نەك تەنيا لەسەر كاغەز بەڵكو بە كردار، بەڵام ماليكى هەموو كاتى خۆى بە خۆخەريككردنيەوە بە نەيارەكانى تەرخان كردووە، خۆى ماتەڵكردووەو خۆشى نازانێت چى دەكات، بۆيە ماليكى هيچى بەرهەم نەهانيوە،بوارێكى بۆ خۆى نەهێشتۆتەوە شتێك بەرهەم بهێنێت، ماليكى عەبدولكەريم قاسم نييە، ماليكى حزبى لە پشتە عەبدولكەريم حزبى نەبوو، ماليكى خۆى مەشغوڵ كردووە بە ڕكابەرانيەوە و بيردەكاتەوە چۆن ڕووبەڕوويان بێتەوە، قاسم حەزى بەو ڕووبەڕووبوونەوانە نەبوو بەڵكو بۆ نەهێشتنى بيانووى ئەوان لەوەى دەكۆڵييەوە چۆن سەرپەرشتى گەل لە ئەستۆ بنێت، بۆيە جەماوەر دواى قاسم كەوتن و پشتيان كردە ڕكابەرانى، تەنانەت مەرجەعيەتەكانيش چوونە پاڵ قاسم و پشتيان كردە بنەچەى خۆيان، شيوعيەكان كەرت كەرت بوون و تا دوايەمين چركەسات زۆربەيان بەرگرييان لە قاسم دەكرد، كورديش ئێستا ئەو هەستەيان سەبارەت بە قاسم لادروست بووە لە كتێبى بزاڤى ڕزگاريخوازى كورددا بارزانى ڕاى تايبەتى لەسەر ئەم حاڵەتە هەيەو بە نەوازشەوە باس لە عەبدولكەريم قاسم دەكات. لەسەر هەمان حاڵەت لە نامە گۆڕكێيەكى نێوان خۆم و ماليكيدا، ماليكى ڕاوبۆچوونى منى وەرگرت، وێڕاى ئەوەى حزبى دەعوە تانەو تەشەريان تێدەگرتم.

بە بەعسى بوون تۆمەتبارم دەكەن، لێرەدا بۆ مێژووى دەيڵێمەوە حزبى دەعوە تانەو تەشەربارانى عەبدولكەريم قاسميشيان دەكرد لە هەموو ئان و سات و بۆنەيەكدا، ئەو كاتەى من لە ئۆپۆزسيۆندا بووم وەڵامم دەدانەوە پێم دەوتن ئێوە هەڵەن، ئەمرۆش لە لايەن ماليكى نامە ئاراستەم دەكرێت ودەڵێت ((بەڵێ ئێمە هەڵە بووين و ئەوەى بە حەقى عەبدولكەريم قاسم دەيڵێى ڕاستە)) ئومێد دەخوازم لە ماليكى شتێكى ترم لێ وەربگرێت ئەويش گرنگيدانە بە مەسەلەيەكى زۆر گرنگە ڕێگەى مامەڵەكردنى عەبدولكەريمە بۆ نەيارانى خۆى كە بە گەل ڕووبەڕوويان

**ڕێكخراوى قاعيدە بە نوێنەرايەتى سوننە. جەنگيان لە ناو عيراق بەرپاكرد. تا سوننە بەخۆ هاتنەوە كار لە كار ترازا. چەقەڵيان هێنا ڕاويان بۆ بكات نەيانزانى چەقەڵ بەردەبێتە وێزەى بەرهەمى ڕاوكرنەكەشيان. تا ناچار بوون بەوەى سەحوە دروست بكەن**

بوويەوەو لەوەشدا سەركەوتنى وەدەست هێنا بە بەڵگەى ئەوەى كەس ئەمڕۆ نەيارەكانى نايەتەوە بير، بەڵام هەموو خەڵكى عيراق عەبدولكەريميان لە يادە، وەچەكانى دواتر نەيانبينيەوە و پەنجا ساڵ تێپەڕيوە بەسەر ساتى لە سێدارەدانيداو هەر لە ويژدانى خەڵكيدايەو باسى لێ دەكەن هەر كەسێك بيەوێت ڕێگەكانى سەركەوتن تاقيبكاتەوە پێويستە لايەك لە جەماوەر بكاتەوەو هەر كەسێكيش شكستى بوێت پێويستە لەسەرى كە جەماوەر فەرامۆش بكات، لەو بڕوايەدام ئەم حكومەتەى عێراق، ئێستا دوورترين حكومەتە لە گەلەكەى خۆيەوە.

*** چۆن دەستلەكار كێشانەوەى وەزيرى گەياندن لێكدەدەيتەوە كە ساڵانێكى دوورو درێژە شتى وەها نەديتراوە لە عيراقدا؟**

ـ ڕاستە مێژووى عێراق دەستلەكاركێشانەوەى وەزيرێكى تێدا نەبووە ئەو كات وازهێنان لە

**ماليكى ئارەزووى لە فەرمانڕەوايەتى كردن و لەدەسەڵاتە. هۆگرى دەسەڵات بووە و خۆشى و نۆشى لێدەبينێت. وەك چۆن دەسەڵات زۆر كەس والێدەكات مەست و حەيران بن**

خزمەتەكانى هەبووە نەك ناچارى بكەن بە دەست لەكار كێشانەوەى لەو بڕوايەشدام دەست لەكار كێشانەوەى ئەم وەزيرە پێوەندى نەبێت بە سەوداى بازرگانييەوە چونكە ئەم پياوە دەوڵەمەندەو خاوەنى چەندين كۆمپانياى خۆيەتى بەر لەوەى ببێتە وەزيرى بازرگانيش، زۆربەى وەزيرەكان سەرقاڵن بە سەوداو مامەڵەى بازرگانى كە ئێستا بووەتە شتێكى باو بۆ بەرپرسان بە نموونەش ئەو مليۆنەها دۆلارەى لە وەزارەتى كارەبادا خراوەتە گەڕو لە كوێيەو بۆ لێى ناپرسرێتەوە، خەڵكى پێ مەست دەكەن گوايە دواى دوو ساڵى تر كارەبا باش دەبێت دواى ئەو ماوەيەش كابينەى وەزارى بەسەردەچێت و خەڵكيش هيچ بەرهەمێكى باش بوونى كارەبا بە چاو نابينن ئەداى حكومەت بوونى ديار نييەو ناتوانێت خزمەتگوزارى پێشكەشى هاووڵاتيان بكەن،



ژمارە (٨٩٤) ■ ٢٠١٢/٩/٣

**جەلالەدین سەغیرە هیچ ڕۆڵێکی بۆ نەماوەتەوە لە جنێودان بەم و بەو زیاتر، ناوو پێگەکەی شەرمهێنە بۆ ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی ئەو ئەنجومەنەی بە میانڕەوی ناسراوەو یەکەمین قوتابخانەی شیعییە کە لە دۆزی ڕەوای گەلی کورد تێگەیشتبوو**

حکومەتی عیراق تەنیا لە ناوچەی سەوز گیری خواردووە لە دەرەوەی ناوچەی سەوز شتێك نییە بە ناوی بەڕێوەبردن و کارگێڕی حکومەتەوە، لەو بڕوایەدام یەکتربینینەکانی مالیکی لەگەڵ ئوسامە نجێفی و ساڵح موتڵەك هەوڵێکە بۆ ئیعترافکردن بە نوجێفی تا لە بری عەلاوی مامەڵەی لەگەڵ بکەن تەنیا بۆ ئەوەی هاوپەیمانییەك لە دژی کورد ساز بدرێت، دوور نییە مالیکی بۆ ئامانجێکی وا لە هەوڵدا نەبێت چونکە وڵاتانێکی عارەبی ئەو ئومێدە دەخوازن و چەند فراکسیۆنێکیش لە ناو عیراق هەمان ئامانجیان هەیە عەلاوی سەرەڕای ئەزموونی درێژی سیاسیی و بە حوکمی ئەوەی عیلمانییەکی ڕاستەقینەشە لەسەر لیستی عیراقیە لە ڕوانینی پێکهاتەکانەوە پیاوێکە بە نوێنەری ژینگەو پێکهاتەی عیراقیە، باش نابینرێت، بەڵام عەلاوی گرێکوێرەیەکی دەروونییە بۆ دەوڵەتی یاسا و ئومێد دەخوازرێت عەلاوی بخرێتە دەرەوەی لیستی عیراقیەوەو دووریش نییە عەلاوی نەبێتە هاوپەیمانی تەوژمی سەدری و هاوپەیمانی کوردستانی.

*** حکومەت بە هەنجەت و لە ژێر بیانووی هەبوونی کاری تیرۆریستی لە عیراقدا لە پێشکەوتن و پەرەپێدان خۆی دەدزێتەوەو بێتوانایی خۆی دەخاتە ڕوو، لەم بوارەدا چی دەڵێن؟**

- بێگومان، لەبارنەبوون و سەقامگیرنەبوونی دۆخی ئەمنی ڕێگرە لەبەردەم پەرەپێدان، دوو شت هەن بەربەستن بۆ پەرەپێدان، ستەمی دەوڵەت، لە گرێژنەوەدەرچوونی دۆخی ئەمنی و کۆمەڵایەتی، بۆیە ئیبن خەلدون لەم بارەیەوە پێی وایە، ((ستەم ڕێگەخۆشکارە بۆ کاولبوونی ئاوەدانیی))، شارستانێتی بە ستەم بونیاد نانرێت، لە گرێژنەوەدەرچوونی ئەمنی هاوکار نییە بۆ پەرەپێدان، ئەمەش ڕاستە، من بە کاری تیرۆرکاری ناوی نابەم، بەڵکو ناوی لێ دەنێم لە گرێژنەدەرچوونی دۆخی ئەمنی، بەڵام کێیە بەرپرسیار لە بەرانبەر تێکچوونی دۆخی ئەمنی، بە نموونە سەبارەت بە سەرپەرشتیاری خێزان، ڕۆڵی باوك چییە لە کاتێکدا کیژە جوانکیلەکەی خۆی ببینێت کەرامەت و شەرەفی لەدەست دەدات، کێ لەمە بەرپرسیارە، کیژەکە یان باوکەکەی، بێگومان باوك، مادامەکێ حکومەت بە باوك دەچوێنرێت، ئەگەر یەکێك لە نەوەکانی دز دەربچێت باوکەکە بەرپرسیار دەبێت، کەواتە حکومەت بەرپرس دەکرێت لە بەرانبەر وەزیرێك کە دەست بۆ سامانی



گشتی درێژ بکات.

*** بە هۆی ئەو قسانەی سەغیرەوە ئەو فیتنەیە چییە کە لە نێوان کوردو عەرەب کەوتۆتەوە؟**

- سەغیر چییە تا بتوانێت کاری وا بکات، ئەمە مەحاڵە، بانگەوازی سەغیر لە دژی کورد شۆڤینیستییە، بڕوا ناکەم ئەو پیاوە لەم سەردەمەدا بژی، بڕوا ناکەم کەسێك لەگەڵ گەلی خۆیدا ژیا بێت ئاگای لە دۆزی ڕەوای گەلێك نەبێت کە بە کوردی دروست بوون وەك ئەوەی فرۆکەکانی سوخۆی و میراج و پرۆسەکانی بەدناوی ئەنفال و بۆردومانی کیمیاوی لەسەر ئەو گەلە مەزلومە قینی شۆڤینیانەی ئەمەی تێر نەکردبێت، هانا بۆ مێژوو و داستانەکان بەرێت تا ئیمامی چاوەڕوانکراو کە ئاشتیخوازی و دادوەری بۆ سەرزەمین دێنێت، بکاتە ئیمامێکی قرتێکەری کورد، ئەم جەلالەدین سەغیرە ڕۆڵێکی بۆ نەماوەتەوە لە جنێودان بەم و بەو زیاتر، ناوو پێگەکەی شەرمهێنە بەلای ئەنجومەنی باڵای ئیسلامییەوە ئەو ئەنجومەنەی بە میانڕەوی ناسراوەو یەکەمین قوتابخانەی شیعییە کە لە دۆزی ڕەوای گەلی کورد تێگەیشتبوو، تێیدا سەید موحسین حەکیم فتوای دا بۆ بە حەرامکردنی جەنگ لە دژی کوردو لەو کۆنگرە ئیسلامیانەی بەشداری نەدەکرد کە بۆ هاندانی ڕژێمی پێشوو لە کوشتنی کوردا ساز دەدران، ئەم قسانە زیانبەخشە بۆ پێوەندییە مێژووییەکانی نێوان عەرەبی شیعەو کورد کە زۆرینەیان سوننەن، یەکەمین جاریشە قسەی ناقۆڵا بەم نەفەسە نامۆیەوە دەدرکێنرێت، مەسەلەکە کەوتۆتە بەردەم خانەوادەی حەکیمەوە کە خۆیان بەرائەت بکەن لەم وتە نابەرپرسیارانەی سەغیرە، ئەگەر ئەم قسانە لە دژایەتی کوردیشدا وترا بن ئەوە زیاتر دژایەتیشە بۆ ئیمامی چاوەڕوانکراو کە ڕۆڵی کەسێکی لەناوبەرو قرتێکەری لە لایەن سەغیرەوە دەخرێتە پاڵ، ئەمە خەتایەکی ئەنجومەنی شیعەشی تێدایە کە لە یەکەم ڕۆژی قسەکانی سەغیرەوە لێپرسینەوەیان لەگەڵ نەکردووە دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە سەید عەمار حەکیم ڕێکەوتی ٢٠١٢/٨/٢٩ لەگەڵ مەجلیسی ئەعلا کۆبووەتەوەو زۆر بە توندی بە ئەندامانی حزبەکەی وتووە هیچ فەبرەکەیەکی ڕاگەیاندن لە کەس قبوڵ ناکرێت کە سووکایەتی بە پێکهاتەو ئاینەکانی تێدا بکرێت.

**سەید عەمار حەکیم ڕێکەوتی ٢٠١٢/٨/٢٩ لەگەڵ مەجلیسی ئەعلا کۆبووەتەوەو زۆر بە توندی بە ئەندامانی حزبەکەی وتووە هیچ فەبرەکەیەکی ڕاگەیاندن لە کەس قبوڵ ناکرێت کە سووکایەتی بە پێکهاتەو ئاینەکانی تێدا بکرێت**

# کاردانەوەی کێشەی کورد لە تورکیا





دۆغو ئەرگیل*

مانگانە تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

**ئایا ئەمە ئاساییە بۆ سوپای وڵاتێك سی ساڵە شەڕێکی ناوخۆیی بۆ یەکلانابێتەوە؟**
**ئایا ئەمە ئاساییە بۆ سیستمێکی حوکمڕانی کە بە درێژایی تەمەنی خۆی چارەسەرێکی ڕەوای کێشەیەکی زیندووی ناوخۆی وڵاتی پێ نەکرێت؟**
**هەتاچەند ساڵی ترو تاکەی تورکیا ناتوانێت سەلامەتی ناوخۆیی و سەقامگیری سیاسی خۆی بپارێزێت، لە کاتێکدا ناتوانێت پرسی کورد چارەسەری بۆ بدۆزێتەوەو لەو گرژییەی نێـــوان ئیتنیەکان پێی دەرنایەت کـــە توندوتیژی لێ دەکەوێتەوەو لایەنی ســـایکۆلۆژی وڵاتەکەی دوچاری نیگەرانی بەردەوام کردووە؟**

بیرمەنـــدو توێژەرانی تورکیـــاو وڵاتانی دیکە لە بارەی پرســـی کوردەوە شـــتگەلێکی زۆریان نووســـیوە، سیاســـەتمەدارانیش باس و خواسی خۆیان لە هەمبەر ئەو پرســـە کردووە، کەچی تا ئێستا نەتوانراوە کۆك بوونێك لەسەر پێناساندنی هاوبەشـــانەی ئەم پرســـە بێتە ئاراوە، نەخشە ڕێگەیەکی ڕاســـت و دروستیش بۆ چارەکردنی دانەنراوە، لەبەر ئەوەیە ســـەبارەت بە تێگەیشتن لەم پرسە، چەندین پرسیار وروژاوە، کە ئەم چەند خاڵەی خوارەوە پرســـیارەکانن و هاوکارمانن بۆ تێگەیشتنمان لەم پرسە ئاڵۆزە:

١ـــ ئایا ئـــەم پرســـە بابەتێکی پێوەنـــدارە بە خودی کورد خۆیانەوە یان کێشـــەیەکە پەیوەستە بەو سیســـتمە سیاســـییەی کە جگە لە ئیتنی تورکیایی دەسەڵات بە هیچ پێکهاتەیەکی تری ناو تورکیا نادات..؟

٢ـ دیاریکردنی ئیتنی تورکیایی لە چوارچێوەی ئیســـلامگەرایی و بڕواداریێتی ســـوننەگەرییە وای کردووە ڕاســـیزمانە لە کورد بڕوانرێت یان بـــە هەمان ئـــەم ڕوانینەوە لە هەمـــوو ئیتنیە ناتورکەکانی تریش دەڕوانرێت، یان پرسی کورد لە قەبارەی خـــۆی گەورەتر کراوەتەوە هەر وەك هاووڵاتییەکی یەکســـانی بە ڕەچەڵەك تورکی دەزانرێت.؟

٣ـ ئەگەر پرسی کورد لە ناوەڕۆکدا ئیعترافی پێ کـــرا بێت، ئیتر ئەم یەکگرتوێتی و یەکبوونیەی

نیشـــتمانیی و سەقامگیربوونەی سیاسی چۆن دەپارێزرێت؟

٤ـ ئایا پەکەکـــە وەك دیاردەیەکی زێدەڕۆ بارە بەسەر ئەم پرسەوە یان هۆکاری بە دیاردەبوونی پرسەکەیە.؟

٥ـ ئایا نەتەوەی کـــورد وەك ئیتنیەك منداڵێکی بیژی ناو پزدانی نەتەوەی تورکە؟

٦ـ ئایـــا نەتـــەوەی تورکیـــی وەك ئیتنیەك کە خۆیان بە هەڵبـــژاردەی خەڵکی تورکیا دەزانن، ئەو ئامادەسازییەیان تێدایە بە چاوی یەکسانی سیاســـیەوە کورد وەك خۆیـــان قبوڵ بکەن و لە وەدیهاتنـــی مافـــە کەلتـــووری و مەدەنیەکان هاوکارییـــان بکەن لەســـەر ئـــەو بنەڕەتەی کە ئەوانیش هاووڵاتی ناو تورکیان، ئەگەر ئەمەیان پـــێ قبوڵ ناکرێـــت ئایا ڕووبەڕووی پرســـی بەتورکی کردنیان چۆن بینەوە، کە چارەســـەری ئەمەیان ئاڵۆزتر دەبێت؟

٧ـ ئایا توندوتۆڵکردنی کردەوەی ئەمنی لە لایەن حکومەتی تورکیاوە چەندە لە توانایدایە شەپۆلە هەڵکشاوەکانی توندوتیژی هێور بکاتەوە.؟

٨ـ ئایا زیادکردنی کردە ئەمنیەکان و داخستنی پەدەپە کە پارتێکی کوردی ســـەر بە پەکەکەیە لە توانایدایە چارەســـەرێك بۆ ڕێگرتن لە تیرۆر بدۆزێتـــەوە یان ئەوەتا بۆشـــایی نێوان تورك و کورد بەرینتر دەکاتەوە بەو شێوەیەی کە پەکەکە خوازیارێتی..؟

٩ـ لـــە حاڵەتی ئەوەی پەدەپـــە ناتوانێت خۆی لە پەکەکە جـــودا بکاتەوە، لەبری خۆدزینەوەی حکومەت لـــە هەموو ماف و شـــتێکی کورد باشـــتر نییە ڕێگەخۆش بکات بۆ دامەزراندنی ڕێکخـــراوی مەدەنیانەی کوردی میانڕەو تا لە پێناوی وەدیهاتنی دیموکراتیەت کورد لە دەوری پرۆسەیەکی دیموکراتیانە کۆبکەنەوە..؟

١٠ـ ئەگەر حکومەت لە ڕاکێشـــانی زۆرینەی زۆری کورد شکســـت بهێنێت ئایـــا کورد وەك بارمتەیـــەك ناخاتە گۆڕەپانـــی پەکەکەوە کە پەکەکـــە بۆ خۆی ئەو ئامانجەی هەیە تەواوی گۆڕەپانی سیاسی بۆ خۆی قۆرخ بکات چ لە تورکیا چ لە ناو وڵاتانی دراوسێی تورکیادا.؟

١١ـ ئایـــا ئـــارەزوو و حـــەزی پەکەکـــە لـــە کۆنترۆڵکردنی هەموو کوردو بندەستخســـتنیان لە ژێر ســـایەی دەســـەڵاتێکی توندی خۆیدا نەفرەتێکـــی مێژوویی نییە بـــۆ تاریك بوونی هیواو ئاواتە ڕۆشـــنەکانی کـــورد کە خۆی لە ئاشتی و دیموکراسی دەبینێتەوە.؟

١٢ـ ئایا ڕاســـتە کە دامـــەزراوە تورکیەکان لە بەرنامەیاندایـــە پەکەکـــە ببەزێنـــن بێ ئەوەی چارەســـەری ئەلتەرناتیف بۆ پرســـی کوردان دابنێن؟

١٣ئایا ڕاســـتە پەکەکە شـــەڕ بۆ دامەزراندنی کوردستانێك دەکات کە بە تەنیا خۆی بەڕێوەی بەرێت نەك شـــەڕ بـــۆ وەدەســـتهێنانی مافە مەدەنییەکانی کوردو وەدیهاتنی دیموکراسیەتێکی کامڵ.؟

١٤ـ ئایا ئـــەوەی بینیمان لە کوژرانی تورك بە دەستی تورکەوە لە پرۆسەی قووڵایی دەوڵەتیدا هەمان دیاردە ئێســـتا دوپـــات دەبێتەوە لە لایەن پەکەکەوە بۆ کوشـــتنی کورد بە دەستی کوردەوە بە بێ ئەوەی هیوایەکی یەکگرتوو کۆیان بکاتەوە بۆ مافی یەکسان بوون و دیموکراسی..؟

١٥ـ ئایا سیاســـەت کراوەتە قوربانی دەســـتی کارو کـــردەی ئەمنی و بـــەو هۆیەوە هیچ کام لە لایەنەکان ئامادەییـــان نییە یان خاوەن ئیرادە نین بۆ کۆمپرۆمایز و تێگەیشـــتن لە چەمك و پیادەکردنی دیموکراسی

١٦ـ ئایا دامەزراوە تورکیەکان لە میدیاکانیانەوە پێکدادانی ناو دۆڵ و ســـەر شاخەکان وا نیشان دەدەن کـــە ئەوە پێکادانە لە نێوان تیرۆریســـتان و یەکەکانی ســـوپایە، لە کاتێکـــدا ئەو زیانانە پەردەپۆش و ژێر زەمـــان دەخەن کە بەهۆی ئەم پێکادانەوە سیستمی وڵات پێی کەوتووە؟

١٧ــ ئایـــا جەمـــاوەری تورکیایی ئـــەو وزە جەماوەرییە بێ شـــومارە نابینن کە لە بەهاری عارەبیـــدا ڕژاونەتە ســـەر شـــەقامەکان و چ ڕەوشـــێکی کەلتووری سیاســـی جیاوازی لێ دەکەوێتەوە؟

١٨ـ ئایا جەماوەری تورکیا چارەســـەری پرسی کوردیان لێگەڕاندووە بۆ سیاسەتمەداران و خۆیان بەرپرســـیارێتی لە ئەستۆ ناگرن و ڕێگەچارەی تریان پێ نییە؟

١٩ـ ئایا تورك خۆی لەو باوەڕەدا گیر کردووە کە پرســـی کورد پەیوەستدارە بە ناوخۆی تورکیاوەو لە دەرەوەی چوارچێـــوەی وڵات ناتوانرێت ئەو پرسە چارەسەر بکرێت

٢٠ـ ئایا ئەمە ئاســـاییە بۆ سوپای وڵاتێك سی ساڵە شەڕێکی ناوخۆیی بۆ یەکلانابێتەوە؟

٢١ـ ئایا ئەمە ئاساییە بۆ سیستمێکی حوکمڕانی کە بە درێژایی تەمەنی خۆی چارەســـەرێکی ڕەوای کێشەیەکی زیندووی ناوخۆی وڵاتی پێ نەکرێت؟

٢٢ـ هەتاچەند ساڵی ترو تاکەی تورکیا ناتوانێت سەلامەتی ناوخۆیی و ســـەقامگیری سیاسی خـــۆی بپارێزێت، لە کاتێکدا ناتوانێت پرســـی کورد چارەسەری بۆ بدۆزێتەوەو لەو گرژییەی نێوان ئیتنیەکان پێـــی دەرنایەت کە توندوتیژی لێ دەکەوێتەوەو لایەنی سایکۆلۆژی وڵاتەکەی دوچاری نیگەرانی بەردەوام کردووە؟

*** ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فاتح لە تورکیا و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر دۆزی کورد و یەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی تورکیا**

**ئایا نەتەوەی تورکیی وەك ئیتنیەك کە خۆیان بە هەڵبژاردەی خەڵکی تورکیا دەزانن، ئەو ئامادەسازییەیان تێدایە بە چاوی یەکسانی سیاسیەوە کورد وەك خۆیان قبوڵ بکەن و لە وەدیهاتنی مافە کەلتووری و مەدەنیەکان هاوکارییان بکەن**

**ئایا توندوتۆڵکردنی کردەوەی ئەمنی لە لایەن حکومەتی تورکیاوە چەندە لە توانایدایە شەپۆلە هەڵکشاوەکانی توندوتیژی هێور بکاتەوە.؟**

**ئایا ڕاستە کە دامەزراوە تورکیەکان لە بەرنامەیاندایە پەکەکە ببەزێنن بێ ئەوەی چارەسەری ئەلتەرناتیف بۆ پرسی کوردان دابنێن؟**

**ئایا جەماوەری تورکیا چارەسەری پرسی کوردیان لێگەڕاندووە بۆ سیاسەتمەداران و خۆیان بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ ناگرن و ڕێگەچارەی تریان پێ نییە؟**

# کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەئاستی دڕندەیی ڕژێمی ئەسەد بڕیاری پێ نادرێت




BASHAR







((ئەگەر ڕژێمی ئەسەد چەکی کیمیایی دژی گەلەکـــەی بەکار بهێنێت، ئـــەوا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتـــی و ڕۆژئـــاوا بەرپەرچدانـــەوەی دەســـتبەجێیان دەبێت)) قســـەی ناو ئەم دوو کەوانەیە بـــە بەهێزترین هەڵوێســـتی ئیدارەی ئەمریکـــی دادەنرێـــت دژی ڕژێمی ئەســـەد لەمـــاوەی ١٧ مانگی ڕابردوودا، ڕۆژی پێنج شـــەممەی ڕابردووش هەمان هەڵوێست لەسەر زاری فرانسۆ هۆلاند سەرۆکی فەرەنسا دووبارە کرایەوە، بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەگەر ڕژێمی ئەســـەد وەك ئەوەی ئێستا دەیکات بەچەکی دیکە هێندەی دیکە ســـوریا کاول بـــکات؟ بێگومان هەتا ئێســـتا وەڵامی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ئەم پرسیارە بێدەنگیە و لەوانەیـــە لەئاییندەشـــدا هـــەر بەبێدەنگیی بمێنێتەوە، هۆکاری ســـادەش بۆ ئەم بۆچوونە ڕەشبینیە ئەوەیە کە هەتا ئێستا ڕژێمی ئەسەد زیاتر لەسەد هەزار کەســـی کوشتووە و بەپێی ئاماری ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانیش هەتا ئێستا زیاتر لە٣٠٠ هەزار هاووڵاتی ســـوریا ماڵ و حاڵـــی خۆیان چۆڵکـــردووە و ڕەویان کردووە و بەشێکیان هەر لەناو سوریان و بەشی زۆریشیان بوونە پەناهەنـــدە لەوڵاتانی دراوســـێ، بەڵام وێڕای ڕوودانی ئەم کارەســـاتە گەورە مرۆییە بە بەرچـــاوی هەموو جیهانـــەوە، ئەمجارەش ئەنجومەنی ئاسایش نەیتوانی بڕیارێك دەربکات بۆ دامەزراندنی ناوچەیەکی ئارام لەناو سوریا و ڕێگرتـــن لەفڕۆکەکانی ڕژێمی ئەســـەد بۆ ئەوەی چیتر بۆمبارانی ئـــەو ناوچانە نەکات کە ئێستا لەبەردەســـتی نەماون، دامەزراندنی ئـــەم ناوچەیـــە ئەگەر لەگـــەڵ دامەزراندنی ناوچەی ئارامی سەروو هێڵی ٣٦ کە لەدوای ساڵی ١٩٩١ بۆ کوردستان دامەزراوە، هەروەها ناوچـــەی دژە فڕین کە لەباشـــوری عێراق بۆ ڕێگرتـــن لەفڕۆکەکانی عێـــراق دامەزرا، بۆ بارودۆخی سوریا زۆر کێشە یەکلایی دەکاتەوە، لانی کەم بۆ ئێستا لەبری ئەوەی هاووڵاتیانی

**ئەگەر بتەوێت لەوە تێبگەیت کە بۆچی ئیدارەی ئەمریکا سڵدەکاتەوە لەدەستێوەردان لەسوریا، ئەوا ئەوەندە بەسە کە لەئەنجامی دەستێوەردانی ئەمریکا بڕوانیت لەعێراقدا**

ســـوریا ڕووبکەنە دەوڵەتانی دراوسێ دەتوانن لەناو ســـوریا و لەو ناوچانـــە بحەوێنرێنەوە و کۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتیـــش دەتوانێت باشـــتر هاوکاریان بکات، لایەنێکی دیکەی دامەزراندنی ئەم ناوچەیە دەبێتە هۆکارێك بۆ ڕێکخستنەوەی چەکدارەکان و لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا بـــۆ ئەوەی نەخشـــەیەکی ڕێگـــە دابڕێژن بۆ ڕووبەڕووبوونـــەوەی ڕژێمـــی ئەســـەد، بەڵام بەداخـــەوە پێدەچێت هەتا ئێســـتا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەیتوانیبێت لەسەر ئەم پرسە گرنگە بگاتە ئاکامێکی ئەوتۆ کە سنوورێك بۆ ڕەفتارە دڕندەکانی ڕژێمی ئەســـەد دابنێت، سەبارەت بەم لایەنە پرســـیارمان لەپرۆفیسۆر عیمادەدین ئەحمەد ســـەرۆکی سەنتەری منارە بۆ ئازادی (Minaret of Freedom Institute) کرد، لەوەڵامدا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و گوتی: (لەڕاســـتیدا من نازانم ئایا وەڵامی ئەو پرســـیارە دەزانم یـــان نا. چونکە کاتێك باسی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکرێت، ئەوا چەند کۆمەڵگەیەکـــی نێودەوڵەتی هەن. پێموایە ڕێکخراوەکانـــی کۆمەڵگەی مەدەنی هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم دۆخانە دەدەن، بەڵام لەڕاستیدا چەندین شـــت لەجیهاندا دەگوزەرێن کە ســـەرچاوەی پێویســـتیان بۆ سازنەدراوە بۆ










چارەسەرکردنیان. کاتێکیش باسی حکومەتەکان دەکرێت، ئەوا مەســـەلەکە ئاڵۆز دەبێت، لەبەر ئەوەی حکومەتـــەکان بەرژەوەندی خۆیان هەیە کە پێیانوایە بەهۆی ئەم بارودۆخەوە هەڕەشەیان لەسەر دروست بووە، بەڵام هێشتا نەگەیشتونەتە ڕێگەچارەیـــەك بۆ چۆنییەتـــی مامەڵەکردن لەگەڵیدا. ڕای شەخســـی من ئەوەیە باشترین چارەســـەر بریتییە لەوەی ڕێکخراوەکانی وڵاتە ئیسلامیەکان ڕۆڵی پێشەنگ ببینن لەگەیاندنی هاوکاری بۆ کەمکردنەوەی ئەو قەیرانە مرۆییە، بۆ نموونە بەم دواییە تورکیـــا ڕایگەیاند لەوە زیاتر ناتوانێت پەنابـــەر وەربگرێت، لەبەر ئەوە لەبـــری ئەوەی ئەو ئەرکە بۆ تورکیا جێبهێڵین، ئەوا دەبێت ڕێکخراوەکانی وڵاتە موســـڵمانەکان لەسەرتاســـەری جیهاندا هەوڵی خستنەگەڕ و سازدانی سەرچاوەکان بدەن بۆئەوەی هاوکاری ئـــەو پەنابەرانە بکەن تاوەکـــو تورکیا بتوانێت ژمارەیەکی زیاتر وەربگرێت.. هەروەها سەبارەت بەهاوکاری ئۆپۆزسیۆنیش، من پێموایە هەندێ لەحکومەتە دەرەکیەکان لەسەر ئاستێکی بچووك هاوکاری موعارەزە دەکەن، بۆ نموونە ئەمریکا و ئەڵمانیـــا زانیاری هەواڵگریان پێدەدەن، بەڵام بۆچی لەســـەر ئاســـتێکی گەورەتر هاوکاریان ناکەن، لەبەر ئەوەی ئەم شەڕە ناوخۆییە چەندین لایەنـــی هەیە، چەندین تـــاوان و کاری ناڕەوا لەهەموو لایەکەوە کـــراون، واتە زۆر خوێناویە، لەبەر ئەوە زەحمەتە پێشبینی دەرئەنجامەکانی بکرێـــت لەڕوانگەی بەرژەوەنـــدی گەمەکارە نێودەوڵەتیەکانـــەوە، لەبەر ئەوە لەوە دەترســـن بارودۆخێـــك بێت لەوە خراپتر بێت کە ئێســـتا لەئارادایە. لەڕوانگەی ئەزموونی دەستێوەردانی سەربازیشەوە لەوڵاتانی دیکەدا، ئەوا زەمانەتی ئـــەوە نییە کە ئـــەو شـــەڕە ناوخۆییەی دواتر ڕوودەدات خراپتـــر نەبێت لەبارودۆخی پێشـــوو لەڕووی ئینســـانییەوە. بـــە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی وترا، ئـــەوا لەبری ئەوەی کاربکرێت بۆ ئەوەی ئەو حکومەتانە دەســـتێوەردان بکەن، کە لەبەر ئەو هۆیانەی ئاماژەمان پێکردن ئەم کارە ناکەن، ئەوا لەبری ئەوە باشـــترە ئەو کەسانەی

**بایەخی سەرەکیی ئەمریکا لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەکی بریتییە لەئێران و چین و هەر لەبەر ئەوەیشە ئەمریکا دوودڵە لەدەستێوەردان لەسوریا**

دەیانەوێت بەشـــێوەیەکی ئیجابی کاریگەریان هەبێت لەسەر شەڕە ناوخۆییەکە دەستێوەردانی تایبەت بکەن بەئاســـت و ئەندازەیەك یاســـای نێودەوڵەتی بپارێزن، بەڵام بۆچوونی شەخسی من ئەوەیە ڕەنگە ئەمە ببێتەهۆی خوێناویترکردنی شەڕەکە کاتێك لایەنگەلێکی زیاتر دەستێوەردان لەبارودۆخەکەدا دەکەن)).

بەڵام پرۆفیسۆر جۆناســـان ڕاینهۆڵد تۆژەری بـــاڵای سیاســـەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت لەئامۆژگای ســـادات _ بیگن بۆ دیراساتی ســـتراتیژی، هۆکاری سەرەکی دەگێڕێتەوە بۆ هەڵوێستی ڕوسیا و چین و پێیوایە هەتا ئێستا ڕووســـیا و چین هۆکاری ئاستەنگی سەرەکین لەبەردەم هەڵوێســـتێکی نێودەوڵەتیدا، لەمبارەوە و لەلێدوانێکی تایبەتدا پرۆفیســـۆر ڕاینهۆڵد بەمجـــۆرە ڕای خۆی بۆ گـــوڵان دەربڕی و گوتی: (پێموایە ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپی حەزدەکەن شـــتی زیاتر بۆ سوریا بکەن، بەڵام ئەوان نیگەرانن بەهۆی هەڵوێســـتی ڕوسیا و چین، لەبەر ئەوەی ڕوسیا و چین لەگەڵ ئەوە نین ڕۆژئاوا دەســـتێوەردانی هەبێت، ڕوسیا-ش پێوەندیـــی ســـەربازیی لەگەڵ ســـوریا هەیە، هەربۆیە پێموایە کە ئەمە هۆکارێکە لەپشـــت ئەوەی کـــە وڵاتان بەپێی پێویســـت یارمەتی




**عیمادەدین ئەحمەد بۆ گوڵان:**

## لەبەر ئەوەی حکومەتەکان بەرژەوەندی خۆیان هەیە هێشتا نەگەیشتونەتە ڕێگەچارەیەک بۆ چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخی سوریا



**جۆناسان ڕاینهۆڵد بۆ گوڵان:**

## ڕووسیا و چین هۆکاری ئاستەنگی سەرەکین لەبەردەم هەڵوێستێکی نێودەوڵەتیدا



**ڕۆبەرت ڕابیل بۆ گوڵان:**

## لەسەر ئاستی ئیقلیمی ئەوەی ئێستا لەسوریادا ڕوودەدات شەڕێکی ساردی بەوەکالەتە لەنێوان سعودیە و ئێران

بەڕای من ئەگەر بێت و ڕوسیا — بەشێوەیەکی تەدریجی — لەوە تێبگات کە ڕژێمەکەی ئەسەد بەرەو دۆڕان دەڕوات و ڕوسیا-یش لەلایەن خۆیەوە هەڵوێستەکانی نەرمتر بکاتەوە، ئەوە ئەوکات پێموایە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی بەهێزتر دەستێوەردانی دەبێت، ئەوان پێشوەختە داوایان لەئەسەد کرد دەست لەدەسەڵات بەربدات و بڕوات، بۆیە ئەگەر هەستیان بەوە کرد کە ڕوسیا چیتر پشتگیریی ئەسەد ناکات ئەوە ئەوکات زیاتر ئامادە دەبن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەستێوەردان بکەن. هەروەها کێشەیەکی دیکە لەوەدایە کە ئەمریکا و وڵاتانی دیکە دوودڵن لەپاڵپشتیکردنی ئۆپۆزسیۆن لەبەرئەوەی نازانن پاش ڕووخانی ئەسەد چی ڕوودەدات و نازانرێت کێ جێگەی دەگرێتەوە لەدەسەڵات، بۆیە هەندێکیان لەگەڵ ڕووخانی ئەسەد نین، بەڵام پێموایە ئاڕاستەی ڕۆژئاوا هەر دێت و هەڵوێستی زیاتر وەردەگرێت و زیاتر لەدژی ئەسەد دەوەستێت)).

### هەڵوێستی سارد و سڕی ئەمریکا هەموو لایەکی نائومێد کردووە

ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی لەهەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەبەرامبەر سوریا دەخوێنرێتەوە، ئەوەیە ئەمریکا هەڵوێستێکی سارد و سڕی بەرامبەر ڕژێمی ئەسەد هەیە و هێشتا ئەو هەڵوێستەی پێویستە وەریبگرێت نەیبووە، تەنانەت خاتوو هیلاری کلینتۆنی وەزیری دەرەوەی ئەمریکاش لەکۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی دەوڵەتانی ئەنجوومەنی ئاسایش ئامادەنەبوو کە بۆ قسەکردن لەسەر دروستکردنی ناوچەی ئارام و ناوچەی دژەفڕین لەسوریا گرێدرابوو، سەبارەت بەمەش لەگەڵ ئەوەی هەندێك لەچاودێران هۆکاری ئامادەنەبوونی هیلاری کلینتۆن لەو کۆبوونەوەیە بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا دەگێڕنەوە، بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە بەوە لێکدەدرێتەوە، کە ئەمریکا نایەوێت جارێکی دیکە خۆی بخاتە هەڵوێستێکی هاوشێوەی ئەفغانستان و عێراقەوە، سەبارەت بەبارودۆخی ئێستای سوریا و هەڵوێستی ئەمریکا، پرۆفیسۆر ڕاینهۆڵد لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بەمجۆرە تیشکی خستە سەر ئەم لایەنە و گوتی: (ئەمریکا لەماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا چەندین جەنگی گێڕا لەئەفغانستان و لەعێراق، لەلایەنێکی دیکەوە ئەمریکا دووچاری قەیرانێکی ئابووری گەورە بووەتەوە و لەناو ئەمریکا بۆ حاڵی حازر هیچ ئیرادەیەك بوونی نییە کە ئەمریکا لەهەر شوێنێك تێوەگلێت لەجەنگ، بایەخی سەرەکیی ئەمریکا لەسەر ئاستی سیاسەتی

دەرەکی بریتییە لەئێران و چین و هەر لەبەر ئەوەیشە ئەمریکا دوودڵە لەدەستێوەردان لەسوریا، هەروەك پێشتریش ئاماژەمپێکرد ئەگەری ئەوە دەکرێت ئەمریکا دەستێوەردان بکات، لەوانەیە هەڵبژاردنەکان ڕێگەنەدات بەشێوەیەکی تەواو دەستێوەردان هەبێت، بەڵام هاوکات گریمانەی ئەوە دەکرێت کە ئەمریکا بەڕێژەیەك دەستێوەردان بکات لەبەرئەوەی ڕای گشتی ئەمریکا لەگەڵ ئەو بیرۆکەیە نییە کە ئەمریکا لەجەنگی دیکە تێوەگلێ)).

هەر سەبارەت بەم لایەنەو سەبارەت بەهاوکاری ئەمریکا بۆ بارودۆخی سوریا پرسیاریشمان لەپرۆفیسۆر ڕۆبەرت ڕابیل ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی فلۆریدا ئەتلەنتیك و تایبەتمەند لەسەر سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد، ئەو پێش ئەوەی بێتە سەر هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر سوریا سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای سوریا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و گوتی: (ئەوەی لەسوریا ڕوودەدات دڵتەنگم دەکات، بەڵام لەڕاستیدا ئەوە پێشبینیکراو بوو، لەبەر ئەوەی هەروەك جاری پێشوو کە لەگەڵ (گوڵان) قسەمکرد و ئاماژەم پێکرد، من زۆر نیگەران بووم لەو بارودۆخەی ئێستا سوریا پێیگەیشتووە، جێی داخە کە ئێستا سوریا ڕووبەڕووی چەندین کێشەی ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بۆتەوە. ئەوەی پێوەندی بەناوخۆوە هەبێت ئەوا سوریا کێشەیەکی گەورەی هەیە، شیکەرەوە و توێژەران زۆر باسی تائیفەگەریان دەکرد، کە ئێستا تائیفەگەری لەلوتکەدایە لەسوریا، ئێستا کەمینەی عەلەویەکان هەن کە زۆر نیگەرانن و لەپاڵ ڕژێمەکەدان، هەروەها کەمینەکانی دیکە هەن کە نازانن بچنەپاڵ کاملایان، موعارەزە یان ڕژێمەکە، لەبەر ئەوە لەم ڕووەوە ئومێدی من ئەوەیە پێکهاتەی عەلەوی، نەك ڕژێمەکە، هەوڵبدەن گفتوگۆ لەگەڵ هەندێ لەسەرکردەکانی موعارەزەدا بکەن، کە بەداخەوە ئەمە ڕوونادات لەئێستادا. لەسەر ئاستی ئیقلیمیش ئەوەی ئێستا لەسوریادا ڕوودەدات شەڕێکی ساردی بەوەکالەتە لەنێوان سعودیە وئێران، کە دەڵێم ئێران ئەوا ئەمە تا ڕاددەیەکی کەم عێراقیش دەگرێتەوە، چونکە دوایین لێدوانی مالیکی لەبارەی لوتکەی مەککە ئەوەبوو کە وتی سەرکردەکانی جیهانی ئیسلامی کۆبوونەوەتەوە بۆ پیلانگێڕی لەدژی عێراق و لوبنان و سوریا، کەواتە لەئێستادا ئەم دابەشبوونە هەیە، و جێی داخە، ئەم دابەشبوونەش مۆرکێکی تائیفی وەرگرتووە کە سیاسەتی سعودیە و قەتەر و تورکیا زۆر جیاوازە لەسیاسەتی ئێران و عێراق.. ڕاستە عێراق وڵاتێکی خاوەن سەروەریە، ڕاستە ئەمریکا کاریگەری هەیە لەسەر عێراق، بەڵام نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە ئێرانیش کاریگەری هەیە، هەروەها زۆربەی پێکهاتەی خەڵکی عێراق شیعەیە، عەلەویەکانیش شیعەن، لەبەر ئەوە- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد-تائیفەگەری لەلوتکەدایە، کەواتە ناتوانین بڵێین با حکومەتی شیعەی عێراق کاری خۆی نەکات و هاوکاری عەلەویەکان نەکات، بەو پێیە دەبێت لەوە تێبگەین کە شیعەکان دەستی هاوکاری بۆ برا شیعەکانیان درێژ دەکەن. نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت شیعە لەعێراقدا هەن، هەروەها لەسوریا، لەسوریا ئیسماعیلی هەن و عەلەویەکان هەن، بەهەمان شێوە دروزەکان هەن....کەواتە کاتێك باسی عێراق دەکەین دەبێت ئەمانە لەبەرچاو بگرین و ئەمریکاش توانایەکی سنوورداری هەیە لەفشارکردن لەسەر حکومەتی عێراق و کارێکی زۆری لەدەست نایەت. لەسەر

**ڕەوانەنەکردنی سوپا بۆ سوریا هۆکارەکەی بۆ هەڵبژاردنەکان دەگەڕێتەوە...بەڵام هەڵبژاردنەکان پێوەندیان نییە بەوەی ئەمریکا کەم و زۆر هاوکاری موعارەزە بکات**

ئاستی نێودەوڵەتیش لەلایەك چین و ڕوسیات هەیە، هەروەها باقی جیهان، واتە ئەمریکا و ئەورووپای ڕۆژئاوا لەلایەکی دیکەوە، ئەمەش وای کرد خستنەگەڕی هەر هەوڵێکی زەحمەت بێت، هەروەها نیگەرانی هەیە لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا کە ئەمە سەربکێشێت بۆ شەڕی زیاتر و بۆ گرفتی زیاتر و ئەمەش مایەی داخە. سەبارەت بەهەڵوێستی ئەمریکاش، بێگومان من ناتوانم لەبری حکومەتی ئەمریکا قسەبکەم، بەڵکو وەك هاووڵاتیەکی ئەمریکی بیروبۆچونی خۆم دەردەبڕم، حاڵی حازر بەجۆرێك لەجۆرەکان ئەمریکا هاوکاری موعارەزە دەکات و هەماهەنگی لەگەڵ تورکیا و سعودیە و قەتەردا هەیە، واتە ئەمریکا هاوکاریان دەکات بەهاوکاری وڵاتە ئەوروپیەکان و هەماهەنگیکردن لەگەڵ فەرەنسا و بەریتانیای مەزندا، لەبەر ئەوە ناکرێت بڵێین ئەمریکا هیچ شتێك ناکات پێش کۆتایی هاتنی هەڵبژاردنەکان، ڕاستە هەڵبژاردنەکان زۆر گرنگە بۆ ئەمریکا، بەڵام نیگەرانی ئەم ئیدارەیە بۆ ڕەوانەکردنی سەربازە بۆسوریا، کە من پێم وانییە ئەمە ڕووبدات، کە ئەمە لەبەشێکیدا بۆ هەڵبژاردنەکان دەگەڕێتەوە، واتە ڕەوانەنەکردنی سوپا بۆ سوریا هۆکارەکەی بۆ هەڵبژاردنەکان دەگەڕێتەوە.... بەڵام هەڵبژاردنەکان پێوەندیان نییە بەوەی ئەمریکا کەم و زۆر هاوکاری موعارەزە بکات، کە ئێستا ئەمریکا ئەم کارە دەکات)).

هەر سەبارەت بەدابەشبوونی هەڵوێستەکان لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی، پرۆفیسۆر عیمادەدین ئەحمەد لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان بەمجۆرە سەبارەت بەهەڵوێستی ئیقلیمی و خەمساردی ئەمریکا لەبەرامبەر ڕژێمی سوریا هاتە ئاخاوتن: (کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دابەشبووە لەئاست ئەم کێشەیەدا، تورکیا و سعودیە هاوپەیمانی ئەمریکان، لەبەر ئەوە هەوڵێك لەلایەن ئەم وڵاتانەوە بۆ دەستێوەردان لەپێناو هاوکاری کردنی چەکدارانی سوریا، وەك هەوڵێك لێکدەدرێتەوە بۆ دابڕینی سوریا لەئێران، ئێستاش ئەولەویەتی ژمارە یەکی ئەمریکا بریتییە لەسنووردانان بۆ بەرنامە ئەتۆمیەکەی ئێران، لەبەر ئەوە ئەنجامدانی هەر کردەوەیەك لەدژی سوریا ئەم پاڵنەرەی لەپشت دەبێت و لەلایەن لایەنگەلێکی زۆری جیهانەوە بەمجۆرە لێکدەدرێتەوە. ئەوەی پەیوەست بێت بەعێراقەوە، ئەوا ئەمریکا لەدۆخێکی دژبەیەکدایە ئەویش لەپێوەندیدا بەمەسەلەی دەستێوەردانەوە، چونکە ئەگەر بتەوێت لەوە تێبگەیت کە بۆچی ئیدارەی ئەمریکا سڵدەکاتەوە لەدەستێوەردان لەسوریا، ئەوا ئەوەندە بەسە کە لەئەنجامی دەستێوەردانی ئەمریکا بڕوانیت لەعێراقدا، ئەویش کاتێك دەسەڵاتی سەددام حوسێن ڕووخێنرا کە دیکتاتۆر بوو بۆ ناوخۆ و هەروەها دوژمنی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاش بوو لەناوچەکەدا، ئەوا ئێستا ئەو حکومەتەشی هاتۆتەئاراوە هاوسۆزە لەگەڵ ئێران و هاوپەیمانێکی نزیکێتی، ئەمەش ئەو دەرئەنجامە نەبوو کە ئەمریکا ویستی، کەواتە کاریگەری ئەمریکا سنووردارە و ئێستاش ناتوانێت دووبارە هێز بنێرێتە ئەو وڵاتە بۆ ئەوەی پێگەی خۆی بەهێز بکاتەوە لەعێراقدا. لەبەر ئەوە پێموایە پلاندانەرە سیاسیە واقیعبینەکانی ئەمریکا پرسیاری ئەوە دەکەن ئایا ئەگەر هاوکاری چەکدارانی سوریا بکەین ئایا چ دەرئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە لەئاییندەدا؟ لەلایەکی دیکەوە کەسانێکی دیکە هەن لەوە دەترس دەستێوەردان ئاکامی نەخوازراوی لێبکەوێتەوە)).





## باڵیۆز چارلس دونبار بۆ گوڵان:

# ڤیتۆی ڕوسیا و چین جوڵەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی لەبەرامبەر ڕژێمەکەی ئەسەد پەکخستووە

**باڵیۆز چارلس دونبار کە ئێستا وانەبێژە لەزانکۆی بۆستن، پسپۆر و تایبەتمەندە لەدارشتنی سیاسەتی ئەمریکا و سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەساڵی ١٩٦٢- ١٩٩٣ یەکێك بووە لەفەرمانبەرانی کاروباری دەرەوە لەوەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و لەو ماوەیەشدا چەندین جار پۆستی باڵیۆزی ئەمریکای لەوڵاتانی قەتەر و یەمەن و ئەفغانستان پێ سپێردراوە، بۆ قسەکردن لەسەر باری ئێستای سوریا و هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەهەمبەر ئەو بارودۆخە دژوارەی ئێستا سوریا پێیدا تێدەپەڕێت، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی باڵیۆز چارلس دونبار کرد و بەمجورە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** وێڕای هەڵکشانی ئاستی توندوتیژی و ژمارەی قوربانیان و ڕێژەی کۆچبەران بۆ وڵاتانی دراوسێ، بۆچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تاکو ئێستاش هەر بێدەنگە؟**

- کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێدەنگ نییە، بەڵام ئەمریکا و وڵاتانی دیکەش واپێیانباشترە لەرێگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بجووڵێنەوە، بەڵام هەروەك ئاشکرایە بەهۆی ڤیتۆ-ی ڕوسیا و چین بەداخەوە هیچ جووڵانەوەیەك لەئارادا نییە.

*** بەڵام شەڕێکی خوێناوی و گەورە لەنێوان هێزەکانی ئەسەد و میلیشیا نیشتمانییەکان هەیە و هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن و میلیشیا چەکدارەکان ناتوانن ڕکابەریی هێزەکانی ئەسەد بکەن لەبەرئەوەی هێزەکانی ئەسەد چەکی قورستریان هەیە و لەئاکامیشدا ناتوانن ڕژێمەکە بڕووخێنن و خوێنڕشتن هەر بەردەوامە، بەڕای تۆ کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی توانای دەستێوەردانی نەبێت ئیتر بۆ لەسەر ئاستی ناوخۆییدا یارمەتیی ئۆپۆزسیۆن نادەن بۆ پێ ڕووخاندنی ڕژێمەکەی ئەسەد لەلایەن ئۆپۆزسیۆن-ەوە؟**

- نەتەوە یەکگرتووەکان پاکتی خۆی هەیە و بەپێی بەندەکانی ئەو پاکتە ڕێوشوێنی پێویست وەردەگرێت بۆ پیادەکردنی، هەربۆیەیش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بڕیاریداوە لەم کەیسەدا ئەو ڕێوشوێنانە بگرێتە بەر کە پاکتی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆی دیاری دەکات، سەرۆك ئۆباما وتی ئەگەر سەلمێندرا کە سوریا چەکی کیمیایی هەیە ئەوە ئەوکات



ئەو ڕەفتارەی ڕژێمی سوریا تێڕوانینەکانی ئەمریکا دەگۆڕێت.

*** لایەنێکی دیکەی گرنگ کە کاریگەریی لەسەر کەیسەکەی سوریا هەیە، نزیکبوونەوەیە لەهەڵبژاردنەکانی ئەمریکا، پسپۆران پێیانوایە تا هەڵبژاردنەکان کۆتایی نەیەت ئەمریکا ناتوانێت هیچ بڕیارێك دەربکات، بەڕای تۆ ئایا دەکرێ چارەنووسی وڵاتێك، سوریا، لەگەڵ بەرژەوەندییە ناوخۆییەکانی وڵاتێك، هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا، گرێبدرێتەوە؟ ئەوە ڕەوایە؟**

- لەڕاستیدا، بەڕای من کەیسەکەی سوریا پێوەندیی لەگەڵ بەرژەوەندییە ناوخۆییە سیاسییەکانی ئەمریکا نییە، هەربۆیە من پێموایە کە ئەم مەسەلەیە مەسەلەیەکی زۆر گەورە نابێت لەمیانی هەڵبژاردنەکانمان بۆ سەرۆکایەتی.

*** لەسەر ئاستی ئیقلیمی، عەرەبستانی سعودیە و تورکیا ئیرادەیەکی بەهێزیان هەیە بۆ ڕووخاندنی ڕژێمەکەی ئەسەد، بەڵام ئەو هەڵوێستە تەنیا لەمیدیاکاندایە و تاکو ئێستا هیچ هەنگاوێکی پراکتیکییان نەگرتۆتەبەر بۆ ڕووخاندنی ڕژێمەکە و لەڕووی پراکتیکییەوە هیچیان نەکردووە، ئایا ڕای تۆ لەمبارەوە چییە؟**

- مەڵێن هیچیان نەکردووە، تورکیا لەسەرتاسەری وڵاتدا هەوڵ و کۆششی زۆریداوە بۆ یارمەتیدانی پەنابەرەکان، لەلایەنێکی دیکەوە — لەشوێنێك خوێندمەوە — عەرەبستانی سعودیە تەمویلی ناردووە بۆ ئۆپۆزسیۆنی سوری و لەوەیەش دڵنیام کە ئەو جۆرە هاوکارییانە بەردەوام دەبێت، هەربۆیە قسەکەتان ورد نییە کە دەڵێن «هیچیان نەکردووە».

*** مەبەستمان لەوەدایە کە هەر لەسەرەتای شۆڕشەکەی سوریا-وە تورکیا گەرموگوڕ بوو لەسەر پاڵپشتیکردن لەئۆپۆزسیۆن هەموو وڵاتانیش پێشبینیی ئەوەیان دەکرد تورکیا دەستێوەردانی سەربازی بکات بۆ یارمەتیدانی گەلی سوریا و ڕاگرتنی کوشتنی ڕۆژانەی سڤیلەکان، پرسیارەکەمان ئەوەیە کە ئایا بۆچی هەوڵی زیاتر نەبووە بۆ بەرفراوانکردنی هەوڵی هەرێمی بۆ پێ ڕووخاندنی ڕژێمەکەی ئەسەد و ڕاگرتنی توندوتیژی و کۆمەڵکوژی؟**

- دەبێت هەموو ئەو ڕاستییە بزانین کە کارئەکتەرەکان لەسەر ئاستی ئیقلیمی خۆیان بەو جۆرە ڕەفتار دەکەن کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیان دەگونجێت و بەباشی دەزانن، بەڵام ئەو ڕاستیەش هەیە کە هەموو دەوڵەتانیش بەستراونەتەوە بەپاکتی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەبێت بەپێی ئەو ڕێوشوێنە بجولێنەوە کە ئەو پاکتە بواری پێداوە.

*** عێراق خۆی بەهاوپەیمانی ئەمریکا دەزانێت و ڕێککەوتنی ستراتیژی لەنێوانیاندا هەیە، بەڵام ئاشکرایە حکومەتی عێراق پاڵپشتی لەڕژێمەکەی ئەسەد دەکات بۆ مانەوەی لەدەسەڵات، بەڕای تۆ بۆچی ئەمریکا کاریگەریی نییە لەسەر هەڵوێستەکانی حکومەتی عێراقی؟**

- ئاشکرایە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ئەمریکا هیچ نفوزێکی لەسەر حکومەتی عێراقی و ڕەفتارەکانی نەماوە، عێراق بڕیاریدا قسە و پێشنیارەکانی ئەمریکا فەرامۆشبکات و هەموو بۆچوونێکی لەلایەن ئەمریکا-وە ڕەتکردووەتەوە، بۆیە ئەمریکا شتێکی زۆری پێناکرێ لەمبارەیەوە، ئێمە پارە و خوێنی زۆرمان لێ ڕۆیی، بەداخەوە عێراقییەکانیش خوێنی زۆریاندا بۆئەوەی عێراق ببێت بەخاوەنی حکومەتێکی باشتر، لەکۆتاییدا گەیشتینە ئەو ئامانجە، بەڵام حکومەتی عێراقی زیاتر بایەخیداوە بەهەڵوێستەکانی حکومەتی ئێرانی.

*** پێشبینییەکان چین لەبارەی توندوتیژییەکانی سوریا و پێتوایە تاکەی درێژە دەکێشێت و تاچەند پێتوایە ئێران پاڵپشتی لەڕژێمەکەی ئەسەد بکات لەڕێگەی پارە و چەك و تاچەند پێتوایە خەڵکی سوریا مەینەتیی زیاتر بچێژن؟**

- پێموایە ئازاری زیاتر دەچێژن، ئەوەیش کە تاکو ئێستا لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا ڕوویداوە ئومێدبەخش نییە هەر لە دەست لەکارکێشانەوەی بەڕێز کۆفی عەنان وەکو میانگیرێك تا دەگاتە هەڵوێستە بەردەوامەکەی ڕوسیا لەبارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەفتارەکانی ڕژێمەکەی ئەسەد، بەڵام بەلایەنی کەمەوە نەتەوە یەکگرتووەکان یەکێك لەدیپلۆماتە بەتواناکانی خۆی دەستنیشانکردووە بۆئەوەی جێگەی بەڕێز عەنان بگرێتەوە، من لەو بڕوایەدا نیم لەمەودایەکی کورتدا سەرکەوتوو بێت، بەڵام بەردەوام دەبێت لەهەوڵەکانی.

# ئێزیدییەکان..
# نموونەی کۆمەڵگای چینایەتی



ئازا حەسیب قەرەداخی

ئەو نەخشەی ئامارەی کە کۆمەڵەی شاهانەی جیۆگرافی لە ساڵی ١٩١٠دا دەری کردووە، ئاماژە بۆ رەگەزنامەی ئێزیدییەکان دەکات و نووسیویەتی (کوردن، هۆزێکی کۆنی کوردانن لەسەر دیرۆك و دێرینی خۆیان ماون و زۆربەی دابونەریتەکانیان کوردین)[١].

هەرچەندە ئێزیدییەکان زۆر نهێنیپارێزن و ئایینەکەیان لە جۆری ئایینە هەناوییەکانە و تەنیا لە دڵەوە بنەما و داب و سرووشەکانی دەگوازنەوە، وەلێ بە (شکاندنی بەربەستەکانی حەرامکردن و ترس)[٢]، لەم ساڵانەی دواییدا هەندێ لە لاوە رۆشنبیرەکانیان بەشێك لەو نهێنییانەیان بڵاوکردەوە* و دەرگایەکی نوێیان لەبەردەم توێژینەوەی زانستی و لێکۆڵینەوەی مەیدانی کردەوە. بەم کارەشیان خزمەتێکی گەورەی زانست و زانیاریان کرد و بەشێکی زۆریان لەو بەدگومانییەش رەواندەوە کە دژیان هەڵبەستراون.

بونیادی کۆمەڵایەتیی ئێزیدییەکان لەسەر بنەمای (هۆزی عەشایەریی ـ ئایینیی، لە شێخ و پیر و شوێنکەوتوو)[٣] دروست بووە و «ئەنجوومەنی رووحانی» باڵاترین دەسەڵاتە لەناو ئەو سستەمەدا.

سستمی کۆمەڵایەتی زاڵ پیاوسالاریی توند و تۆکمەیە. هەموو شوێنگە و دەسەڵات و ئەرکە ئایینییەکان و گشت پایە و پلەکانی سەرۆك و ئەندامانی ئەنجوومەنی رووحانی بۆ پیاوان قۆرخن و بەهیچ کلۆجێ جێی ژنیان تێدا نابێتەوە.

بونیادی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای پلەبەندیی ئایینیی ـ چینایەتی دامەزراوە. بەواتایەکی دیکە هەر پلەیەکی ئایینی خۆی لەخۆیدا پلەیە و شوێنگەیەکی کۆمەڵایەتیشە و چینێکی کۆمەڵایەتی لە رووی دەسەڵات و ئەرك و جیاوکەوە دروستکردووە.

دابەشبوونی چینایەتی لەناو ئیزیدییەکاندا تا رادەیەکی زۆر لە پلەبەندی عەشیرەتی کوردان دەچێ، بەتایبەتی لەوەدا کە (پلەی شێخ و شوێنگرەوەکانی لە پلەکانی میر و ئاغا و ئەوانەی دەوریان دەچێ)[٤].

ئەم پلەبەندییە لە شێوەی هەرەمدا رێکخراوە و پلە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان، لە لووتکەی ئەو هەرەمەوە تا بنکەکەی دابەشکراوە. ئەم سستمە لە لایەن (دوو شێخ، یەکێکیان دونیایی و ئەوی دیکە رووحانی)[٥] بەڕێوە دەبرێت.

کۆمەڵگای ئیزیدی کۆمەڵگایەکی چینایەتییە لەسەر بنەمای دەسەڵات و ئەرکی ئایینیی چینە کۆمەڵایەتییەکان پلەبەند کراون. ئەرکە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان تێیدا لە نێوانی پلە روحی و دونیاییەکانیدا دابەش کراون. هیچ پلەیەکیش، چ لە دەسەڵاتدا، چ لە ئەرك و بەرپرسیارێتیدا سنووری پلەیەکی دیکە نابڕێت. پلەو پایە ئایینییەکان، لەگەڵ ئەوانیشدا پلە و پایەی چینی کۆمەڵایەتیش کنێتییە و بە میرات لە باوکانەوە دەمێنێتەوە بۆ کوڕانیان، نە دەگۆڕدرێن، نە هەموار دەکرێن، نە جێگرەوەیان هەیە. هەر ئەوەن کە هەبوون، هەر ئەوەش دەمێنن کە هەن.

(میری میران) لە لووتکەی ئەم دابەشبوونە هەرەمییەدایە، کاروباری کۆمەڵایەتی و ئایینی کۆمەڵەی ئیزیدییەکانی لە ئەستۆیە و تا رادەیەك (دەسەڵاتی رەهای هەیە)[٦] . لە دوای ئەو ئەم پلانە دێن:

١- (بابا شێخ)، بەرزترین پلەی رووحییە ئەرکی تایبەتمەندی ئەو جێبەجێ کردنی ئەرکە ئایینییە باڵاکانە و پێویستە لە رووی رەچەڵەکەوە لە نەوەکانی شێخ فخرەدین بێت**.

٢- (پێش ئیمام)، لە نەوەکانی شێخ حەسەنن***.

٣- (پیر)

٤- (کوچەك) تایبەتمەندن بە رێکخستنی هەندێ کاروباری ئایینەوە، وەکوو رۆژووگرتن و رۆژووشکاندن. ئەمانە تا ئەوپەڕی سنووری توانای مرۆیی پابەندن بە پەرستن و عیبادەتەوە. لەمەیاندا زۆر بە سۆفی و کەهەنان دەچن.

٥- (قەوال). حیکایەتخوان و زمان پاراو و گەڕۆکن و هەڵگری حەوت سنجوقەکەن**** و لە رێی ژەنین و سروود چڕینەوە، کار لە دەروونی شوێنکەوتوان دەکەن.

٦- (مجێور) کەسانی مەزاری پیرۆزن.

ئەم پلەبەندییە بۆتە سستمێکی چینایەتی لەلای ئێزیدییەکان و کۆمەڵێك جیاوکی بۆ چینە باڵاکان مەیسەر کردووە، لەلایەکەوە (سەرۆکە رووحییەکان دەسەڵاتیان لە سەرۆکە دونیاییەکان زیاترە)[٧] . لەلایەکی تریشەوە ئەم پلەبەندییە پشکدارە لە دروستکردنی (سستمێکی کۆمەڵایەتی داخراوی پیرۆز)[٨]، کە رێ لە هەر بزاوتێکی هەڵکشاو یان داکشاوی کەسەکان و کۆمەڵەکان دەگرێ و ناهێڵێ لە پلەیەکی ئایینیی ـ کۆمەڵایەتییەوە هەڵکشێن بەرەو پلەیەکی سەرووتر، هەروەکوو چۆن ناهێڵێ لە پلەیەکیشەوە بێنە خوارێ بۆ پلەیەکی دیکە.

شوێنگەی ئایینیی- کۆمەڵایەتی کنێتییە، واتە بۆماوەییە و هەر کەسێك لە چ چینێکی کۆمەڵایەتیدا و لە هەرکام لەو پلە ئایینییانەی ناو هەرەمی دابەشبوونی پلەکاندا لەدایك ببێ هەر ئەو پلەیە وەردەگرێ و تا مردنیش هەر لەوێدا دەمێنێتەوە.

سستمی پلەبەندی ئایینیی ـ کۆمەڵایەتی ئێزیدییەکان پشکدارە لە دروستبوونی دابەشبوونی دەسەڵات و ئەرك و جیاوکەکاندا و هیچ گۆڕانکارییەکیان تێدا ناکرێ و نابێ بکرێ. تەنانەت کەسێك لە چینەکانی خوارەوەی هەرمەکەدا خودان بڕوانامەی بەرزی زانستی و توانا و لێهاتوویی پیشەیی بێ یان رێز و تەقدیری کۆمەڵایەتی و پۆستی باڵای سیاسی یان حکومی یان پەرلەمانی هەبێ، لە ناو ئێزیدییەکان خۆیاندا و بەپێی ئەو پلەبەندییە چینایەتییەی هەیانە، ئەو کەسە هەر ئەوە دەبێ کە هەیە و هەبووە و بەرز نابێتەوە بۆ سەرووتر لە چینەکەی خۆی. کەسێکیش لەبەرامبەر ئەودا کە خودان هیچ بڕوانامە یان شارەزایی و لێهاتوویی پیشەییە نییە، هیچ پۆستێکی سیاسی یان رەسمی نییە، بەڵام لە چینە باڵاکانە لە هەرەمی دابەشبوون و پلەبەندی ئایینی ـ کۆمەڵایەتیدا،

بونیادی کۆمەڵایەتیی ئێزیدییەکان لەسەر بنەمای (هۆزی عەشایەریی ـ ئایینیی، لە شێخ و پیر و شوێنکەوتوو) دروست بووە و «ئەنجوومەنی رووحانی» باڵاترین دەسەڵاتە لەناو ئەو سستەمەدا

ئەوا هەر ئەوە دەبێ کە هەیە و هەرگیز دانابەزێ بۆ چینێکی خوارتر.

سستمی چینایەتی ئایینیی ـ کۆمەڵایەتی ڕێ نادات کەسی یەکەم بەو هەموو خەسڵەتە گرنگانەیشیەوە بیزوێ و هەڵکشێ بۆ سەرووتر لەو شوێنگە ئایینی ـ کۆمەڵایەتییەی تێیدا لەدایک بووە. هەروەها ڕێگەیش نادات کەسی دووەم دابەزێ بۆ پلەیەکی ئایینی کەمتر و چینێکی کۆمەڵایەتی نزمتر لەوەی تێیدا لەدایک بووە.

سستمی چینایەتی ئایینیی ـ کۆمەڵایەتی ئێزیدییەکان کاریگەرییەکانی دابەزیوە بۆ ئاستی ڕێکخستنی سستمی خێزان و ژیانی هاوسەرێتی. لێرەشدا بە جۆرێك ڕەنگی داوەتەوە کە دەقاودەق نموونەیەکی دیکەی داخرانی خودی سستمەکەیە. هاوسەرێتی لای ئێزیدییەکان، نەریت و پرۆسەیەکی بەتەواوی داخراوە. نە ژن لە شوێنکەوتووانی ئایینەکانی دیکە دەهێنن، نە کچیان بەوان بەشوو دەدەن. لەمبارەیەوە سستمی «شەرعەت»یان هەیە کە یەکەم ڕێسایە لە سێ ڕێساکەی حەرامکراوان و هاوسەرێتی لەگەڵ موسڵمانان و غەیری ئەواندا حەرام دەکات. لەلایەکی تریشەوە هاوسەرێتی لەناو خودی خۆشیاندا بەپێی دابەشبوونی چینایەتی پرۆسەیەکی چینایەتی داخراوە. ئێزیدییەکان بەپێی دابەشبوونی چینایەتی زەواج دەکەن و شەش کۆمەڵەی لێك جیای زەواجیان هەیە. لەمبارەیەوە سستمی «تەریقەت» هەیە کە دووەم ڕێسایە لە سێ ڕێساکەی حەرامکراوان و هاوسەرێتی کەسێکی ئێزیدی، چ کوڕ، چ کچ، لەگەڵ نەوەکانی شێخەکەی یان پیرەکەی یان پەروەردەکارەکەی حەرام دەکات*****.

لەسەر بنەمای ئەم سستمی هاوسەرێتییە، دکتۆر خەلیل جندی لە هەمان کتێبدا کە وەکوو سەرچاوە ئاماژەم پێکردووە، دەڵێت: لەلای ئێزیدییەکان هاوسەرێتی سستمێکی هەرەمی ئاڵۆزە و لە شەش کۆمەڵەی هاوسەرێتی ناوخۆیی پێکدێت کە هەر کۆمەڵەیەك تەنیا لەناوخۆی خۆیدا زەواج دەکات، ئەوانیش بریتین لە کۆمەڵەکانی: (ئادانی، شەمسانی، قاتانی، کۆمەڵەی پیر مەممەان، کۆمەڵەی پیرەکانی دیکە، شوێنکەوتووان). هەر کەسێ لەم ڕێوشوێنانە دەرچێ و سەرپێچی بکات، بۆ هەتاهەتایە لە کۆمەڵەی ئێزیدییان دەردەکرێ و هیچ جارێکی دیکەیش وەرنا گیرێتەوە.

**پەراوێز و سەرچاوەکان**

**١- عبود، زهير كاظم، الأيزيدية، حقائق وخفايا وأساطير، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت، ط١، ٢٠٠٥. ص٢٤**

**٢- جندي، خليل، الأيزيدية والإمتحان الصعب، دار آراس، ط١،أربيل، ٢٠٠٨.ص٦٥**

*** ئەو هەولانە بە دامەزراندن و کردنەوەی سەنتەری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لالش گەیشتە ئاستێکی بەرز و ڕێکخراو. ئەم سەنتەرە بە پشتگیری و هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ١٩٩٣/٥/١٢ هاتە کردنەوە. گۆڤاری لالش دەردەکات کە تێیدا لەپاڵ وتار و توێژینەوەی زانستی تایبەت بە ئێزیدییەکان و ئایینی ئێزیدی، دەقە ئایینییەکانیش بڵاودەکاتەوە. ئەم سەنتەرە ئەرشیفێکی دەوڵەمەندییان لە سەرچاوە و بەڵگەنامە و دیکیۆمەنت هەیە لەبارەی ئایین و سرووش و دابونەریتەکانی ئێزیدییانەوە.**

**تەنانەت بە قەولی «دکتۆر جمال رشید ئەحمەد» هەردوو کتێبی «جلوە» و «مصحفی ڕەش» کە دوو دەقی پیرۆزی ئێزیدییەکانن و بە زمانی کوردی نووسراون و بنەماکانی ئەم ئایینەیان تێدایە، پێشتر تەنیا بە زارەکی دەگێڕدرانەوە و نەوە دوای نەوە بۆیان دەمانەوە، بیستن و لەبەرکردنیان بۆ غەیرە دین حەرام بوو. لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە بە هەوڵی هەندێ لە ڕۆشنبیرانی ئێزیدی نووسراونەتەوە و وەکوو کتێب چاپکراون.**

**٣- جندي، خليل، هەمان سەرچاوە، ل ٧٥**

**٤- نيكيتين، باسيلي، الكرد، نقله من الفرنسية وعلق عليه: الدكتور نوري الطالباني، دار سبيريز للطباعة والنشر، ط١، دهوك ٢٠٠٨.ص ٣٢٩**

**٥- أحمد، جمال رشيد، ظهور الكورد في التأريخ، دار آراس ،ج٢، ط٢، أربيل، ٢٠٠٥. ص٨٩٣**

**٦- الخيون، رشيد، الأديان و المذاهب بالعراق، منشورات الجمل،ط١، دون الإشارة إلى منشأ الدار، ٢٠٠٣.ص٧٠**

**** شێخ فەخرەدین، وەکوو ئەوەی لە «مصحفی ڕەش»دا هاتووە، «مەلەك تورائیل»ـە کە خودا لە ڕۆژی شەممەدا خەلقی کردووە. بە قەولی «زهێر کازم عەبود»یش لەو کتێبەیدا کە پێشتر وەکوو سەرچاوە بەکارمان هێناوە و ئاماژەمان پێکردووە، یەکێکە لە کوڕەکانی «شێخ شەمس» و پلەپایەیەکی گەورەی لە دەروونی ئێزیدییەکاندا هەیە.**

***** شێخ حەسەن، وەکوو ئەوەی لە «مصحفی ڕەش»دا هاتووە، «مەلەك دردائیل»ـە کە خودا لە ڕۆژی دووشەممەدا خەلقی کردووە.**

****** حەوت سنجوقەکە، پێ دەچێ ئاماژە و سیمبول بن بۆ ئەو حەوت فریشتە «مەلەك»ـە کە لە مصحەفی ڕەشدا باسیان کراوە کە خودا بۆ هاوکاریکردنی خۆی لە بەڕێوەبردنی گەردووندا، خەلقی کردوون. ئەوانیش ئەم مەلەکانەن کە هەر یەکەیان بەم ڕیزبەندییە لە ڕۆژانی یەك هەفتەدا خەلق کراون: ڕۆژی یەکشەممە، مەلەك ئیزرائیلی خەلق کرد کە مەلەك تاووسە و گەورەی هەموو فریشتەکانە. ڕۆژی دووشەممە، مەلەك دردائیلی خەلق کرد کە شێخ حەسەنە. ڕۆژی سێشەممە، مەلەك ئیسرافیلی خەلق کرد کە شێخ شەمسە. ڕۆژی چوارشەممە، مەلەك میکائیلی خەلق کرد کە شێخ ئەبو بەکرە. ڕۆژی پێنجشەممە، مەلەك جبرائیلی خەلق کرد کە شێخ سجادینە. ڕۆژی هەینی، مەلەك شمنائیلی خەلق کرد کە شێخ ناصرالدینە. ڕۆژی شەممە مەلەك تورائیلی خەلق کرد کە شێخ فخرەدینە.**

**هەڵبەت لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەیش بکرێ کە ئایینی ئێزیدی بڕوای بە تەناسوخ هەیە بۆیە لەگەڵ ناو هێنانی هەر فریشتەیەکدا ناوی یەکێك لە شێخەکانیشیان هاتووە.**

**٧- نيكيتين، باسيلي، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٩**

**٨- عبود، زهير كاظم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠**

******* بەپێی دابونەریتەکانی ئایینی ئێزیدی و ئەو سستمە کۆمەڵایەتییەی هەیەتی بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هەر کەسێکی ئێزیدی شێخێك و پیرێك و پەروەردەکارێك و مامۆستایەك و برایەك یان خوشکێکی ئەو دنیای لەم دنیا هەیە. پیاو نابێ ژن لە کچانی شێخەکەی و پیرەکەی و مامۆستاکەی و پەروەردەکارەکەی بهێنێت و نابێ خوشکی ئەو دنیای مارە بکات. هەروەها کچیش نابێ شوو بکات بە کوڕانی شێخەکەی و پیرەکەی و مامۆستاکەی و پەروەردەکارەکەی، هەروەها نابێ شوو بکات بە برای ئەو دنیای.**

**کۆمەڵگای ئێزیدی کۆمەڵگایەکی چینایەتییە لەسەر بنەمای دەسەڵات و ئەرکی ئایینیی چینە کۆمەڵایەتییەکان پلەبەند کراون. ئەرکە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان تێیدا لە نێوانی پلە ڕوحی و دونیاییەکانیدا دابەش کراون. هیچ پلەیەکیش، چ لە دەسەڵاتدا، چ لە ئەرك و بەرپرسیارێتیدا سنووری پلەیەکی دیکە نابڕێت**

**سستمی چینایەتی ئایینیی ـ کۆمەڵایەتی ڕێ نادات کەسی یەکەم بەو هەموو خەسڵەتە گرنگانەیشیەوە بیزوێ و هەڵکشێ بۆ سەرووتر لەو شوێنگە ئایینی ـ کۆمەڵایەتییەی تێیدا لەدایک بووە. هەروەها ڕێگەیش نادات کەسی دووەم دابەزێ بۆ پلەیەکی ئایینی کەمتر و چینێکی کۆمەڵایەتی نزمتر لەوەی تێیدا لەدایک بووە**

## باڵیۆز محەمەد رفاعە ئەلتەهتەهاوی سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی میسر بۆ گوڵان:

# چۆن دەکرێت دیموکراسیەتی خۆرئاوا پیادە بکەین و لە ناوەڕۆکەکەی دوور بکەوینەوە



لەسەروبەندی سەرهەڵدانی شۆڕشی میسر لە یەنایری ساڵی ٢٠١١دا باڵیۆز محەمەد رفاعە ئەلتەهتەهاوی پۆستە فەرمییەکەی خۆی جێهێشت وەك وتەبێژ بەناوی شێخەکانی ئەزهەر و چووەپاڵ شۆڕشگێڕانەوە لەگۆڕەپانی ئازادی، ئەو نەوەی رفاعە رافع ئەلتەهتەهاوی دامەزرێنەری رینیسانسی فیکری تازەیە لەمیسر،چەندین پلەوپایەی وەك نوێنەری وڵاتەکەی گرتۆتە دەست، تا دواتر کرا بەسەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی کۆمار.

گۆڤاری گوڵان ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ باڵیۆز محەمەد رفاعە ئەلتەهتەهاوی سازکرد، تاکو دیمەن و ئاکاری ئێستای رەوشی میسری لەگەڵدا بخوێنینەوە، بەتایبەتیش دوای گەیشتنی سەرۆکێکی هەڵبژێردراو بۆ دەسەڵات کە عەبای کۆمەڵی ئیخوان موسلمینی لە شانیا کردەوە.

دیمانە: ئەسما ئەلحوسێنی - قاهیرە

*** ئایا میسر لەسەردەمی تازەدا دەگەڕێتەوە نێو رۆڵی میحوەری ئیقلیمی بە پێی ئەو پێشهاتانەی ئێستای ئیقلیمی؟**

- سیاسەتی دەرەوەی میسر لەماوەی رابردوودا بە پاشبەندیی ناسراوە، چالاك دەبوو كاتێ هاوپەیمانەكانی داوایان لێبكردایە، بێ دەنگیش دەبوو ئەگەر داوایان بكردایە، من لەو بڕوایەدام كە ئەمە گۆڕانكاری بەسەردا دێت میسریش دەگەڕێتەوە دۆخی جارانی كە بەئازادی بڕیاری خۆی بدات، دیارە هیچ دەوڵەتێكیش ناتوانێت سیاسەتی دەرەوەی خۆی پیادەبكات ئەگەر بنكەیەكی جەماوەری و دەسەڵاتێكی جێگیری نەبێت، بەڵام لەمەدا چاوەڕوانی هێوربوونەوەی بارودۆخی ناوخۆ دەكرێت، چونكە پیادەكردنی سیاسەتێكی ئەكتیفی دەرەوە وەك ئەوە وایە یەكێك بەرگری لە ماڵی خۆی بكات لە دەرەوی سنووری خۆیدا، هەر ئەمەش كاریگەریی پۆزەتیڤانەی دەبێت لەسەر چالاكییە ئابوورییەكان، لەبەر ئەوە هەرچەند دەوڵەت لە سیاسەتی دەرەوەیدا كاریگەر بێت ئەوەندە دەتوانێت ئەو مەرجە ئابووریانەی لە كۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی بۆی دەستەبەركراوە لەبارتر دەبێت، دواتر سیاسەتی دەرەوە مەسەلەیەك نییە پەیوەست بێت بە رواڵەت و فۆرم بەڵكو بە جەوهەرو ناوەڕۆكەوە.

*** سەردانەكەی سەرۆك مورسی بۆ عەرەبستانی سعودییە چۆن دەخوێنیتەوە كە یەكەم بزاڤی دەرەوەی بوو دوای وەرگرتنی پۆستەكەی، ئایا ئەم سەردانە بەواتای گەیاندنی پەیام بوو بۆ وڵاتانی كەنداو یان بۆ وڵاتانی ئیقلیمی یاخود سەردانێكی ئاسایی بوو لەكاتێكی ئاساییدا؟**

- نەخێر، سەردانێكی ئاسایی نەبوو، هەندێ راستیی چەسپاو هەیە لەعەقڵییەتی هاوبەشی عەرەبیدا، ئەویش ئەوەیە كە هاوكاریی عەرەبی كاریگەرتر دەبێت ئەگەر هاتوو میسر و سعودیەو سوریا لەرووی مێژووییەوە یەكانگیر بوون، بە بەیەكگەیشتنی ئەو وڵاتانە پەیوەندییەكان بەهێزتر دەبن، بەڵام دیداری میسر و سعودیە هەمیشە بەردی بناغەی كاری هاوبەشی عەرەبی بووە، بۆیە سەردانەكەی سەرۆك مورسی سروشتی بوو، گوزارشت لە بیركردنەوەی بژاردەیەكی سیاسیی تازە دەكات لەهەمبەر سعودیەدا.

**سیاسەتی دەرەوەی میسر بە پاشبەندیی ناسراوە**

*** ئایا ئەم سەردانە لەم كاتەدا زەروور بوو؟**

- بێگومان زۆر گرنگ بوو لەكاتێكدا نیگەرانییەكی قووڵ وڵاتانی كەنداوی گرتبووەوە لەئاست پێشهاتەكانی میسردا بۆی بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەكانی میسر ئەو ترس و دڵەڕاوكێیەی رەواندەوە، بەهەرحاڵ سەردانەكە هەنگاوێكی سەركەوتوو بوو بە بیروبۆچوونی زۆر لایەنی دیكە كە یەكەم سەرۆكی هەڵبژێردراوی میسر ئەم هەنگاوە هەڵدێنێت، لە كاتێكدا میسر پێویستی بە هاوكاری و پشتیوانی برا و دۆستی ناوچەكە هەیە.

*** ئایا پەیامێكی ئاراستەكراو نەبوو بۆ لایەنە ئیقلیمییەكان بەتایبەتیش ئێران؟**

- باس لە سیاسەتمەدارێكی ناسراوی میسر دەكەم كە پرسیاری لە سەرۆك مورسی كرد، بەر لەوەی ببێتە سەرۆك، بە فیز و گاڵتە پێكردنێكەوە لێی پرسی :چ ئیسلامێكت دەوێت؟ ئایا ئیسلامی بەنازیر بۆتو لەپاكستان یان ئیسلامی شێخە حەسنە لە بەنگلادیش یاخود ئیسلامی مەهاتیر محەمەد لەمالیزیا یان ئیسلامی رەجەب تەیب ئۆردوگان لە توركیا، مورسی بە توندی وەڵامی دایەوە، ئیسلام هەر ئیسلامە، خۆزگەم دەخواست سەرۆك مورسی گوتبای:میسر و سعودیە بۆ خزمەتی ئیسلام كۆ دەبنەوە چونكە ئێمە نامانەوێ جیاوازی لە ئاییندا بكەین لەسەر بناغەی ئایینزا، ئەمە راستییەكە دەبێت هەموو كەسێك بیزانێت.

*** هەندێ لایەن لە ناوچەی كەنداو لەوە دەترسن كە پەیوەندییەكانی میسر لەگەڵ ئێراندا بەشێوەیەك بێ كاریگەری هەبێت لەسەر پەیوەندییەكانی یان بەرژەوەندییەكانی لەگەڵ وڵاتانی ئەنجومەنی هاوكاریی كەنداودا، ئەمەش لەروانگەی هاوپەیمانی لەگوتاری سیاسیی نێوان «ئیخوان موسلمین» و نێوان ئێران؟**

**پەیوەندییەكانی میسر لەگەڵ ئێراندا سەرچاوەی دوژمنكاری نییە لەگەڵ وڵاتانی كەنداودا**

- هەتا ئێستا هاوپەیمانی نییە لە نێوان میسر و ئێراندا یان لانی كەم دەبینم كە پەیوەندییەكانی نێوان میسر كە سەرۆكێك لە ئیخوان سەرۆكایەتیی دەكات و ئێران زۆر لەوە كەمترە كە هیوامان بۆ دەخواست.

*** ئەمە چۆن لێك دەدەیتەوە؟**

- هۆی سەرەكیی ئەمەش لەوەدایە كە ئێران لە قۆناغەدا پشتگیری لەسووریا دەكات، بەڵام ئەوەی دەمەوێ جەختی لەسەر بكەمەوە گریمان پەیوەندی نێوان میسر و ئێران تۆكمە بوو ئەمەیان لەسەر حیسابی پەیوەندییەكانی نابێت لەگەڵ وڵاتانی كەنداودا، بە پێچەوانەوە دەبێتە پشتیوانییەك بۆ هەڵوێست و سیاسەت و بۆچوونەكانیان، بۆیە ئەو دەوڵەتانە پێویستە پێشوازی لەمە بكەن و دڵگران نەبن.

*** پەیوەندییەكانی میسر و ئیسرائیل لە قۆناغی داهاتوودا چۆن دەبینیت لە سایەی بوونی سەرۆكێك لە ئیخوان و لە سایەی قۆناغێكی پڕ لەشۆڕشگێڕیەت، ئایا پێویستە ئەو پەیوەندییانە ئاراستەی رادیكالیەت وەرگرێت،رێكەوتنامەی كامپ دیڤیدیش قەدەرێك بێت بۆ میسر یان دەتوانرێت بگۆڕدرێت بە شێوەیەك لە بەرژەوەندیی میسردا بێت و گشت سەروەرییەكانی لە سینادا بۆ وەدی بێنێت؟**

-كاتێ بە شێوەیەكی ساكار قسە دەكەین، رێكەوتنامەی كامپ دیڤید پێویستە، ناكرێ وڵاتێك رێكەوتنامەیەك مۆر بكات بە گۆڕینی حكومەت وازی لێبهێنێت، دەبێت رێز لە ئیلتزامەكانی خۆمان بگرین بەپێی ئەم رێكەوتنامەیە، بەڵام لەهەمان كاتدا نابێت مل بنێین بۆ هەندێ شت كە پێویست نییە وەك بەشداری كردن لە ئابڵوقەدانی غەززە، یان لەپاڵ ئیسرائیلدا بین لە دژی حزبوڵڵا لە لوبنان، یان لەرووی ئەمنییەوە هاوكاری دەوڵەتی عیبری بكەین.

*** چۆن دەڕوانییە ئەو دیدارانەی هیلاری كلنتۆنی وەزیری دەرەوەی ئەمریكا و دواتر لیۆن باتیتای وەزیری بەرگری لەگەڵ سەرۆك مورسیدا ئەنجامیان دا، ئایا ئەم ئاماژەیەكە بۆ پەیوەندییەكانی میسر لەگەڵ ئەمریكادا كە ئاراستەیەكی دیكە وەربگرێت یان كاریگەریی هەیە لە گۆڕینی جەوهەری ئەم پەیوەندییانە؟**

-وا پێویست دەكات پەیوەندییەكانی میسر لەگەڵ وڵاتانی زلهێز لە جیهاندا هەر بەهێزبێت، مادامەكی بەرژەوەندییەكان

دەپارێزێت و ڕێزی هاوبەش لەئارادایە، پێم وایە کە پێوەندییەکانی میسر لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکاندا باشتر دەبن، بەڵام هەوڵدەدرێت سەربەخۆ بێت نەك پاشكۆ.

*** دەگوترێت کەئەمریکا ڕۆڵی هەبوو لە قایل کردنی ئەنجومەنی سەربازی بۆ سەرکەوتنی مورسی و پشتگیری لە شەرعیەتی هەڵبژاردن تاچەند ئەمە ڕاستە؟**

-وەڵامی پرسیارەکەت بە پرسیارێك دەدەمەوە: ئایا بڕوا دەکەیت کە ئەنجومەنی سەربازی قایل دەبێت ئەمریکا شتی بەسەردا بچەسپێنێت؟ئایا سەرکردایەتی دەزگای سەربازیی میسری کە بە نیشتمانپەروەری و نەتەوەخوازی ناسراوە قبوڵ دەکات بە ئاراستەی واشنتۆن کاربکات؟ با پێت بڵێم ئەمریکا بە هیچ شێوەیەك حەز ناکات هێزە ئیسلامییەکان بگەنە دەسەڵات، دیارە هاوکاریشی لەگەڵ ئەم هێزانە لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا دەبێت.

**ئەوەی ئێستا لە میسر هەیە ململانێی نێوان دوو ڕەوتە، ڕەوتی ئیسلامی و لیبرالی**

*** مورسی سووربوو لەسەر بەشداریکردن لە لووتکەی یەکێتیی ئەفریقیا لە یۆلیۆی ڕابردوودا، ئایا میسر چالاکییە لەدەستدراوەکەی خۆی دەگەڕێنێتەوە کە باجێکی گەورەی دابوو لە بواری ئاسایشی ئاودا؟**

- ڕاستە، دیار نەمانمان لەگەڵ ئەفریقیادا کاریگەری نەرێنی توندی هەبوو، دیارە ئەم هەنگاوەی سەرۆك مورسیش بەرەو ئەفریقیا مەغزاو ناوەڕۆکی خۆی هەیە کە میسر بگەڕێتەوە ڕیزی ئاڕاستەکانی ئەفریقیاوە، سەردانەکەیشی بۆ ئەسیوبیا و ئامادەبوونی لە لووتکەی ئەفریقیا گەڕانەوەی میسرە لەسەر ئاستی سەرۆکەکەی بۆ ئەم کۆنگرەیە، کەواتە بەشداریکردنی سەرۆك مورسی لە دوا لووتکەی ئەدیس ئەبابا کاریگەری دەبێت بۆ سەر بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا.

*** پێتوایە گەڕاندنەوەی هەیکەلیەتی پێوەندییە دووقۆڵییەکانی میسر – ئەمریکا و میسر – ئیسرائیل، کاریگەری دەبێت بۆ سەر پشتگیریی ئەمریکا لە ئابووریی میسر بە تایبەتی کە هەردوو لا هەژموونێکی فراوانیان لەدامەزراوە داراییە نێودەوڵەتییەکاندا هەیە؟**

-لە ڕاستیدا ئەو پشتگیرییە ئابوورییەی ئەمریکاو وڵاتانی دیکە پێشکەشی میسری دەکەن خێرو چاکە نییە بەڵکو لە ڕیزبەندی ئابووری و سیاسیدایە وێڕای ئەمەش میسر بازاڕێکی گرنگە بواری وەبەرهێنانی تێدایە، هەر ئەمەشە وای کردووە کە وڵاتان ڕووی تێبکەن، بەڵام نابێ ئەوە لەبیربکەین کە ئەو پشتیوانییەی سندوقی دراوی نێو دەوڵەتی پێشکەشی میسری دەکات زیانی لە قازانجی زیاترە.

*** دیمەنی بارودۆخی ئێستای میسر چۆن دەخوێنیتەو، ئایا پێی ناوەتە قۆناغی سەقامگیری بەتایبەتی دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆمار؟**

-دیارە سەقامگیری مەرجێکی پێویستە بەڵام هێشتاکە نەگەیشتووینەتە ئەم سەقامگیرییە، ئەوەی ئێستا لە میسر هەیە ململانێی نێوات دوو ڕەوتە،ڕەوتی ئیسلامی و لیبرالی،واتا لەنێوان ویستێکی میللی کە لە سندوقی هەڵبژاردندا گوزارشت کرا لە نێوان ناوەندی پشت بەستوو بە دەزگایەك کە دەسەڵاتی ڕەهای هەبوو بە بێ هیچ سەنەدێك یاسایی و ویستێکی میللی،بەهەرحاڵ دوو جۆر سەقامگیری هەیە، یەکەمیان سەقامگیرییەك کە گەڕانەوەیە بۆ چەوسانەوەو ستەم، دووەمیان بریتییە لە سەرکەوتنی ویستی میللەت.

*** ئایا مەبەستت ئەوەیە کە ململانێی ئێستا لەسەر دەسەڵات لە میسر لەنێوان هێزەکانی یەنایرو هێزەکانی دژی ئەواندایە؟**

- بەڵێ، ململانییەکەلەنێوان هەردوو لادایە.

*** مانای وایە هەندێ هێز تا ئێستا لە نێو دەزگاکانی دەوڵەتدا ماون کە توانای بەلا ڕێدابردنی شۆڕشی یەنایریان هەیە؟**

- ئەمە ڕاستەو بەداخەوە وایە، جا بۆ ڕاشکاوی قسە نەکەین، سەرۆکێکمان هەیە سەر بە شۆڕشە و دەزگاکانیش کە بە(دەوڵەتی دێرین) ناوزەد کراون زۆربەیان سەر بە ڕژێمی پێشوون، ئەمەیە کرۆکی ململانێیەکە.

*** بۆ دوورکەوتنەوە لە سیناریۆی ستەم و خزانە نێو باوەشی دژەشۆڕشەوە، چی پێویستە بە ڕای تۆ بۆ پاککردنەوەی ئەودەزگایانە لەو گەندەڵییەی پێوەی دەناڵێنن؟**

- ڕێگام بدە باس لە گرنگترین خاڵ بکەم وەك ڕایەکی تایبەتی خۆم،ئەویش شیاندنەوەی ئەوکەسانەن کە لە نێودەزگاماندا بە گەندەڵ ناسراون، ئەوانە لەڕاستیدا وا دەزانن کە شۆڕش دژی ئەوان بەرپابووە، بەڵام هەتا ئەوانەمان چاککرد، هێشتا گرفتێکی دیکە ماوە ئەویش واقیعی وڵاتەکەیە کەدەبێت یاسا ڕۆڵی هەبێت، تا ئێستاش دەسەڵات لەچنگی ئەوانەی پێشوودایە کە میللەت هەڵی نەبژاردبوون.

**هەندێ هێزی عەلمانی هەن، نایانەوێت ئایین ڕۆڵی هەبێت لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا یان سیاسەت بکات، ئەمەش مافی خۆیانە و عەیب نییە بە مەرجێك زاراوەی وا لە شوێنی خۆیدا بەکار بێنن**

*** کەواتە چۆن لەو قەیرانە ڕزگار دەبین؟**

- دەرچوون لە بڕوابوون بە خوداوەیە، دواتر بەپشت بەستن بە میللەت و خوێندنەوەی مێژوو کە بۆ دواوە ناگەڕێتەوە، کە ئاماژە دەکات بۆ ئەو ڕاستییەی کە دەنگی ئازادی و ویستی گەلان هەرچەند درێژە بکێشێت وەکو خۆر هەر دەبێت دەربکەوێت، ئێمە لە ٢٤ی یەنایەری ٢٠١١ بڕوامان نەدەکرد ڕژێمی پێشوو بڕووخێت، بەڵام دوایی بینیمان چۆن تەخت و تاراجی تێکشکا، کێ بڕوای دەکرد گەنجەکانمان بێ ڕێکخستن بتوانن ئەم ڕژێمە لە ڕەگوڕیشە دەربهێنن، بۆیە نابێت گاڵتە بە ویست و توانای ئەم میللەتە بکرێت، کە بە هێزی لەبن نەهاتووی خۆی ئەم داستانەی تۆمارکرد.

*** هەوڵی چڕ لەئارادایە بۆ لەباربردنی شۆڕش، ئامانج لەمەدا چییە و چۆن دەتوانرێت بەرەنگاری ببینەوە؟**

-ئەو هەوڵانەی کەلەماوەی ڕابردوودا خرانەگەڕ مەبەست شێواندنی بارودۆخەکەبوو هەروەها گەڕاندنەوەی بۆ پێش سەرهەڵدانی شۆڕش کە بە دژە شۆڕش ناسراوە، ئامانجی سەرەکیش ئەوەبوو کەهەرەس بە شۆڕشگێڕان بێنن و وورەیان سڕبکەن، ئەوان لەو ئەجندایانەیدا دەیانویست میللەت برسی بکەنەوەو پشێوی کۆمەڵایەتی بنێنەوە،

ڕاستییەکان بۆ هەموو لایەك دەرکەوتن کە کێ لە پشتیانەوەن و هێزی دەرەکی و ناوخۆیی و ئیقلیمی هانیان دەدەن، تا ئێستاش ئەو هەوڵانە هەر بەردەوامن، بۆیە من لەو بڕوایەدام کە ئەگەر هاتوو میسر لەم قەیرانە ڕزگاری بوو پێگەی ڕاستەقینەی خۆی وەدەست هێنایەوە دەتوانێت گۆڕانکاریی لەناوچەکەدا بکاتە بەرژەوەندی خۆی و وڵاتانی دیکەی عەرەبیش بپارێزێت.

*** بەڵام ئایا لەو بڕوایەدا نیت کە گرفتەکە لەو هەڵانەدایە کە شۆڕش بە درێژایی ساڵێك و نیو ئەنجامی داون؟**

- بەڵێ، هێزەکانی شۆڕش هەڵەی زۆری کردووە، تا گەیشتە پەرتەوازەیی و دابەشبوون، بۆیە ئەو هەڵانە کاریگەرییان هەبوو لەسەر یەکلاکردنەوەی جیاوازی و ناکۆکییەکانی نێوان خودی هێزەکان و جەماوەر دیارە بە پرەنسیبی دیموکراسیش لە هەموو شۆڕشێکدا ئەم جۆرە ڕەفتاران دێنە ئاراوە.

*** ترسە و نیگەرانییەکە لەوەدایە کە ئیخوان دەسەڵات قۆرخ بکات بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە، دواتر شێوەی ڕژێمی پێشتری لێبکەوێتەوە یان وەك حزبی نیشتمانیی هەڵوەشاوە بە دیدگایەکی دیکە کە خۆی لەحزبی ئازادی و دادپەروەریدا بەرجەستە دەکات؟**

-هەندێ هێزی عەلمانی هەن، نایانەوێت ئایین ڕۆڵی هەبێت لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا یان سیاسەت بکات، ئەمەش مافی خۆیانە و عەیب نییە بە مەرجێك زاراوی وا لە شوێنی خۆیدا بەکار بێنن بەواتای داواکردن بەدەوڵەتێکی مەدەنی کە سوپا بیپارێزێت، چونکە ئەمەیان مانای بەسەربازیکردنی دەوڵەت دەگەیەنێت، ئەمەیە تێکەڵکردنی

> **دەمەوێت بە دکتۆر مورسی بڵێم ئەوەیە کە داوای لێدەکەم پشت بە میللەت بەهێزبکات کە هەڵیبژاردووە و ئامۆژگاری دەکەم لەگەڵ جەماوەر ڕاشکاو بێت و بچێتە ناو جەوهەری گرفت و کێشەکانیانەوە**

کارتەکان، بەڵام ئەوەی پەیوەندی هەیە بە دەسەڵات وەرگرتنی حزب لە وڵاتدا دەبینین تورکیا سەرۆك و سەرۆك وەزیرانی و سەرۆك پەرلەمانەکەی و هەموو پارێزگارەکانی سەر بەحزبی گەشەپێدان و دادن،لە فەرەنساش کاتێ «فرانسوا ئۆلاند» لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوت، میللەتی فەرەنسا پاداشتیان کردو ڕێزیان لێنا، دواتر حزبس سۆسیالیستی چەپ گشت دەزگاکانی دەوڵەتی گرتە دەست، بۆیە حزبی فەرمانڕەوا حەقی خۆیەتی وڵات بەڕێوە ببات بەڕێژەیەکی زیاتر چونکە زۆرینەیە، ئۆپۆزسیۆنیش چاودێریی ئەدای حکومەت دەکات.

*** ئێستا دەتەوێت چی بە سەرۆك بڵێیت؟**

- ئەوەی کە دەمەوێت بیڵێم بە دکتۆر مورسی ئەوەیە کە داوای لێدەکەم، پشت بە میللەت بەهێز بکات کە هەڵیبژاردووە و ئامۆژگاری دەکەم لەگەڵ جەماوەر ڕاشکاو بێت و بچێتە ناو جەوهەری گرفت و کێشەکانیانەوە، چونکە زۆر لەوانەی کە دوێنێ دژایەتییان دەکرد ئەمڕۆ لایەنگیریی دەکەن، میللەتیش سەرچاوەی هێزو دەسەڵاتە.

*** ئایا هەست دەکەیت تا ئێستا پشت بە دەورو پشتە ئیخوانییەکە دەبەستێت یان لێی دوورکەوتۆتەوە؟**

-لە ڕاستیدا جیاکردنەوەی سەرۆك لە حزبەکەی یان دوورخستنەوەی بێ مانایە، بەڕاشکاوی ئەوان هاوڕێی خەبات و یەك ئامانج و بیرو باوەڕبوون، هەرچەندە لەوەتەی هاتوومەتە کۆشکی سەرۆکایەتی نەمدیوە، بەڵام داوای لێدەکەم پشت بەو کەسانە ببەستێت، کە بڕوای پێیان هەیە، ئیخوانەکانیش هاووڵاتی میسرین، دەپرسم چۆن دەکرێت دیموکراسیەتی خۆرئاوا پیادە بکەین و لە ناوەڕۆکەکەی دوور بکەوینەوە. ئایا ئۆباما مافی ئەوەی نییە ڕاویژکارو تیمەکەی خۆی لەوانە هەڵبژێرێت کەبڕوای پێیانە.


*** چی تیایە کە هەندێ ئیخوان لە پلەوپایەی بەرزی دەوڵەت دابنرێن؟**

- هیچ لارییەك لەمەدا نییە، ئەگەر مەرجیان تێدا بوو، ئایا ئەوانیش میسری نین و پاشان زۆرینەن.

*** لەو قۆناغە دژوارو پڕ لە کێشمەکێشەدا، لە چەسپاندنی دیموکراسیەتدا لە چی دەترسن؟**

-ئەوەی لێی دەترسین سەرپێچی و پێشێلکردنی ئیخوانەکانە لە یاساو بنەما گشتییەکان، هیچ کێشەیەك نییە چونکە دیموکراسییەت پەیژەیە بۆ هەمووان ئەوەی بباتەوە پێیدا سەردەکەوێت دۆڕراویش دادەبەزێت، ترس لەوەدایە یەکێك بەم پەیژەیەدا سەربکەوێت و بگاتە لووتکەی دەسەڵات دواتر لاری بکاتەوەو ڕێگە نەدا کەسی دیکە شوێنی بگرێتەوە.

*** کەواتە چۆن سنوورێك دابنێین بۆ خیانەتکردن و تاوانبارکردنی بێ بنەما و گومان کردن لەنیشتمانپەروەریدا؟**



- من سەرم سوڕدەمێنێت کە چۆن یەکێك دەتوانێت میسرییەك بەم شێوەیە تاوانباربکات جا چ ئیخوان بێت یان نا، ناکرێ هەر لەخۆمانەوە خیانەتی نیشتمانی بدەینە پاڵ میسرییەك تەنانەت هەتا ئەندامێکی حزبی نیشتمانی هەڵوەشاوەش بێت، چونکە خەڵکی زۆر بەشەرەف هەیە کەدڵسۆزن بۆ وڵات، پاشان کێ حزبی ئازادی و دادی هێنایە سەر حوکم، ئایا میللەتی میسر نەبوو؟ کەواتە ئەگەر بە خیانەت تاوانبارمانکردن مانای وایە هەموو میللەتمان بە خائین ناوبرد، بۆیە باشترین ڕێگە ئەوەیە کە هاووڵاتیان هۆشیار بکەینەوەو ڕێگە بەوانەیش نەدەین کە ماف و ئازادی لە جەماوەر زەوت بکات.

# پرسی بازرگانی و پیشەسازی لەنێوان پەرلەمان و وەزیری بازرگانی و پیشەسازی

بازرگانی و پیشەسازی کە بەدوو بواری گرنگی ئابووری لەهەرێمی کوردستاندا دادەنرێت کەموکوڕی پێوە دیارە، تەنانەت نەتوانراوە بەپێی خواســت و ویســتی هاووڵاتیان و قۆناغەکە لەڕووی جۆرو چەندایەتیــەوە کاری گەورەو باش ئەنجــام بدرێت، ئەمڕۆ زیاتر لــە ١٥ هەزار کۆمپانیا لەهەرێمی کوردســتان هەیە کە ژمارەیەکی کەمیان روویــان لە کەرتی بەرهەمهێنان و پیشەســازی کردووە، لەبواری بازرگانیشدا نەتوانراوە هاوسەنگیەک لە قەبارەی هێنراوو هەناردەکان بەدیبهێنرێت، هەر ئەمە بۆتەهۆی ئەوەی بەلێشاو کاڵاو کەرەستەی ئێکسپایەرو کوالێتی نزم و خراپی وڵاتانی دەوروبەروو بیانــی لەبازاڕەکانی هەرێم ببینرێت. ســەبارەت بــەم دوو بوارە پرســیارمان لە سەرۆکی لیژنەی پیشەســازی و وزە لەپەرلەمانی کوردســتان کردوو، دواتر بۆچــوون و ڕەخنەکانــی بەڕێزیان ئاراستەی سنان چەلەبی وەزیری بازرگانی و پیشەسازی کرد، ئەویش لەنزیکەوە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.





## سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و وزە لەپەرلەمانی کوردستان بۆ (گوڵان):

- وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی زیاتر کاری بازرگانییە
- پشتگیری کارگە ئەهلیەکان وەکو پێویست ناکرێت
- پێدانی کارگەی رستن و چنینی هەولێر بەکەرتی تایبەت زیانێکی گەورەیە
- کۆنترۆڵی جۆری لەهەرێمی کوردستان بێسەروبەرە

### بۆچوونەکانی لیژنەی پیشەسازی و وزە لەپەرلەمانی کوردستان

یاوز خورشید سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و وزەو سامانە سروشتیەکان لەپەرلەمانی کوردستان سەبارەت بەکار پڕۆژەکانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی وتی: لە پەرلەمانی کوردستان بەبەردەوام گفتوگۆو بەدواداچوونمان لەسەر کاروچالاکیەکانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی کردووە، تێبینی ئەوەش دەکەین: «زیاتر کارو ئیشی وەزارەتەکە بازرگانییە نەك پیشەسازی، چونکە ئەو وەزارەتە لەبواری پیشەسازییەوە پەکی کەوتووە»، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەرتی گشتی هیچ کارگەیەك دانامەزرێنن، سەرەڕای ئەوەش ئەو کارگانەی وەکو ڕستن و چنین و جگەرەو چیمەنتۆو مەڕمەڕ کە پێشتر هەبوون داخران و هەندێکیشیان وەکو کارگەی رستن و چنینی هەولێر کە لەسەر رووبەی ٦٧ دۆنم زەوییە بۆ کارگەی بیپسی درا بەکەرتی تایبەت و، کرێکارو کارمەندی ئەو کارگە حکومیەش بەشێکی کەمی لەکارگەکان کار دەکەن، ئەوانی تر هەر بەبێکار ماونەتەوەو موچەی خۆیان وەردەگرن، ئەمەش بووەتە بارگرانیەکی قورس لەسەر بودجەی بەگەڕخستنی وەزارەت، پێدانی کارگەی رستن و چنین بەکۆمپانیای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران بوو نەك رەزامەندی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، ئەمەش بەزیانێکی گەورەی دادەنێین.


سەبارەت بەو کارگانەی کە لەلایەن کەرتی تایبەت دامەزراون یاوز خورشید وتی: لەهەرێمی کوردستان ژمارەیەك کارگەی کەرتی تایبەت دامەزراوە، کە بەشی زۆریان لەکارکەوتوون، چونکە بەپێی پێویست لەلایەن حکومەت و وەزارەتەوە پشتگیری نەکراون و نەیانتوانیوە لەرووی جۆرو نرخەوە کێبڕکێ لەگەڵ بەرهەمی هاوردەی بیانی بکەن، هەروەها ئەو پێداویستیانەی کە کارگەکان پێویستیانە نەتوانراوە بۆیان دابین بکرێت وەکو سووتەمەنی و کەرەستە سەرەتاییەکان و پێشینەیەکی گونجاوی پیشەسازی. تەنانەت پێدانی قەرزی پیشەسازی بەهۆی گرفت و کێشەکانی بەردەم دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجە زۆر دوادەکەوێت، بۆ نموونە لەساڵی ڕابردوو لە پێشینەکە کەمترین کەس سوودمەند بووە، لێرەدا پێویستە ئەو قەرزەش نەدرێت بەو کەس و سەرمایەدارانەی کە زۆر دەوڵەمەندن، چونکە کەسی زۆر دەوڵەمەند ئەو قەرزە کاریگەری لەسەر دامەزراندن یا دانەمەزراندنی کارگەکەی نابێت، بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی دامەزرانی کارگەش رۆتینێکی کوشندە هەیە تەنانەت زۆربەی جار لەکۆمپانیاو سەرمایەدارەکان داوای هاوبەشیکردنیان لێدەکرێت.

سەبارەت بەیاساو رێنماییەکانیش سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و وزەی پەرلەمان وتی: یاسای وەزارەت کە لەلایەن وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و ئەنجومەنی وەزیرانەوە دانراوەو لەپەرلەمان پەسەندکراوە، لەلایەنی قەرزی پیشەسازییەوە هەموار کرا بۆ ئەوەی لەقەرزەکەدا دەستەی وەبەرهێنان سوودمەند نەبێت، هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی دامەزراندنی کارگەش ئەگەر یەکێك داوای مۆڵەت لەوەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بکات دەبێت سەرمایەو ئامێرەکانی لە ٧٦ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لەم بڕەش کەمتر بێت ژوورەکانی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان دەتوانن مۆڵەت بەو کەسە بدەن، لەمبارەیەوە دەبێت بۆ هەموو کەس و لایەنێك کە داوای دامەزراندنی کارگە دەکات لەڕەچاوکردنی دەسەڵات و ئیمتیاز و رێنماییەکان جیاوازی لەنێوانیاندا نەکرێت، بەڵام دەبینین کارگە هەیە ماوەیەکی زۆرە مۆڵەتی وەرگرتووە، کەچی تا ئێستا زەوییان بۆ دابین نەکردووەو هەندێ کەسیش هەیە ئەمڕۆ مۆڵەت وەردەگرێت پاش چەند ڕۆژێك زەوی بۆ تەرخان دەکرێت، لەکاتێکدا کە دەستەی وەبەرهێنان مۆڵەت بە کارگە یا بەپڕۆژەیەك دەدات ئەوە یەکسەر زەویشی بۆ دابین دەکات، لێرەدا دەستەی وەبەرهێنان دەسەڵاتی ڕەهایە.

لەتەوەرەیەکی تردا سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و وزە وتی: کارگەیەکی زۆر لە هەرێمی کوردستان لەلایەن کەرتی تایبەت دامەزراوە کە بەشی زۆریان کار ناکەن، هەربۆیە ئەو پێشینەی پیشەسازییەی هەیە پێویستە زیاتر بە دامەزراندنی کارگەی بچوك و مامناوەندی بدەن. لەلایەکی ترەوە بوونی کۆنترۆڵی جۆری پێویستە تاوەکو کۆنترۆڵی ئەو هەموو کەرەستەو کەلوپەلە خراپە بکەین، ئێستا کۆنترۆڵی جۆری لەهەرێمی کوردستان هەیە بەڵام بێسەروبەرە، بۆ نەمانی ئەو

**لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لەدابینکردنی زەویدا رۆتین هەیە بەپێچەوانەی دەسەڵاتی رەهای دەستەی وەبەرهێنان**

بێسەروبەرییە پێویستە تاقیگەکانی کۆنترۆڵی جۆری هەر هەموویان لەژێر یەك چەتر کۆببنەوە. هەروەها لەبارەی دروستکردنی سایلۆ و کۆگای ساردکەرەوە کە زۆر پێویستن بۆ هەرێم سەرۆکی لیژنەی پیشەشازی و وزە وتی: هەرێمی کوردستان بۆ هەڵگرتنی دانەوێڵە بەتایبەتی گەنم و جۆ و مسۆگەرکردنی ئاسایشی خۆراك پێویستی بەچەندین سایلۆ هەیە ئەمەش لە کارو پرۆژە و ئەرکەکانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازییە.
هەروەها لەتەوەرەیەکی تردا سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و وزە گوتی: رەخنەیەکی زۆر لەسەر دابەشکردنی چیمەنتۆ بەسەر هاووڵاتیاندا هەیە، ئێمە بەدواداچوونمان لەمبارەوە کردووە، زۆربەی ئەوانەی لەماوەی رابردوو داوای چیمەنتۆیان لە وەزارەت کردووە کاتێك نۆرەیان دێت کە خانووەکەیان تەواو کردووە و پێویستیان بە بەشە چیمەنتۆ نییە، پاش بەدواداچوون ئەوە وەزارەت و لایەنی پێوەنداری تر بڕیاریاندا و پێشیان باش بوو کە بەشە چیمەنتۆکەی هاووڵاتیان بگوازرێتەوە لە کارگەوە بۆ ناو کۆگاکانی چیمەنتۆ و پاش ئەوەی دخولیەی بۆ دەکرێت ئینجا خاوەنی بەشە چیمەنتۆکان دەتوانن چیمەنتۆکانیان بفرۆشن.
لەکۆتایدا سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و وزەو سامانە سروشتییەکان وتی: پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان کەموکوڕی هەیە گەرچی ئامادەکاری بۆ گۆڕانکاری تێدا کراوە، ئێمە وەکو لیژنەیەکی پەرلەمان لەسەر بەدواداچوون و ئیشوکار و تێڕوانیمانەکانمان نووسراو بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان دەنێرین و لەپاشان ئەوانیش بەئارەزووی خۆیان دەتوانن نووسراوەکانی ئێمە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەنووسراو بنێرن یا نەنێرن و لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیشەوە بەنووسراو بەدواداچوون و تێڕوانینەکانی ئێمە بۆ وەزارەتی پێوەندار ڕەوانە دەکەن، بەڵام زۆر بەدەگمەن نوسراومان وەڵامی دێتەوە، واتە کار لەسەر بەدواداچوون و کەموکوڕی و چارەسەرکردن ناکرێت، بەڵکو تەنیا نووسراو لەپێناو نووسراودا دەکرێت.



## سنان چەلەبی وەزیری بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ (گوڵان):

- **کارگەکانی کەرتی تایبەت رووی لەزیادبوون کردووە**
- **بەمنزیکانە سایلۆی هەولێر بەتوانای ٦٠ هەزار تەن تەواو دەبێت**
- **٢١٥١ کۆمپانیای بیانی لەهەرێمی کوردستان بوونیان هەیە**
- **چوار ناوچەی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان دروست دەکرێت**

* * *

**بۆ بەدواداچوونی کێشەو گرفتەکانی کەرتی بازرگانی و پیشەسازی و وەڵامدانەوەی ئەو پرسانەشی کە لەلایەن سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و وزەو سامانە سروشتییەکان لەپەرلەمانی کوردستان وروژێنرا، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی سنان چەلەبی وەزیری بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد، کە لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بڵاودەکەینەوە.**

* * *

سەرەتا سەبارەت بە بەرنامەو پلانی وەزارەت بۆ پێشخستنی هەردوو کەرتی بازرگانی و پیشەسازی وەزیری بازرگانی و یشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەگوڵانی راگەیاند: (لەکابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتی چڕکردنەوەو یەکخستنەوەی هەردوو وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی پەیڕەوکرا، دوای ئەوەی لەماوەیەکی کورتدا هەردوو وەزارەت یەکیگرتەوە بەرنامەو پلانی وەزارەت لەپێناو بوژانەوەی بازرگانی و پیشەسازی خرایە یەك چوارچێوەی کارەوەو توێژینەوەی زانستی بۆ گشت بڕگەکانی پیشەسازی کراوەو پێشنیاری ئەوەش کراوە کە چەند کارگەی پیشەسازی لە گشت بوارەکانی پێویستە لە شارو شارۆچکەکان دابمەزرێت بۆ جێبەجێکردنی پێداویستی هاووڵاتیان. بۆ کەرتی بازرگانیش وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەوڵی رێکخستنی ئەم کەرتە دەدات بە چەندین شێوازی وەکو هاندان و راکێشانی بیزنسکاران و سەرمایەداران لەناوەو دەرەوەی کوردستان و هەمووارکردنەوەی چەندین رێنمایی سەبارەت بە چالاکی بازرگانی، لەم رووەوە وەزارەتمان ئێستا خەریکی دارشتنی چەندین یاسای گرنگە وەك یاسای وەکالەتی بازرگانی و یاسای کێبرکێ و یاسایی بازاڕی بۆرسە.

### مۆڵەتی دامەزرانی کارگەی نوێ

کەمی ژمارەی کۆمپانیا پیشەسازییەکان و بەرهەمهێنەکان لەکوردستان پرسێکی دیکەی گۆڤاری گوڵان بوو کە رووبەڕووی وەزیری بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستانمان کردەوە، لەوەڵامی ئەم پرسەشدا رایگەیاند: هەرێمی کوردستان لە گشت روویەکەوە پێشکەوتنی هەمە چەشنە بە خۆوە دەبینێت، بەتایبەت کەرتی پیشەسازی کە ئێستا خەریکین بە هەموارکردنی یاسای پەرەپێدانی



پیشەسازی بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ یاسای وەبەرهێنان. داتای وەزارەتیش ئاماژە بە زیادبوونێکی بەرچاوی ژمارەی کۆمپانیا پیشەسازییەکان و پرۆژەی پیشەسازی دەکات، بۆ رێکخستنی ئەمبوارەش وەزارەتمان مۆڵەتی کارگەی نوێ دامەزراندن دەردەکات بەپێی دیراسە و ئاماری لایەنی پەیوەندیدار.

## کۆمپانیا بیانییەکان

سەبارەت بەژمارەی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بەتایبەتی کۆمپانیا بیانییەکان وەزیری بازرگانی و پیشەسازی پێی وابوو ژمارەی کۆمپانیاکان ئەو راستیە دەردەخەن کە تادێت بازرگان و بیزنسکارانی بیانی زیاتر روو لەهەرێمی کوردستان دەکەن ئەمەش هۆکاری زیادبوونی ژمارەی کۆمپانیا بیانیەکانە لەم رووەوە وتی: (کۆمپانیا بیانیەکان ژمارەیان لە بەرزبوونەوەدایە بە تایبەت کۆمپانیا تورکییەکان، بەگشتی ٢١٥١ کۆمپانیای بیانی لەهەرێمی کوردستان بوونیان هەیە، لەناو ئەم ژمارەیەدا رێژەی کۆمپانیا تورکییەکان دەگاتە ٥٠٪ ی کۆی گشتی کۆمپانیا بیانییەکان و ژمارەیان ١٠٦٠ کۆمپانیایە «یەکەم کۆمپانیای بیانی کە تۆمارکراوە لە هەرێمی کوردستان کۆمپانیای تورکی یە کە لە ساڵی ٢٠٠٠ تۆمارکراوە». دواتر کۆمپانیا ئێرانیەکان دێت کە ٢٥٣ کۆمپانیایە بەرێژەی ١١٪ە، هەروەها کۆمپانیا ئەمەریکیەکانیش کە ٨٤ کۆمپانیایەو بەرێژەی ٣,٩٪و کۆمپانیاکانی بەریتانیاش ٩١ کۆمپانیان بەرێژەی ٤٪).

## سیاسەتی پەرەپێدانی پیشەسازی

سەبارەت بەسیاسەتی باج و گومرگی و ئەو پلان و بەرنامانەی کە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بۆ پەرەپێدانی کەرتی پیشەسازی دایناوە وەزیری بازرگانی و پیشەسازی وتی: (سیاسەتی دارایی بەپێی دەستوری عێراق سەر بە حکومەتی بەغدایە و حکومەتی هەرێم پابەندی گشتی رێنماییەکانی گومرگ دایە. پێشخستن و پەرەپێدانی کەرتی پیشەسازی لەهەرێمی کوردستان لەرێزبەندی پێشەوەی بەرنامەو کارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دێت، بۆ ئەم مەبەستەش سەرەرای ئەوەی چەندین بەرنامەو پلان دەست بەجێبەجێکردنی کراوە هاوکات چەندین بەرنامە و پلانی دیکە لە ئارادایە بۆ جێبەجێکردنی. بۆ نموونە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ئێستا خەریکی دارشتنی یاسایەکی تایبەتە بە دامەزراندنی چوار ناوچەی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان لە (هەولێر و سلێمانی و دهۆك و گەرمیان) ئەم چوار ناوچەیە گشت تواناکان چڕ دەکاتەوە بە گواستنەوەی کارگەکان یان دامەزراندنی کارگەی نوێ، لە هەمان کاتدا حکومەتی هەرێم بۆ پاڵپشتی کردنی ئەم بوارە دەستی کردووە بە پێدانی قەرزی پیشەسازی ئەوەش بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی، بەڵام تارادەیەك راستە ئەو پارەیەی کە وەکو قەرز دەدرێت بۆ کارگەکانی پیشەسازی زۆر کەمەو لەگەڵ واقیعی خەرجیەکانی کارگە لەم سەردەمەدا ناگونجێت کە ئامێرو تەکنەلۆژیای پێشکەوتوویان دەوێت و تێچوونی ئەو ئامێرو کەرەستانەش لەبازاڕە جیهانیەکان بەرزە).

## کەلوپەلی ئێکسپایەرو کوالێتی نزم

سەبارەت بەدیاردەی کەلوپەل و کەرەستەی ئێکسپایەرو کوالێتی نزم وەزیری بازرگانی و پیشەسازی وتی: (بۆ نەهێشتنی دیاردەی کاڵای بەسەرچوو کوالێتی نزم وەزارەتمان نوێنەرایەتی هەیە لە چەندین لیژنەی پشکنین و بەبەردەوام کۆگا و بازاڕەکان بەسەر دەکەنەوە ئەوەش بە سەرپەرشتی راستەوخۆی پارێزگاکانە).

## سایلۆو ئاسایشی خۆراکی

وەزیری بازرگانی و پیشەسازی سەبارەت بەکەمی سایلۆو بوونی رۆتین لەم بوارەدا وتی: (لە بەرنامەی وەزارەتدایە کە لە ئایندەدا بۆ ماوەی چوار ساڵی داهاتوو رێژەی هەڵگرتنی سایلۆی بگاتە یەك ملیۆن تۆن ئەوەش بەزامنکردنی ئاسایشی خۆراك لە هەرێم. ئێستا دواترین پرۆژەمان پرۆژەی سایلۆی هەولێرە بەتوانای ٦٠ هەزار تۆن لە رێگای گوێر کە لە ٩٥٪ تەواوبووە و بڕیارە بەم نزیکانە تەواو بێت، هەروەها لە ماوەیەکی کورتدا لە سلێمانی و دهۆك راگەیاندن بۆ سێ پرۆژەی سایلۆ دەکرێت کە گشت هەنگاوەکانی ئامادەکاری تەواو بووە).

## کارگەی رستن و چنینی هەولێر

سەبارەت بەکارگەی رستن و چنینی هەولێر وەزیری بازرگانی و پیشەسازی وتی: (تەنیا گرفتە یاساییەکانی کارگە حکومیەکان بۆ ئێمە ماوەتەوە کە بەهۆی لاوازی نووسینی گرێبەستەکانەوە کە ئەو کات نووسرابوو ئیمزا کرابوو دووچاری بووین).

## پێدانی چیمەنتۆ بەهاووڵاتیان

سەبارەت بەو رەخنەو گلەییانەی لەسەر پێدانی چیمەنتۆ بەهاووڵاتیان لەوەزارەت دەگیرێت وەزیری بازرگانی و پیشەسازی وتی: (ئەو برە چیمەنتۆیە کە لەلایەن کارگەکانەوە بەوەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەدرێت زۆر کەمەو بەهیچ شێوەیەك بەش ناکات، بۆ نموونە بۆ پارێزگای هەولێرکە تەنیا رۆژانە ٣٧٠ تەن چیمەنتۆ دێت کە تەنیا بەشی ٢٠- ٣٠ کەس دەکات ئەمە لەکاتێکدا رۆژانە زیاتر لە ٦٠ داواکاری بۆ چیمەنتۆ پێشکەش دەکرێت).